
گوڵان

ساڵی بیست و نۆیەم (۱۳۲۹)- (۲۲)ی ئابی ۲۰۲۲

خوێندنەوەیەک بۆ کتێبی بارزانی و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستان بەرگی پێنجەم

# لە ساڵی ۱۹۹۲-ەوە دەوڵەتی ئەمریکا حیسابی زۆر وردی بۆ کاریگەریی کاریزمای بارزانی کردووە




"لە کاتی سەردانیکردنم بۆ کوێت هەستم بە شانازییەکی گەورە کرد، چونکە هەر لە ئەمیرەوە هەتا بەرپرسانی خوارەوەی حکومەت پێیان ڕاگەیاندم، سەربازە کوردەکانی ناو سوپای عێراق هاوکاری و یارمەتیی هاووڵاتیانی کوێتیان داوە"

بە جێمز بێکەرم گوت: "بە بۆچوونی من فیدراڵی شێوازێکی سەرکەوتووە بۆ ئەم قۆناغە" مام جەلالیش خێرا گوتی: "پشتگیریی هەموو بۆچوون و قسەکانی بارزانی دەکەم"




# دامەزراندنی بەرەی کوردستانی

٣٠

هەر لە سەرەتای دەستپێکردنی شەڕی عێراق و ئێرانەوە، بە مەبەستی وەشاندنی گورزی گاریگەرتر لە بنکە و مۆڵگەکانی ڕژێم و فرەوانترکردنی ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی پێشمەرگە، هەوڵ درا بۆ ئەوەی وەک پێویست سوود لەشەڕی ئێران و عێراق وەربگیرێت. تا ڕادەیەکیش سەرکەوتوو بووین لەم ئامانجە، بەڵام لەو قۆناغ و بارودۆخەدا یەکڕیزی و تەبایی هەموو حیزب و لایەنە کوردستانییەکان پێویستییەکی مێژوویی بوو کە خۆی لە بەرەیەکی نیشتمانیی فرەواندا دەدیتەوە.

لەلایەکی ترەوە، یەکێک لە بڕیارەکانی کۆنگرەی نۆیەمی پارتیمان هەوڵدان و کارکردن بوو لەپێناو پێکهێنانی بەرەیەکی نیشتمانیی فرەوان کە هەموو حیزب و لایەنە کوردستانییەکان لە خۆ بگرێت. دامەزراندنی بەرەی (جود) هەنگاوێکی گرینگ بوو بەم ئاڕاستەیە و هەوڵەکان بەردەوام بوون لەپێناو دامەزراندنی بەرەیەکی کوردستانی، کە لە ڕاستیدا بەهەنگاوەکانی کاک ئیدریس لە ئاشتبوونەوەی گشتیدا دەستی پێ کرد و ساڵی ١٩٨٨ گەیشتە ئەنجام. بۆ ئەم مەبەستە و لەپێناو ئامادەکردنی پڕۆژە و ڕەشنووسی بەرەی کوردستانی، ڕۆژی ١٨ی تەمووزی ١٩٨٧، بە ئامادەبوونی شاندی یەکێتی و حزبی سۆشیالیستی کوردستان و پارتی گەلی دیموکراتی کوردستان و پاسۆک کۆبوونەوەیەکی فرەوان بەڕێوەچوو، کە پێک هاتبوو لە : (د. فوئاد مەعسووم، ڕەسووڵ مامەند، سامی عەبدولڕەحمان، مولازم کەریم پاسۆک)، لە کۆبوونەوەکەدا بە تێروتەسلی باس لە بەرنامە و پڕۆژە و کار و ئەرکەکانی بەرە کرا و لە کۆتاییدا بڕیار درا لیژنەیەک پێک بهێنرێت بە مەبەستی ئامادەکردنی ڕەشنووسی بەیاننامەی کۆتایی، بۆیە ڕۆژی ٣٠ی تەمووزی ١٩٨٧ بەیاننامەی بەرەی کوردستانی بڵاوکرایەوە.

ڕۆژی ١٢ی نیسانی ١٩٨٨، نەوشیروان مستەفا و ڕەسووڵ مامەند و فەرەیدوون عەبدولقادر و قادر جەباری هاتنە لامان؛ بەتێروتەسەلی باس لە بارودۆخی بەرەی کوردستانی کرا و دواتر لە کۆبوونەوەیەکی تایبەتی و دووقۆڵیدا، نەوشیروان مستەفا دووپاتی کردەوە کە پەیوەندییە دووقۆڵییەکانی پارتی و یەکێتی ئەرکێکی سەرەکی و لە پێشینەیانە و پێیان خۆشە ئەم پەیوەندییانە بەردەوام بن.

# چاپکراوی نوێ




بەرگی دووەمی کتێبی(خۆم و ئەستێرە گەشەکان) لە نووسینی نەجمەدین عەزیز سمایل بە بەرگێکی ناوازەو بە (٦٤٠) لاپەڕەی قەبارە گەورە کەوتە کتێبخانەی کوردییەوە، ئەم کتێبە بریتییە لە بیبلۆگرافیایەك کە ناوو ژیاننامەو چالاکییەکانی (٨٢) نووسەرو شاعیرو چیرۆکنووس و مێژوونووس و ڕۆشنبیرو هونەرمەندو ڕۆژنامەنووسی تێدایە، نووسەر زۆر کارامەو لێزانانە توانیویەتی بە شێوەیەکی ئەدەبی و داڕشتنێکی کوردییانە پەی بەم ئەرکە ببات و شان بداتە بەر ئەرکی قورسی نووسین و ئامادەکردنی ئەم بەرهەمە.

نووسەری ئەم کتێبە زۆر بە وردی ئاماژەی بە ڕۆڵ و چالاکییەکانی ئەم پۆلە ڕۆشنبیرە(بەهەموو پسپۆری و کەسایەتییەکانەوە) کردووە، ئەو لە هەندەرانەوە ئەم ئەرکەی لە ئەستۆ گرتووەو بە سوود وەرگرتن لە خودی کەسایەتییەکان بۆ وەرگرتنی زانیاری و وێنەو ئەرشیفەکان، یانیش پشتبەستن بە کوردیپیدیا و پەیجی خۆیان ئەم بەرهەمەی پێشکەش بە خوێنەران کردووە.

نەجمەدین عەزیز سمایل ساڵانێکە تێکەڵ بە بواری ئەدەب و نووسین و کاری میدیایی بووە، دەکرێ بابەتەکانی نێو ئەم کتێبە ببنە سەرچاوەیەکی زانستی و ئەدەبی بۆ ئەو کەسانەی کە بۆ ئەوەی بە ژیاننامەو بەرهەمەکانی ئەو پۆلە ڕۆشنبیرە ئاشنا بن. نووسەری کتێبەکە پێی ڕاگەیاندووین کە بەرگی سێیەمی(من و ئەستێرە گەشەکان) لە ماوەیەکی نزیکدا دەکەوێتە بەردەستی خوێنەران بە هەمان ناوونیشان کە ژمارەیەکی زۆری دیکەی ڕۆشنبیران لەخۆ دەگرێت.

پێشەکی ئەم کتێبە لەلایەن هیوا سەرهەنگەوە نووسراوەو بەهادین جەلال مستەفا ئەرکی هەڵەچن و عوسمان پیرداودیش کاری دیزاینی ئەم کتێبەی لە ئەستۆ گرتووە و لە چاپخانەی ڕۆژهەڵات لە هەولێر چاپکراوە، لە ڕێوڕەسمێکدا لە هۆڵی شەهید مەهدی خۆشناو(یەکێتیی نووسەرانی کورد – لقی هەولێر) بە ئامادەبووان ناسێنراو دابەشکرا، دەستخۆشی لە نووسەر دەکەین لە چاوەڕوانی بەرگی سێیەمداین.

# چاپکراوی نوێ



لە چوارچێوەی زنجیرە کتێبە چاپکراوەکانی گۆڤاری (گوڵان) بە ژمارە (٢٤) و (٢٥)، هەردوو بەرگی کتێبی (ڕاستییە شاراوەکانی یاداشتەکانم.. شەڕی ناوخۆو ١٣ی حوزەیرانی خوێناویی شاری سلێمانی) لە نووسینی (ساسان محەمەد دەروێش نادر) کەوتە بەر دیدی خوێنەران و کتێبخانەی کوردییەوە.

ئەم کتێبە هەوڵێکی بەرچاوە کە نووسەر پشت بە گێڕانەوەو نووسینەوەی ڕووداوێکی ڕاستەقینە دەبەستێت، ئەو ئەرکەی کە ساسان محەمەد دەروێش ئەنجامی داوە، دەکرێت ببێتە بەڵگەنامەیەکی مێژوویی، چونکە لەگەڵ گێڕانەوەی بەسەرهات و مێژوودا جیاوازیی هەیە، ئەو خاڵە گرنگەی کە ئەم قسەیە دەسەلمێنێت ئەوەیە، کە خودی نووسەر شاهیدی ڕووداوەکانی ١٣ی حوزەیرانی ساڵی ١٩٩٤ بووە، وەك نووسەر و فۆتۆگرافەر بە هاوکاریی هوشیار جاف کە ئەویش ئەرکی فۆتۆگرافەری بینیوە، ئەوان هاتوون سات بە سات هەموو دیمەن و ڕووداوەکانی ئەو کارەساتەیان گەرماوگەرم لە دەزگاکانی ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستان بڵاوکردووەتەوە.

نووسەری ئەم کتێبە ڕۆشنایی خستووەتە سەر یەکێ لە تێکۆشەرو خەباتگێڕانی گەلەکەمان شەهیدی نەمر(عوسمان ئەحمەد قادر منەوەر) کە بە (خاڵە عەفان) ناسراوە، کە بەداخەوە یەکێکە لە شەهیدانی کارەساتی خوێناویی سیانزەی حوزەیرانی ساڵی ١٩٩٤ی شاری سلێمانی کە بۆ جاری دووەم لەو ڕۆژەدا شەهید کرایەوە.

شەهید خاڵە عەفان پێشمەرگەیەکی دلێرو کادیرێکی خاوەن ئەزموون و لێهاتوو بوو، لە ژیانی پێشمەرگایەتیدا لە هەردوو شۆڕشی ئەیلوول و گوڵاندا چەندین پلەو پۆستی سەربازی پێ بەخشرا، ڕاستییەکەی کاتێ خوێنەر چاو بەم کتێبە دانسقەیەی کاکە ساساندا دەخشێنێتەوە، سەرەتا هەڵوەستە لەسەر بەرهەمی دەستی ئەو نووسەرە بە توانایە دەکات، کە بەشێکە لە یاداشت و گێڕانەوەی ڕووداوەکانی پەیوەست بە ژیانی سیاسی و پێشمەرگایەتی و کاری ڕۆژنامەنووسیی خۆی، تەوەرەکەی دیکەش لەبارەی شەڕی ناوخۆو ١٣ی حوزەیرانی خوێناوی و تەقەکردن لە تەرمی شەهید

# چاپکراوی نوێ



خاڵە عەفان و لێکەوتەکانی، نووسەر هەوڵی داوە سەرجەم ڕووداوەکان وەك ئەوەی ڕوویان داوە بە گوێرەی بەڵگەنامەو وێنەو قسەی شایەد حاڵەکان بگێڕێتەوە و تۆماریان بکات.

نووسەر بەرگی یەکەمی ئەم کتێبەی بۆ (١٠) بەش تەرخانکردووە بە چەندین ناوونیشان: (لە گەڕانەوەیەك بۆ مێژوویەکی پڕ لە ڕووداو، لاپەڕەیەکی گەشی مێژووی هاوچەرخی کورد، خاڵە عەفان لەنێو یاد و بیرەوەرییەکانی دوای ڕاپەڕین، یادگارییە بەجێماوەکانی خاڵە عەفان لە دوو کۆتری ئاشتی و ئافرەتێکی پۆڵایین، هەڵبژاردنی پەرلەمانی هەرێمی کوردستان، ڕاستییەکی شاراوە لە نێو یاداشتەکانم خوێندنەوەیەکە بۆ نووسینەوەی ڕووداوەکان، کارەساتی ١٣ی حوزەیرانی خوێناویی شاری سلێمانی، ئەلبوومی وێنەکانی کارەساتی ١٣ی حوزەیرانی خوێناویی شاری سلێمانی، بەشێك لە شایەدحاڵەکانی ڕۆژی ١٣ی حوزەیران، پێشمەرگە دڵسۆزەکانی خاڵە عەفان.

بەرگی دووەمی کتێبەکە ( ١٢) بەش لە خۆدەگرێت بە ناوونیشانەکانی: ڕاستیی ڕووداوەکەی ١٣ی حوزەیران چەواشە ناکرێ، بەشێك لە پێشمەرگە و هاوسەنگەرە نزیکەکانی شەهیدی نەمر خاڵە عەفان، نووسەران و میدیاکارانی پارتی دیموکراتی کوردستان، خولی دووەمی شەڕی ناوخۆ هەڵگیرسایەوە، فیستڤاڵی شەقڵاوە- ١٩٩٥ لە یادی یەکەم ساڵیادی ١٣ی حوزەیرانی خوێناویدا، خەزانی ئەستێرە پێشانگایەکی فۆتۆگرافی شێوەکاری بەڵگەنامەیی پۆستەری سیاسی، یادکردنەوەی دووەم ساڵیادی شەهیدانی ١٣ی حوزەیرانی خوێناویی شاری سلێمانی، خولی سێیەمی شەڕی ناوخۆ، یادکردنەوەی سێیەم ساڵیادی شەهیدانی ١٣ی حوزەیرانی خوێناویی شاری سلێمانی، پاشکۆیەك بۆ یادەوەرییەکانی ١٣ی حوزەیرانی خوێناویی شاری سلێمانی، دەروازەیەك بۆ چوونە ناو یاداشتی بەشێك لە ژیانم.

دەستخۆشی لە هاوکارمان (ساسان محەمەد دەروێش نادر) دەکەین کە ئەرکی ئامادەکردن و نووسینی ئەم کتێبەی کێشاوە.. بە هیوای سەرکەتن و بەرهەمی زیاتر.




سەروەر کەمال هاواری :



**لەم کابینەیەدا چاودێرییەکی باشی بازاڕمان کرد و کەرتی بازرگانیمان خستە خزمەتی هاووڵاتیانەوە**

ئەتول کۆهلی :



**هیندستان نموونەی پێکەوەهەڵکردنی دیموکراسی و گەشەکردنی گشتگیرە**

پ.ی.د. نەزاکەت حوسێن



**پرسی ژن لە کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا**

دەریا قادر



**ڕۆژنامەگەری پیشەیی لە زەمەنی سۆشیال میدیادا**

جووست هیلتەرمان :



**پێویستە بنیاتنانەوەی دامەزراوەکان بکرێتە پرسی بنەڕەتی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست**


■ خاوەن ئیمتیاز
شەوکەت شێخ یەزدین
Concessioner
Shewket Sh. Yezdeen

■ سەرنووسەر
فەرهاد محەمەد
Editor-in-Chief:
Farhad M.hassn
frhd_mhmd@yahoo.co.uk
Mob: 07504030900

■ سکرتێری نووسین
د.هێمن غەنی

■ سیاسەت و ناوخۆ:
ساڵح عومەر
شەماڵ نوری
د. شێیان فەرهاد
بەهادین جەلال

■ گشتی:
د.عادل حوسێن
تارا عومەر
خەلیل بلەیی
سەنگەر شنۆیی
مەهدی حاجی ساڵح
کارزان کانەبی
ڕێبین ڕەمزی

■ بەڕێوەبەری کارگێڕی و دارایی:
سلێمان یاسین

■ بەڕێوەبەری هونەری:
شاخەوان جەعفەر

■ بەرگ:
لوقمان ڕەشیدی

■ وێنەگر:
کەمال ئاکرەیی

بۆ ریکلام کردن پەیوەندی بکە بە:
Mob: 0750 2206537
salih_omer2003@yahoo.com

چاپخانەی ڕۆکسانا - هەولێر

ناونیشان: هەولێر -ڕووناکی / شەقامی ٤٠ مەتری

Web: www.gulanmedia.com

دکتۆر حوسامەدین عەلی :

## بە ئەنجامدانی ریفراندۆم سەرۆک بارزانی بە جیهانی راگەیاند کورد ژێردەستەیی قبوڵ ناکات





## شاشە زیرەکەکان و بە دوو زمان فێرکردن بە هۆکاری دواکەوتنی قسەکردنی منداڵان دادەندرێت



## بایەخی تەندروستیی تەماتە لە هاویندا

## درۆنێک بۆ راوەماسی



هیمداد جەلال :

## ئەگەر پاڵپشتی بکرێن یاریزانە کوردەکانی خۆمان وەکو شێر بەهێزن



چاوان خەلیل :

## هونەری جاران رۆحییەتی کارکردنی زیاتر بوو





# بە ئەنجامدانی ڕیفراندۆم سەرۆک بارزانی بە جیهانی ڕاگەیاند کورد ژێردەستەیی قبوڵ ناکات



**دکتۆر حوسامەدین عەلی**
کۆلێژی زانستە سیاسییەکان / زانکۆی سەڵاحەدین

بۆ گوڵانی نووسیوە

**لە ڕۆژێکی مێژوویدا گەلی کورد بە جیاوازیی ئایین و ئایدیۆلۆژیا و نەتەوە و بیروبۆچوونەکانیانەوە پێکەوە هەمووان بەشدارییان لە پرۆسەی ڕیفراندۆم کرد و بە «بەڵێ بۆ سەربەخۆیی» وەڵامی زیاتر لە ١٥٠ ساڵ لە زەوتکردن و پەراوێزخستنی مافی کورد درایەوە**

ڕیفراندۆم پرسێکی نەتەوەیی و نیشتمانیی گەورە و گرنگ بوو بۆ گەلی کورد و کوردستانییان، وەرچەرخانێکی مێژوویی و سەرهەڵدانێکی گرنگی بیری نەتەوەیی و بووژانەوەی هزری نەتەوەیی بوو، دوای ماوەیەکی زۆر لە سەرقاڵبوون بە کێشمەکێشی حزبی و شەڕی داعش و ململانێ لەگەڵ حکومەتی عێراقی مەرکەزی و، سەپاندنی گەمارۆ و بڕینی قووتی خەڵك و جێبەجێ نەکردنی هەموو ئەو مادده و بڕگە دەستوورییانەی کە تایبەتە بەگەلی کورد و مافە دەستووری و یاساییەکانی دەپارێزێت. لە ڕۆژێکی مێژوویدا گەلی کورد بە جیاوازیی ئایین و ئایدیۆلۆژیا و نەتەوە و بیروبۆچوونەکانیانەوە پێکەوە هەمووان بەشدارییان لە پرۆسەی ڕیفراندۆم کرد و بە «بەڵێ بۆ سەربەخۆیی» وەڵامی زیاتر لە ١٥٠ ساڵ لە زەوتکردن و پەراوێزخستنی مافی کورد درایەوە، ئەمە لە کاتێکدا لەم سەردەمەدا بەهۆی جیهانگیری و گۆڕانکارییە خێرا و گەورەکانی تەکنەلۆژیا و ئابووری و دەرکەوتنی بەرژەوەندییەکان، بیر و هزری نەتەوەیی ڕووی لە پاشەکشە کردووە و چەمکی نەتەوەیی لای زۆر لە گەلانی ناوچەکە و جیهان ڕووی لە کزی کردووە، میللەتی کورد میللەتێکی هوشیارە و باش ئەو ڕاستییە دەزانێت کە لەم ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستە ئاڵۆز و عێراقە پڕ لە پشێوی و نائارامییەدا هەرگیز بە بێ چوارچێوەیەکی یاسایی و دەستووری، ناتوانێت ڕێگە لە شاڵاوی ئەنفال و تەعریب و تەرحیل و کۆمەڵکوژی بگرێت، کۆمەڵکوژیی کوردانی ئێزدی کارەساتێکی زۆر دوور نییە و دووبارەبوونەوەی ئازار و مەینەتییەکانی نەتەوەی کوردە.

ڕیفراندۆم پرسێکی دانەبڕاوە لە مێژووی گەلی کوردستان و هەموو ئەو خەبات و بزووتنەوە ڕزگاریخوازەی بە درێژایی زیاتر لە سەدەیەك ئەنجام دراوە، کە مۆرکێکی پاك و بێگەردی نەتەوەییان پێوەیە، هەموو چەمك و زاراوەکانی پەیوەندیدار بە (داواکاریی مافی



کولتووری و ناسنامەی کورد و ئۆتۆنۆمی و فیدراڵی) یەك مانا کۆیان دەکاتەوە، ئەویش دامەزراندنی چوارچێوەیەکی دەستووری و یاسایی باوەڕپێکراوی نێودەوڵەتییە، کە تێیدا گەلی کورد بە هەموو مافەکانی بگات و دەستکەوتەکانی پارێزراو بێت. مەلا مستەفا بارزانی کاتێك هەموو هێزە نیشتمانی و نەتەوەییەکانی لە ناو پارتێکدا کۆکردەوە و پارتی دیموکراتی کوردستانی دامەزراند، تەنیا بۆ ئەوە بوو وەرچەرخانێك لە مێژوودا لە بواری هزری نەتەوەیی و کوردستانی دروست بکات، تاوەکو هێزە شۆڕشگێڕە نەتەوەییەکان ڕێکخراو بکات و هەمووان پێکەوە بۆ ئامانجە گەورەکەی ئازادی و سەربەخۆیی ئاراستە بکات، کە تێیدا کەرامەتی تاکی کورد و کوردستانی پارێزراو بێت و، چیتر گەورەترین نەتەوە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دوچاری هێرشی سڕینەوەی ناسنامە و مۆرکی نەتەوەیی نەبێتەوە. پێشتر شۆڕش و ڕاپەڕین و بزووتنەوەی جودا جودا هەموو ناوچەیی بوون و بەسەر کۆمەڵێك ئایدیۆلۆژیا و بۆچوونی جیاواز دابەش بووبوون، هەر ئەم ڕێبازە بوو کە وای کرد سەرۆك مسعود بارزانی هەڵگری هەمان بیروباوەڕای کوردایەتی و کوردستانی بێت و، پەروەردەی بارزانی-ی باوك و هزری نەتەوەیی ئەو بێت، بە هەمان شێوە دوای سەرکەوتنی لە شەڕی داعش و پاراستنی کورد و کوردستانییان و ناساندنی گەلی کورد لە باشووری کوردستان بە دونیا، ڕوو لە ئامانجە گەورەکە بکات، سەرۆك مسعود بارزانی توانی وێڕای فشاری زۆری ناوخۆیی و عێراقی و ناوچەیی و تەنانەت نێودەوڵەتیش، بۆ هەموو گەلانی جیهان بیسەلمێنێت کورد چیتر ژێردەستەیی و ماف خوراویی قبووڵی نییە و داوای سەربەخۆیی دەکات، کورد لە ڕیفراندۆمدا ئەو متمانەبەخۆبوونەی بۆ گەڕایەوە کە بەرگری لە ناسنامە نەتەوەییەکەی بکات و چیتر بە پاساوی جۆراوجۆر داواکاریی مافە نەتەوەییەکانی دوانەخات، حکومەتەکانی ناوچەکەش ددان بەو ڕاستییەدا بنێن کە کورد

**ڕیفراندۆم پرسێکی دانەبڕاوە لە مێژووی گەلی کوردستان و هەموو ئەو خەبات و بزووتنەوە ڕزگاریخوازەی بە درێژایی زیاتر لە سەدەیەک ئەنجام دراوە، کە مۆرکێکی پاک و بێگەردی نەتەوەییان پێوەیە**

**مەلا مستەفا بارزانی کاتێک هەموو هێزە نیشتمانی و نەتەوەییەکانی لە ناو پارتێکدا کۆکردەوە و پارتی دیموکراتی کوردستانی دامەزراند، تەنیا بۆ ئەوە بوو وەرچەرخانێک لە مێژوودا لە بواری هزری نەتەوەیی و کوردستانی دروست بکات**

**سەرۆک مسعود بارزانی توانی وێڕای فشاری زۆری ناوخۆیی و عێراقی و ناوچەیی و تەنانەت نێودەوڵەتیش، بۆ هەموو گەلانی جیهان بیسەلمێنێت کورد چیتر ژێردەستەیی و مافی خوراوی قبووڵی نییە و داوای سەربەخۆیی دەکات**

**سەرۆک مسعود بارزانی لە ریفراندۆمدا بە جیاوازیی چەمکە سیاسییەکە، کوردی لە فیدراڵییەوە بەرەو سەربەخۆیی ئاراستە کرد و ئەو شەرمە سیاسییەی شکاند کە بە ڕەچاوکردنی ویست و حەزی نەیارانی کورد و دراوسێ و هێزە سیاسییەکان لە ناو داواکاریی مافێکی بچووکی کورد گیرمان خواردبوو**

نەتەوەیەکە و دەبێت مافە کولتووری و ئابووری و سیاسییەکانی پێشێل نەکرێت و، بە ئابڵوقە و شەڕ و هێرش زیاتر پێداگری لەسەر مافەکانی دەکات و هزری نەتەوەیی تێدا گەشاوەتر دەبێت. بارزانی ئەو ڕاستییەی باش دەزانی کە چیتر ئەو عێراقە نەماوە کە لەسەر بنەمای هاوبەشی و تەوازون و پاراستنی مافی پێکهاتە و کەمینەکان دامەزراوە، عێراقێك کە لە دامەزراندنیەوە کورد تێیدا دوچاری ماڵوێرانی و کوشتن و دەربەدەری و برسێتی و پێشێلکاری بووەتەوە، لە هەموو قۆناغ و سەردەمێکی ئەم عێراقە بە زۆر لکێنراوە بە یەکەوە، بە پاساوی جۆراوجۆر کۆمەڵکوژ کراوین.

لە ڕیفراندۆمدا سەرۆك بارزانی لێکچوونێکی لەگەڵ مەلا مستەفا بارزانی هەبوو، لە شۆڕشی ئەیلوول مەلا مستەفا بارزانی هەموو کوردی لە پێناو قەزییەکی پیرۆزی نەتەوەیی بە ئاراستەی شۆڕشی ئەیلوول برد و، جۆرێك لە سەربەخۆیی لە ژێر ناوی ئۆتۆنۆمی بۆ گەلی کوردستان بەدەست هێنا، سەرۆك مسعود بارزانی لە ڕیفراندۆمدا بە جیاوازیی چەمکە سیاسییەکە، کوردی لە فیدراڵییەوە بەرەو سەربەخۆیی ئاراستە کرد و ئەو شەرمە سیاسییەی شکاند کە بە ڕەچاوکردنی ویست و حەزی نەیارانی کورد و دراوسێ و هێزە سیاسییەکان لە ناو داواکاریی مافێکی بچووکی کورد گیرمان خواردبوو.

ڕۆڵی پارتی دیموکراتی کوردستان لە ڕیفراندۆمدا گەورە بوو، ئامادەیی هەموو قوربانیدانێکی تێدا بوو، بە توندی پاڵپشتی مەرجەعی سیاسیی گەلی کوردی دەکرد، لە بەرامبەریشدا بارزانی ئامادە نەبوو سازش لەسەر ئەم داواکارییە نەتەوەییەی گەلەکەی بکات، بەمەش بارزانی و سەرکردایەتیی کورد توانییان پارتی بگەڕێننەوە سەر هەمان ئەو پرەنسیپ و پێوەرەی لەسەری دامەزرابوو، کە هزری نەتەوەیی و خزمەتکردنی خەڵکی کوردستان بوو، کە مەلا مستەفا بارزانی ڕابەرایەتی دەکرد.

کاری من وەکو ئەکادیمی و شارەزایەکی زانستە سیاسییەکان لەسەر ئەوە نییە کە ئایا ڕیفراندۆم کاتی بوو، یان کاتی نەبوو، یانیش کێ لە ڕیفراندۆمدا زیاتر ناووناوبانگی دەرکردووە، کاری من چەسپاندنی حەز و ویست و ئیرادەی نەتەوەیەکە کە بۆ سەربەخۆیی و پاراستنی کیان و کەرامەتی خۆی ژیاوە و دەژی، بۆ هیچ کەس و لایەنێك نییە ئیرادەی پۆڵایینی نەتەوەی کورد و خوێنی شەهیدان و قوربانی و خەباتی یەك سەدەی کورد لەکەدار بکات و، بە فیتی دەرەکی و نەیارانی کورد گومان بخاتە سەر مافی نەتەوەیی کورد بۆ سەربەخۆیی و دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستان، من توێژینەوەم لەسەر هەموو ئەو حکومەت و ڕێکخراو و لایەنە سیاسییانە کردووە کە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا دەیانڕوانییە ڕیفراندۆم، ڕاستە بە بۆچوونی ئەوان (نەیارانی کورد) خاڵی سلبی لە پرۆسەی ڕیفراندۆمەکە و کاتی ئەنجامدانی پرۆسەی ڕیفراندۆمەکەدا هەبوو، بەڵام لە هەمان کاتیشدا ڕیفراندۆم خاڵی زۆر گرنگ و ستراتیژیی باشی تێدا بوو، دژەکان لە دەرەوەی هەرێم بەسەر دوو بەرەدا دابەش ببوون، بەرەیەك ڕەواییان بە ڕیفراندۆم دا، بەڵام دەیانوت کاتی نییە، بەرەیەکی دیکە نەك ڕیفراندۆم، مافی ژیان و کولتووری کوردیشیان بە ناڕەوا دەبینی، ئەوان وایان دەبینی پێویست ناکات کورد دەستکاریی سنوورە دەستکردەکانی دەوڵەتە زلهێزەکان بکات کە لە (سایکس پیکۆ) بە زۆری زۆرداری بەسەر میللەتی کورددا سەپاندبوویان، وایان دەبینی دەبێت کورد ڕازی بێت بەو ڕێککەوتنە نێودەوڵەتییەی کە گەلی کوردی بەسەر چوار پارچەدا دابەش کردووە و مەترسیی سەرهەڵدانی هەمان بۆچوونیان بۆ پارچەکانی دیکەی کوردستانیش هەبوو، بەشێکی دیکەیان پێیان وابوو ڕاستە ڕیفراندۆم مافێکی ڕەوای گەلی کوردە، بەڵام کاتێکی زۆر بەسەر دابەشکردنی خاك و نەتەوەی کورددا ڕۆیشتووە و دەستکاریکردنی سنوورەکان پشێوی و نائارامی لێ دەکەوێتەوە، وەکو ئەوەی سنوورەکان زۆر ئارام بن و کێشەیەك نەبێت لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە ناوی کێشەی کوردەوە، بەمەش دەسەڵاتدارانی ناوچەکە و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و بەشێکی نێودەوڵەتی، خوێندنەوەیەکی بەرژەوەندیخوازانەی خۆیان بۆ ڕیفراندۆم هەبوو، بۆ ئەم مەبەستەش پاڵپشتییەکی گەورەی توندڕەوە دوژمنەکانی کوردیان دەکرد، کە هەر کوردیان بە نەتەوە نەدەزانی، لەمانە هەمووی گرنگتر ئەوە بوو کە ڕیفراندۆم بۆ کورد چی دەگەیەنێت؟ خەونێکی

نەتەوەیی و نیشتمانی زیاتر لەسەد ساڵ خەبات و قوربانی، ڕیفراندۆم بە بیری هەموومانی هێناینەوە کە چۆن لەسەر هزری نەتەوەیی کار بکەین و نەتەوە بونیات بنێینەوە و چیتر ئەوەندە ملکەچی ویست و خواستی بەرژەوەندیخوازیی گەلانی دیکە و حوکمڕانەکانی ناوچەکە و ئایدیۆلۆژیای نامۆ بە نەتەوەی کوردی ئەودیو سنوورەکانەوە نەبین، کورد بە درێژایی مێژوو لە ناو گەلانی دیکەدا کاری کردووە، لە ناو دەوڵەتی سەفەوی و عوسمانی و عەرەبی ئیسلامیدا چەندین زانا و کەسایەتیی ناسراو و بلیمەتی هەبووە، وەکو کەسایەتی و وەکو نەتەوە هەموو نەتەوەکانی ناوچەکە قەرزاری کوردن، بەڵام هەرگیز لە بەرامبەردا ددانیان بەوەدا نەناوە کورد گەلێکی زیندووە و مافی نەتەوەیی و نیشتمانیی خۆی هەیە، ڕەنگە بەشێك لەمە بۆ نەبوونی ناسنامەی سیاسیی کورد بگەڕێتەوە، کە لە ڕیفراندۆمدا بارزانی و گەلی کورد ویستیان بیگەڕێننەوە و چوارچێوەیەکی یاسایی و دەستووری و نێودەوڵەتیی پێ بدەن.

عێراقی بە زۆرەملێ بەیەکەوە لکێنراو هەرچەندە تا ڕاددەیەك بەراورد بە دەوڵەتانی دیکەی عەرەبی مەدەنیتر و دامەزراوترە، بەڵام هەرگیز وەکو هاوبەش و پێکهاتەیەکی سەرەکی سەیری کوردی نەکردووە، هەر کاتێك شەڕی نەبووە، پەلاماری کورد و دیهاتەکانی داوە، لە کاتێکدا نەك تەنیا بۆ بونیاتنانی عێراقی نوێ، بەڵکو لە عێراقی کۆنیشدا لەساڵی ١٩٢١ کە دەوڵەتەکە دروست بوو، گەلی کورد بەشدارییەکی کارای هەبووە، لە ئێستادا ئەزموون و مێژوو پێمان دەڵێت ئەگەر بمانەوێت کۆمەڵکوژی و هێرشی ناوەند دووبارە و دەبارە نەبێتەوە، ئەوا زۆر پێویستە ڕیفراندۆم زیندوو بکرێتەوە، مەرج نییە تەنیا بە شێوازی دەوڵەت، بەڵکو دەکرێت بە شێوازی جۆراوجۆری دیکەی وەکو کۆنفیدراڵییەت بێت، لەمەشدا گەلی کورد پێویستی بە سەرۆك مسعود بارزانی هەیە، کە پەروەردەی مەلا مستەفا بارزانیی باوکە و لە شۆڕشی ئەیلوول و گوڵاندا سەرقافڵەی خەبات و هەڵگری بیری نەتەوەیی بووە، لەم ڕوانگەیەشەوە لای ئەیلوولییەکان دەنگدان لە ڕیفراندۆمدا شتێکی ئاسایی و سروشتی بوو، چونکە ئەوان پەروەردەی قوتابخانەیەکی بیری نەتەوەیین و خەباتیان بۆ گەلی کورد و سەربەخۆیی کردووە، هەموو نەتەوە و بزووتنەوەیەکی ڕزگاریخوازی کە دروست دەبێت، لەسەر ئەو پرەنسیپ و بیروباوەڕەی لەو نەتەوە هەیە لە ڕووی عەقڵانی و مەنتیقیەوە دروست دەبێت، هەموو بزووتنەوەیەکی ڕزگاریخواز دەبێت نەتەوەیی بێت، دواتر هەموو حزب و ڕێکخراوێکی سیاسی کار لەسەر ئەو ناسنامە نەتەوەییە دەکات، گرفتەکەی ڕیفراندۆم تەنیا لەوەدا بوو کە لە دوای ڕیفراندۆمەکە و لەناو جەرگەی هێرش و ئابڵوقەدان و سزادانی گەلی کورددا نەمانتوانی بەرەیەکی تۆکمەی کوردستانی لە هێزی پێشمەرگە دروست بکەین، تاوەکو بەرگری لەم دەستکەوتەی گەلی کورد و کوردستان بکەین، لە کاتێکدا بۆ بەدەستهێنانی ئامانجە گەورەکە، دەبوایە پێش گەیشتن بە بەربەستە ناوخۆیی و دەرەکییەکان، خۆمان ئامادە بکردایە، چونکە دژایەتیی ڕیفراندۆم لە ناوخۆی کوردستاندا و مامەڵەکردنی بەراورد بە نەیار و دوژمنانی ناوچەکە و جیهان زۆر مەترسیدارتر و قورسترە.

پرسیارە گرنگەکە لەسەر ڕیفراندۆم لێرەدا ئەوەیە، ئەگەر سەرۆکی کورد مسعود بارزانی جارێکی دیکە ویستی پرسی ڕیفراندۆم و ئیرادەی گەلی کوردستان زیندوو بکاتەوە، چی ڕوو دەدات؟ کورد لە ڕیفراندۆمدا بە (بەڵێ) گوزارشتی لە ڕا و بۆچوونی خۆی بۆ سەربەخۆیی و دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستانی کرد و، ئەو تەفویز و دەسەڵاتەی بە مسعود بارزانی داوە و بەشێك لە دەسەڵاتەکانی خۆی بۆ جێبەجێکردنی خواست و داواکارییەکەی بە سەرۆك بارزانی داوە، ڕەنگە ئەمڕۆ دۆخەکە لە بار نەبێت بۆ پێدانی دەسەڵاتی ڕاگەیاندنی دەوڵەتی کوردستان لە لایەن مسعود بارزانی-یەوە، بەڵام لە دەرفەتێکی مێژوویی و گۆڕانکارییەکی ناوخۆیی و نێودەوڵەتیدا ڕیفراندۆم شێوازێکی دیکە وەردەگرێت، مەرج نییە سەربەخۆیی بێت، لەوانەیە لە ئێستادا کۆنفیدراڵی بێت، کە لە فەلسەفەی سیاسیدا قۆناغێکی پێشکەوتووترە لە مافی کولتووری و حوکمی زاتی و فیدراڵی، خۆ لە کۆتاجاردا هەموو ئەم چەمکە سیاسییانە کە تەرجومە دەکرێت، بریتییە لە جۆرێك لە سەربەخۆیی زاتی بە چەند شێوازێکی جیاوازەوە.

**ڕیفراندۆم بە بیری هەموومانی هێناینەوە کە چۆن لەسەر هزری نەتەوەیی کار بکەین و نەتەوە بونیات بنێینەوە و چیتر ئەوەندە ملکەچی ویست و خواستی بەرژەوەندیخوازیی گەلانی دیکە و حوکمڕانەکانی ناوچەکە و ئایدیۆلۆژیای نامۆ بە نەتەوەی کوردی ئەودیو سنوورەکانەوە نەبین**

**گرفتەکەی ڕیفراندۆم تەنیا لەوەدا بوو کە لە دوای ڕیفراندۆمەکە و لەناو جەرگەی هێرش و ئابڵوقەدان و سزادانی گەلی کورددا نەمانتوانی بەرەیەکی تۆکمەی کوردستانی لە هێزی پێشمەرگە دروست بکەین، تاوەکو بەرگری لەم دەستکەوتەی گەلی کورد و کوردستان بکەین**

**دەبوایە پێش گەیشتن بە بەربەستە ناوخۆیی و دەرەکییەکان، خۆمان ئامادە بکردایە، چونکە دژایەتیی ڕیفراندۆم لە ناوخۆی کوردستاندا و مامەڵەکردنی بەراورد بە نەیار و دوژمنانی ناوچەکە و جیهان زۆر مەترسیدارتر و قورسترە**


مەسعود بارزانی
بارزانی
و
بزووتنەوەی
ڕزگاریخوازی کورد
بەرگی پێنجەم
ڕاپەڕین،
دەرفەت و ئاستەنگەکان
١٩٩١ - ٢٠٠٢
چاپی یەکەم
حوزەیرانی ٢٠٢٢

# ڕاپەڕین
# دەرفەت و ئاستەنگەکان

## لە قۆناخی دوای ئەنفالەوە تا پەسەندکردنی بڕیاری فیدراڵی

## ١٩٨٨ تا ٤ی ئۆکۆتبەری ١٩٩٢

بەشی یەکەم



سەرۆک مسعود بارزانی هەر لە سەرەتای هەشتاکانی سەدەی ڕابردووە زۆر بە وردی و چڕی بایەخی بەو گۆڕانکارییانە داوە کە لەسەر ئاستی سیاسەتی نێودەوڵەتی ڕوویان داوە و لەسەر ئاستی کوردستانیش شەڕێکی خوێناوی لە نێوان عێراق و ئێراندا هەبووە، هەر بۆیە هەر لە سەرەتای هەشتاکانەوە بیری لەوە کردووەتەوە کە دەبێت هەموو لایەنە سیاسییەکانی کوردستان لە چوارچێوەی بەرەیەکدا یەک بگرنەوە

سەربازە کوردەکان زۆر هاریکاری هاووڵاتییە کوێتییەکانیان کردبوو، چەندی لە دەستیان هاتبێت، هەوڵیاندابوو کە کوێتییەکان لە ڕەفتارە دڕندانەکانی عەلی کیمیاوی بپارێزن، گەلێ کوێتیش هەستیان کردبوو سەربازە کوردەکان هاوکارییان دەکەن، بۆیە ئەمەیان لە ناوخۆیاندا باس کرد و تەنانەت گەیشتبووەوە میری کوێت

## قۆناخێکی تاریک و ئاڵۆز

بەرگی پێنجەمی کتێبی «بارزانی و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستان بە ناونیشانی — ڕاپەڕین، دەرفەت و ئاستەنگەکان»، هەفتەی ڕابردوو کەوتە بەر دەستی خوێنەران و لە دەستپێکی ئەم کتێبەدا سەرۆک مسعود بارزانی ساڵانی ١٩٨٨-١٩٩٠ی بە «قۆناخێکی تاریک و ئاڵۆز» پێناسە کردووە و نووسیویەتی: «بۆ بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد، کارەسات و ناڵەباریی ساڵی ١٩٨٨، هیچی کەمتر نەبوو لە بارودۆخی ساڵی ١٩٧٥، بەڵام بوونی بەرەی کوردستانی و هاوکاری و تەبایی و یەکڕیزیی لایەنەکان خاڵێکی یارمەتیدەر و پۆزەتیف بوو. هەموو لایەنەکان پێکەوە شانیان دایە بەر بەرپرسیارێتی، نەک ئەوەی بکەونە تاوانبارکردنی یەکتری، ئەمەش لە ڕاستیدا خۆی سەرکەوتن و دەستکەوت بوو».

سەرۆک بارزانی لەم کتێبەدا «قۆناخی تاریک و ئاڵۆزی" بە دوو ساڵی کۆتایی هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو (١٩٨٨-١٩٩٠) پێناسە کردووە و، سەرەتای ساڵی ١٩٩٠ بە وەرچەرخان و گۆڕانکاریی گەورە لە جیهان و کرانەوەی دەرگایەکی فراوانی بە ڕووی بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستان داناوە، ئەم تێڕوانینەشی لەسەر بنەمای کۆمەڵێک بنەمای سیاسی و زانستی بنیاد ناوە، کە هەر لە ناوەڕاستی هەشتاکانەوە جێگەی بایەخی بوون و لەسەر بنەمای ئەو گۆڕانکارییانە پلان و ستراتیژیەتی بۆ بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستان داڕشتووە. سەرۆک بارزانی بەمجۆرە ئاماژەی بە سەرهەڵدانی سیستەمی نوێی جیهان داوە کە جۆرج بوشی سەرۆکی ئەمریکا لە دوای ڕووخانی دیواری بەرلین ڕایگەیاندووە و بەمجۆرە نووسیویەتی:

١. نزیکەی ١٠ ساڵ بەر لە ڕووخانی دیواری بەرلین و داگیرکردنی کوێت لە لایەن عێراقەوە، «ڕالف داندۆف» زانا و کۆمەڵناسی ئەڵمانی - بەریتانی، بە داکۆکیکردن و پێداگری لەسەر ڕەهەندە ئابوورییەکان و مافەکانی مرۆڤ، بابەت و ڕوانگەکانی سەبارەت بە سیستەمی نوێی جیهان خستە ڕوو.

٢. بوشی باوک لە ساڵی ١٩٨٩ دوای دیداری لەگەڵ «گۆرباچۆف»، دوایین سەرۆک کۆماری سۆڤیەت لە ماڵتا، پێگەی نوێی ئەمریکای لە گۆڕەپانی نێودەوڵەتیدا ڕاگەیاند و بە سیستەمی نوێی جیهان لە قەڵەمی دا.

٣. ڕۆژی ١١ی نیسانی ١٩٩٠ گۆرباچۆف لە میوانداری لەگەڵ ژمارەیەک میدیاکار و دەزگاکانی ڕاگەیاندن لە مۆسکۆ، بابەتی سیستەمی نوێی جیهانی ورووژاند.

ئەگەر سەرنج لەم سێ خاڵەدا بدەین، ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە سەرۆک مسعود بارزانی هەر لە سەرەتای هەشتاکانی سەدەی ڕابردووە زۆر بە وردی و چڕی بایەخی بەو گۆڕانکارییانە داوە کە لەسەر ئاستی سیاسەتی نێودەوڵەتی ڕوویان داوە و لەسەر ئاستی کوردستانیش شەڕێکی خوێناوی لە نێوان عێراق و ئێراندا هەبووە، هەر بۆیە هەر لە سەرەتای هەشتاکانەوە بیری لەوە کردووەتەوە کە دەبێت هەموو لایەنە سیاسییەکانی کوردستان لە چوارچێوەی بەرەیەکدا یەک بگرنەوە و، ئەوە بوو لە ساڵی ١٩٨٠ بەرەی جود «بەرەی نیشتمانی دیموکراتی» دامەزرا کە چوار پارتی سیاسی لە خۆی گرتبوو، ئەمەش ئەوەمان پێ دەڵێت کە سەرۆک بارزانی هەر لە سەرەتای هەشتاکانەوە و دوای هەڵگیرسانی شەڕی «عێراق — ئێران» هەستی بەوە کردووە کە کوردستان لەناو ئەم شەڕ و گۆڕانکارییانەدا پریشکی گەورەی بەردەکەوێت، بەتایبەتی لە دوای دوو ساڵی یەکەمی شەڕەکەدا، هێزەکانی سەدام حوسێن توانییان بەشێکی خاکی ئێران داگیر بکەن، بەمەش سەدام حوسێن گەیشتبووە حاڵەتێکی غرووری ئەوتۆ کە بە عەرەبی پێی دەڵێن «جنون العظمة» و پەنا بۆ هەموو کارێکی وەحشیگەری دەبات و هەنگاوی یەکەمی ئەم وەحشیگەرییەشی بە ئەنفالی بارزانییەکان دەستی پێ کرد.

لەو دوو ساڵەی کۆتایی هەشتاکان کە بە «قۆناخێکی تاریک و ئاڵۆز»ی داناوە، ڕووداوە سەخت و ناخۆشەکان گەیشتوونەتە لوتکە و لە دوای جێبەجێکردنی پرۆسەی «١٠ ئەنفالە بەدناوەکە» کە سەرانسەری کوردستانی گرتەوە، ڕژێمی سەدام بە سەرمەستیی بردنەوەی شەڕەکەی لە گەڵ ئێران و بە هەموو ئەو

تۆپ و جبەخانە و ڕۆکێتەی لەبەر دەستی بوو، بڕیاری دا کە تەواوی ناوچە ئازادکراوەکانی هێزی پێشمەرگەی کوردستان داگیر بکات، بۆ ئەمەش لە ڕۆژی ٢٦ی تەموزی ١٩٨٨ لە چەند قۆڵێکەوە هێرشی کردە سەر دەڤەری خواکورك و بۆ ماوەی ٤٦ ڕۆژ ئەم هێرشانە بەردەوام بوون و هێزێ پێشمەرگەی کوردستان لەو «قۆناخە تاریك و ئاڵۆزەدا» داستانی سەروەریی خواکورکی تۆمار کرد و، دوای ئەم سەرکەوتنە مەزنە، سەرۆك مسعود بارزانی لەسەر لوتکەی چیای خواکورکەوە پەیامی سەرکەوتنەکەی ڕاگەیاند و بە هێزی پێشمەرگە و تەواوی گەلی کوردستانی ڕاگەیاند، بارودۆخەکە بەرەو گۆڕانکاریی گەورە دەچێت.

ئەم پێشبینییانەی بۆ گۆڕانکاریی گەورە، وای کرد لە سەرەتای ساڵی ١٩٨٩وە سەرۆك بارزانی لەگەڵ سەرکردایەتیی پارتی دیموکراتی کوردستان زەمینە بۆ گرێدانی کۆنگرەی ١٠ی پارتی دیموکراتی کوردستان ساز بکەن و، لە ماوەی خۆسازادانی پارتی بۆ کۆنگرەی ١٠ واتە سەرەتای ١٩٨٩ تا ١٢ی ١٢ی ١٩٨٩، گۆڕانکارییە گەورەکە لە جیهان ڕووی دابوو، کە ئەویش ڕووخانی دیواری بەرلین بوو لە (٩ی ١١ی ١٩٨٩)، ئەگەر سەرنجێکی ورد بدەین لەسەر خۆئامادەکردنی پارتی دیموکراتی کوردستان بۆ کۆنگرەی ١٠ و مەزندەکانی سەرۆك بارزانی بۆ ڕوودانی گۆڕانکاریی گەورە لە جیهاندا، ئەوا دەبینین لەناو ئەو خۆئامادەکردنەدا ڕووداوە گەورەکە کە «ڕووخانی دیواری بەرلین»ـە نەك هەر سیستەم، بەڵکو جیهانی تازەی دروست کردووە و، کۆنگرەی دەیەمی پارتییش لەناو ئەو گۆڕانکارییە گەورەیە بەڕێوەدەچێت، هەر ئەمەشە کە وای کردووە سەرۆك مسعود بارزانی سەرەتای نەوەدەکانی سەدەی ڕابردوو وەك سەرەتای ئومێد بۆمان پێناسە بکاتەوە.

لە سەرەتای ساڵی ١٩٩٠ و دوای ڕووخانی دیواری بەرلین، سەرەتاکانی کۆتایی یەکێتیی سۆڤیەت دەرکەوتبوو و لەناو سەرکردایەتیی حزبی شیوعی و حکومەتی سۆڤیەتدا ناسەقامگیری و پاشاگەردانی سەریهەڵدابوو، لەسەر ئاستی دەوڵەتانی عەرەبی، بەتایبەتی دەوڵەتانی کەنداو (سعودیە و ئوردن و یەمەن و میسر)، کە لە شەڕی هەشت ساڵەی عێراقدا پشتگیریی سەدام حوسێن-یان کردبوو، ناکۆکی و ئاڵۆزی دروست ببوو. سەدام حوسێن بە ئاشکرا ڕایدەگەیاند کە ڕۆکێتی دوانی «بایۆلۆژی و کیمایی» دروست کردووە و ئامادەیە کەی بیەوێت نیوەی ئیسرائیل دەسووتێنێت، هەر بۆیە لە مانگەکانی سەرەتای ١٩٩٠ـەوە ئەو سەرە داوانە دەرکەوتبوون کە گۆڕانکارییەکی گەورە لەسەر ئاستی جیهان و ناوچەکە ڕوو دەدات و، کێشەکانی نێوان ئەو وڵاتانە «بەتایبەتی عێراق و کوێت» گەیشتبوونە ئەو ئاستەی کە پێشنیاری جۆراوجۆر باس دەکران، بەڵام ئەمریکا خۆی لەم کێشانە بە دوور خستبووەوە و تەنانەت وەك سەرۆك بارزانی ئاماژەی پێ کردووە «لە ٢٥ی تەموزی ١٩٩٠ چەند ڕۆژێك بەر لە هەڵگیرسانی شەڕی کوێت، سەددام پێشوازی لە خاتوو گلاسپی باڵیۆزی ئەمریکا لە عێراق کرد، بابەتی گفتوگۆکانی نێوان هەردوولا و بە تایبەتی قسەکانی گلاسپی لە کۆبوونەوەکەدا بە لای زۆربەی شارەزا و چاودێرانەوە بە مانای هەڵکردنی گڵۆپی سەوز بوو بۆ سەدام».

## ● داگیرکردنی کوێت وەرچەرخانێکی گەورە و گۆڕینی هاوکێشەکان

دوای ڕووخانی دیواری بەرلین لە (١٩٨٩/١١/٩) و داگیرکردنی کوێت لەلایەن عێراقەوە لە (١٩٩٠/٨/٢) بە گەورەترین ڕووداو لەسەر ئاستی جیهان دادەنرێت، «جیمز بیکر» کە ئەو کات وەزیری دەرەوەی ئەمریکا بوو، لە کتێبی «سیاسەتی دیپلۆماتی» نووسیویەتی: «کاتێك دینس ڕۆس تەلەفۆنی بۆ کردم لەگەڵ یاریدەدەری وەزیری دەرەوەی سۆڤیەت گەیشتووینەتە ئەو ڕێککەوتنەی کە سۆڤیەتیش دەبێتە بەشێك لە هاوپەیمانیی نیودەوڵەتی بۆ دەرکردنی هێزەکانی عێراق لە کوێت، شەڕی سارد کۆتایی هات»، ئەم قسانەی بیکەر پێمان دەڵێت، داگیرکردنی کوێت لەلایەن عێراقەوە زۆر لە ڕووخاندنی دیواری بەرلین لەسەر ئاستی جیهان و وەرچەرخانەکانی جیهان گەورەتر بووە. سەرۆك بارزانی لەم کتێبەدا، داگیرکردنی کوێت لەلایەن عێراقەوە بە ڕۆژێکی تایبەت لە مێژووی عێراق و وەرچەرخانێکی گەورەی

**سەرۆک بارزانی لەسەر پرسی داگیرکردنی کوێت و مامەڵەی سەربازە کوردەکات نووسیویەتی: «لە کاتی سەردانیکردنم بۆ کوێت هەستم بە شانازییەکی گەورە کرد، چونکە هەر لە ئەمیرەوە هەتا بەرپرسانی خوارەوەی حکومەت پێیان ڕاگەیاندم، سەربازە کوردەکانی ناو سوپای عێراق هاوکاری و یارمەتیی هاووڵاتیانی کوێتیان داوە»**

**شەڕی هاوپەیمانان بۆ ئازادکردنەوەی کوێت ٤١ ڕۆژی خایاند کە تەنیا سێ ڕۆژیان هێرشی زەمینی بوو کە عێراق تێدا تەسلیم بوو. عێراق لەم شەڕەدا نزیکەی ١٠٠ هەزار سەربازی کوژران و ٣٠ هەزار سەربازیشی بەدیل گیران کە بەشی هەرە زۆری عەرەبی عێراقی بوون و هەر لەم شەڕەدا ٢٤٠ فڕۆکەی و چوار هەزار تانک و زرێپۆش تێکشکێندران**

**سەرۆک بارزانی جەخت لەسەر ئەوەش دەکاتەوە کە «لە ڕاپەڕینەکانی شارەکانی باشووری عێراقدا خەڵکێکی زۆری سوپای عێراق کوژرابوون و تەنانەت سووتێنرا بوون، بەڵام سوپاس بۆ خوا لەگەڵ ئەوەی دوو فەیلەقی سەرباز کەوتنە دەست خەڵکی کوردستان، بەڵام ئەو شتانە هیچی ڕووی نەدا.»**

**بەرەی کوردستانی پلانێکی گەورەی بۆ ئازادکردنی شاری کەرکووک دانا و سەرۆک بارزانی خۆی چووە پردێ و لەوێوە نەخشەی ئازادکردنەی دارشت، بۆ ئەوەی لە هەردوو قۆڵی هەولێر و سلێمانییەوە پێکەوە هێرش بکرێت و ئازاد بکرێت، بەمەش بۆ یەکەمین جار لە مێژووی هاوچەرخی کوردستاندا کەرکووک لەسەر دەستی خەڵک و هێزی پێشمەرگە ئازاد کرا و گەڕایەوە سەر کوردستان، ڕاستە ئازادکردنی کەرکووک ماوەیەکی کورت بوو، بەڵام مێێژووییەکە کە هەرگیز لە یاد ناکرێت**

ئەوتۆ دادەنێت، کە هەموو هاوکێشەکانی گۆڕی، لە هەمانکاتیشدا ستایشی وەفای گەلی کوێت دەکات کە بەوەفا بوون بۆ وڵات و میرەکەیان و لەو تەنگانەیدا پشتی وڵاتی خۆیان بەرنەدا و، تەنانەت سەدام حوسێن زۆر بە زەحمەت کەسێکی بە ناوی «عەلا حوسێن» دۆزییەوە تا وەك سەرۆکی کاتیی حکومەتی کوێت ڕابگەیەنێت، بەڵام لەبەر ئەوەی ئەمە کارتۆنی بوو، دواتر عەلی حوسێن مەجید بووە حاکمی ڕەهای کوێت و هەموو کارێکی دزی و تاڵانیان بەرامبەر حکومەت و سەروەت و سامانی هاووڵاتیانی کوێت ئەنجام دا.

بێگومان لەناو ئەو هێزە گەورەیەی سوپای عێراق کە پەلاماری کوێتی دا، ژمارەیەك سەربازی کوردیشی تێدا بووە و، لە ڕەفتارەکانی عەلی حوسێن مەجید بەرامبەر بە کوێتییەکان، هەمان ئەو ڕەفتارانەی عەلی حوسێن مەجید ناسراو بە «عەلی کیماوی»یان هاتووەتەوە بەر چاو کە لە قۆناغی ئەنفالەکان و کیمابارانکردنی کوردستاندا دەرهەق بە خەڵکی کوردستان ئەنجامی داون، بەڵام سەربازە کوردەکان زۆر هاریکاریی هاووڵاتییە کوێتییەکانیان کردبوو، چەندی لە دەستیان هاتبێت، هەوڵیاندابوو کە کوێتییەکان لە ڕەفتارە دڕندانەکانی عەلی کیماوی بپارێزن، گەلی کوێتیش هەستیان کردبوو سەربازە کوردەکان هاوکارییان دەکەن، بۆیە ئەمەیان لە ناوخۆیاندا باس کرد و تەنانەت گەیشتبووەوە میری کوێت. سەرۆك بارزانی لەسەر ئەم پرسە ئاماژەی بەوە کردووە «لە کاتی سەردانیکردنم بۆ کوێت هەستم بە شانازییەکی گەورە کرد، چونکە هەر لە ئەمیرەوە هەتا بەرپرسانی خوارەوەی حکومەت پێیان ڕاگەیاندم، سەربازە کوردەکانی ناو سوپای عێراق هاوکاری و یارمەتیی هاووڵاتیانی کوێتیان داوە».

ئاماژەکردنمان بۆ دڕندەیی کەسێکی وەك عەلی کیماوی بۆ ئەوە بوو بڵێین: ئەم دڕندەیە تەنیا بەرامبەر بە گەلی کوردستان دڕندە نەبووە، بەڵکو بەرامبەر هاووڵاتیانی هاوزمانی خۆی لە کوێت و لە شارەکانی باشووری عێراقیش دوای ڕاپەڕینەکانی بەهاری ١٩٩١ لەو شارانە هەر دڕندە بووە.

بێگومان ئەوانەی لەگەڵ سەدام بڕیاری داگیرکردنی کوێتیان دەرکردووە، ئەو کەسانە بوون کە زۆر لە سەدام نزیك بوون و پێدەچێت عەلی کیماوی یەکێکیان بێت، چونکە وەك سەرۆك بارزانی ئاماژەی پێ کردووە، عەبدولجەبار شەنشەل وەزیری بەرگری و نزار خەزرەجی سەرۆکی ئەرکانی سوپا، ئاگاداری ئەو پلانە بوون و کە چوون بۆ کۆبوونەوەی هێزە سەربازییەکان لە کۆشکی کۆماری، ئەو کات زانیویانە ئەو پرسە بوونی هەیە.

## ● کاردانەوە نێودەوڵەتی و عەرەبییەکان زۆر توند و خێرا بوون

هەر دوابەدوای داگیرکردنی کوێت لەلایەن عێراقەوە، ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی لە ٢ی ئابی ١٩٩٠ کۆبووەوە و بڕیاری «٦٦٠»ی دەرکرد و، داوای کرد کە عێراق دەستبەجێ و بێ مەرج بگەڕێتەوە بۆ ئەو شوێنانەی کە ڕۆژی ١ی ئابی ١٩٩٠ لێی بووە و، لەسەر ئاستی وڵاتانی عەرەبی، هەمان ڕۆژ کۆمکاری عەرەبی کۆبووەوە، لەمەش زیاتر لە ماوەی ٢ی ئاب هەتا ٢٥ی کانوونی یەکەمی ١٩٩٠، ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی هەشت بڕیاری دژی عێراق دەرکرد و سزای توندیان بەسەردا سەپاند، بەڵام دەرچوونی بڕیاری «٦٧٠»ی ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی، بڕیارێکی جیاواز بوو، مۆڵەت بۆ عێراق بەو جۆرە دیاری کرا، ئەگەر عێراق هەتا ١٥ی کانوونی دووەمی ١٩٩١ هێزەکانی نەکشێنێتەوە، ئەوا هێزی هاوپەیمان بە بەکارهێنانی هێز عێراق لە کوێت دەردەکەن.

سەبارەت بە شەڕی ئازادکردنی کوێت، سەرۆك بارزانی باس لەوە دەکات دوای دەرچوونی بڕیاری ٦٧٠ وەك دوامۆڵەت بۆ پاشەکشەی سوپای عێراق، هەوڵە نێودەوڵەتیەکان بۆ ڕێگری لەو شەڕە دەستی پێکرد و تەنانەت کۆبوونەوەیەکی بۆ جیمز بیکەر وەزیری دەرەوەی ئەمریکا و تاریق عەزیز وەزیری دەرەوەی عێراق لە ٩ی کانوونی دووەمی ١٩٩١ لە ژنێف ڕێکخرابوو بۆ ئەوەی عێراق بکشێتەوە و لەمەش زیاتر جیمز بیکەر نامەیەکی سەرۆك بوشی باوکی هێنابوو بۆ سەدام حوسێن، بەڵام دیار بوو دوای کۆبوونەوەکە هیچ ئاکامێکی نەبوو،

تاریق عەزیز نامەکەی خوێندبووەوە و لەسەر مێزی هۆتێلەکە بە جێی هێشتبوو، ئەمەش پرسەکەی گەیاندە ئەوەی کە هەموو جیهان چاوەڕێی شەڕی ئازادکردنی کوێت بکات.

هەر لەماوەی دوای داگیرکردنی کوێت لەلایەن عێراقەوە، سەرکردایەتیی بەرەی کوردستانی کۆبوونەوەی خۆی کردووە و خۆی بۆ هەموو ئەگەرەکان ئامادە کردووە و لە کۆبوونەوەی بەرەی کوردستانی لەسەر ئەم ڕووداوە، هەڵوێستی بەرەی کوردستانی وەك سەرۆك مسعود بارزانی ئاماژەی پێ کردووە، بەمجۆرە بووە:

١. سەرکۆنە و تاوانبارکردنی داگیرکردنی کوێت.

٢. لەو ماوەیەدا بە وردی چاودێریی بارودۆخەکە بکرێت و پەلە نەکرێت لە چالاکیی سەربازی و پێشمەرگایەتی.

٣. خۆ ئامادەکردن بۆ هەموو ئەگەرەکان.

٤. لێژنەکانی بەرەی کوردستانی لە دەرەوە دەست بە هەوڵێکی چڕو پڕی دیپلۆماسی بکەن لە چوار چێوەی ئەم بڕیارانەدا.

٥. کۆبوونەوەی بەرە بەردەوام بن بە مەبەستی بەدواداچوون و چاودێریی بارودۆخەکە.

بارودۆخەکە لەسەر ئاستی ناوچەکە و جیهان و بەرەی کوردستانییش بەو جۆرە بووە، ئایا عێراق پێش ١٥ی کانوونی دووەمی ١٩٩١ دەکشێتەوە، یان شەڕی ڕزگارکردنی کوێت دەست پێ دەکات؟ بێگومان سەدام نەکشایەوە و لە بەرەبەیانی ١٧ی کانوونی دووەمی ١٩٩١ هێرشی ئاسمانی بۆ سەر هەموو شوێنە سەربازی و گرنگەکانی عێراق دەستی پێ کرد و، پێنج ڕۆژ دوای ئەم هێرشە عێراقیش بە مووشەك هێرشی کردە سەر ئیسرائیل، بەڵام ئیسرائیل کاردانەوەی نەبوو، ئەمەش دیارە لە بەر گوشاری ئەمریکا و دەوڵەتانی عەرەبی بوو کە بەشێك بوون لە هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی بۆ ئازادکردنی کوێت.

سەرۆك بارزانی لە کتێبەکەی ئاماژەی بەوە کردووە دوای دەستپێکردنی ئەم هێرشانە کۆمیتەی ناوەندیی پارتی کۆبووەوە و هەموو پێشهاتەکان هەڵسەنگێندران و بڕیار درا چاودێریی گۆڕانکارییەکان بکەن، هەروەها ئاماژەی بەوە




**لەبەر ئەوەی پێشتر ڕژێمی سەدام حوسێن تەواوی کوردستانی لە دەرەوەی سنووری شارەکان کاول کردبوو و ئاوەدانی تێدا نەمابوو، هەموو خەڵکەکە کە زیاتر لە ملیۆنێک کەس دەبوون، ڕوویان کردە سنوورەکانی ئێران و تورکیا و لەوێش بە هۆی باران بارینێکی زۆرەوە بارودۆخیان زۆر خراپ بوو و چاوەڕێی مەترسیی دروستبوونی کارەساتێکی مرۆیی دەکرا**

**سوپاس بۆ خوا و چاوی کامێرەکان کە توانییان دیمەنەکانی کۆڕەو بگەیەننە جیهان، ئەوەش وای کرد کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بە دەنگ بێت و شەخسی جیمز بیکەر بێتە سەر سنووری تورکیا بۆ ئەوەی بارودۆخی ئاوارەکان ببینێت**



**سەرۆک بارزانی لە کتێبەکەیدا دەڵێت: «دوای ئەوەی لە ساڵی ١٩٩٢ چوومە ئەمریکا و جێمز بیکەر-م بینی، پێی گوتم: کاتێک سەردانی سەر سنوورەکانم کرد بۆ ئەوەی ڕەوشی ئاوارەکان ببینم کە هەرگیز ئەو دیمانەم لە بیر ناچێتەوە، هێشتا لە ناو فڕۆکەکە بووم کە قسەم لەگەڵ سەرۆک بوش کرد و پێم گوت: بارودۆخی ئاوارەکان لە ڕووی مرۆییەوە لە مەترسیدایە و ناکرێت زیاتر دوابخرێت و هەر ئێستا بڕیاری دامەزراندنی ناوچەیەکی ئارام بدەن.»**

کردووە، دوای ئەوەی هێزی ئاسمانیی هاوپەیمانان بەشی هەرە زۆری توانا سەربازییەکانی عێراق و بەشی هەرە زۆری ژێرخانەکانی خاپوور کرد، لە ٢٤ی شوباتی ١٩٩١ هاوپەیمانان هێرشی زەمینییان دەست پێ کرد و تەنیا لە ماوەی سێ ڕۆژدا سوپای عێراق خۆی نەگرت و تاریق عەزیز وەزیری دەرەوەی عێراق نامەیەکی بۆ سکرتێری گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان «دیکۆیار» نارد و تیایدا جەختی لەسەر ئەوە کردبووەوە کە عێراق بە هەموو بڕیارەکانی ئەنجومەنی ئاسایش پابەند دەبێت و ڕۆژی ٢٨ی شوباتی ١٩٩١ جۆرج بوش ڕایگەیاند کاتژمێر پێنجی ئێوارە بە کاتی لەندەن شەڕەکە بە کۆمەڵێك مەرجەوە لەگەڵ عێراق ڕادەگیرێت و لە ماوەی ٤٨ کاتژمێریشدا شاندی سەربازیی هاوپەیمانان لەگەڵ شاندی سەربازیی عێراق لە سەفوان کۆ دەبنەوە و دەبێت ئەو مەرجانە لەلایەن عێراقەوە قبووڵ و ئیمزا بکرێن.

سەرۆك بارزانی دوای ئەوەی لە ساڵی ١٩٩٢ سەردانی بەریتانیای کرد و لەگەڵ سەرۆك وەزیرانی ئەو کات «جۆن مێجەر» کۆبووەوە و هەر لەو سەردانەشدا سەرۆك وەزیرانی پێشووی بەریتانیا «مارگرێت تارچەر»یشی بینیوە و لەو دیدارەدا تارچەر ڕەخنەی لە سەرۆك بوشی باوك گرتووە و باسی ئەوەی کردووە ئەگەر ئەو سەرۆك وەزیرانی بەریتانیا بوایە، ئەوا بە کەمتر لە خۆڕادەستکردنی سەدام ڕازی نەدەبوو.

### ● ڕاپەڕینی پارێزگاکانی باشوری عێراق و دەرهاویشتەکانی

شەڕی هاوپەیمانان بۆ ئازادکردنەوەی کوێت ٤١ ڕۆژی خایاند کە تەنیا سێ ڕۆژیان هێرشی زەمینی بوو کە عێراق تێدا تەسلیم بوو. عێراق لەم شەڕەدا نزیکەی ١٠٠ هەزار سەربازی کوژران و ٣٠ هەزار سەربازیشی بەدیل گیران کە بەشی هەرە زۆری عەرەبی عێراقی بوون، ئەمەش لەبەر ئەوە بوو پێشتر لە دوای



ساڵی ١٩٨٨ حکومەتی بەعس بە دوو بڕیاری مەجلیسی قیادەی سەورە هەموو سەربازە کوردەکانی سوپای عێراقی تەسریح کردبوو، بۆیە عەرەبی عێراق بە تایبەتی لە ڕووی کوشتن و برینداربوونی سەربازەکانیان و زیانەکانیان زۆر زیاتر لە خەڵکی کوردستان زیانمەند بوون، هەر لەم شەڕەدا ٢٤٠ فڕۆکەی و چوار هەزار تانك و زرێپۆش تێکشکێندران، لەمەش زیاتر خەڵکی پارێزگاکانی باشووری عێراق بەشی زۆریان شیعە مەزهەبن و بۆ ڕۆژێك دەگەڕان کە تۆڵەی خۆیان لە ڕژێمی سەدام بکەنەوە، هەر بۆیە هەر دوابەدوای تەسلیمبوونەکەی عێراق لە ژێر چادرەکەی سەفوان، خۆپیشاندانەکانی شارەکانی باشووری عێراق دەستیان پێ کرد و لە ماوەیەکی کەمدا شارەکانی «بەسرە، عەمارە، کوت، دیوانیە» ڕزگار کران، بەڵام دوای چەند ڕۆژێك هێزەکانی کۆماری بە سەرکردایەتیی عەلی کیماوی و بەکارهێنانی هەلیکۆپتەر زۆر دڕندانە ئەو خۆپیشاندانەیان دامرکاندنەوە و شارەکانیان داگیرکردەوە.

سەرۆك بارزانی لە کتێبەکەیدا ئاماژە بەوە دەکات «هاوپەیمانان بۆیە ڕازی بوون عێراق هەلیکۆپتەر بەکار بهێنێت، چونکە شاندە سەربازییەکەی عێراق بە هاوپەیمانانی گوتبوو، لەبەر ئەوەی هەموو ڕێگاکان بە هۆی هێرشی ئاسمانییەوە تێکچوون، ئەوا ناتوانین بە خێرایی هێزەکانمان بکشێنینەوە و لەبەر ئەم هۆکارە ڕێگەیان پێ دابوون، بەڵام سەدام حوسێن سوودی لەمە وەرگرتبوو»، هەروەها سەرۆك بارزانی جەخت لەسەر ئەوەش دەکاتەوە کە «لە ڕاپەڕینەکانی شارەکانی باشووری عێراقدا خەڵکێکی زۆری سوپای عێراق کوژرابوون و تەنانەت سووتێنرا بوون، بەڵام سوپاس بۆ خوا لەگەڵ ئەوەی دوو فەیلەقی سەرباز کەوتنە دەست خەڵکی کوردستان، بەڵام ئەو شتانە هیچی ڕووی نەدا.»

**هاوکات لەگەڵ ئەو سەرکەوتنە گەورانەی پێشمەرگە لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی بڕیاری ٦٨٨ی ئەنجومەنی ئاسایش دەرچوو کە هەوڵێکی گەورەی سەرۆکی فەرەنسا فرانسۆ میترانی تێدا بوو، دوای ئەویش بە پاڵپشتیی جۆن مێجەر سەرۆک وەزیرانی بەریتانیا، ناوچەی ئارام و دژە فڕین لە کوردستان هاتە دامەزراندن**



له ئەیلوولی ١٩٩١ حکومەتی عێراق هەموو دامودەزگاکانی لە کوردستان کشاندەوە و ئەمەش بەو حیسابەی بەرەی کوردستانی ناتوانێت کوردستان بەڕێوە بەرێت، بەڵام سەرۆک بارزانی توانی سەرکردایەتیی بەرەی کوردستانی بگەیەنێتە قەناعەت بەوەی دەبێت بە هەڵبژاردن و ئیرادەی خەڵکی کوردستان ئەو بۆشاییە پڕبکرێتەوە و بۆ ئەمەش بڕیار درا لە ١٩ی ئایاری ١٩٩٢ هەڵبژاردن ئەنجام بدرێت

## • ڕاپەڕینی خەڵکی کوردستان و ئازادکردنی کەرکووکی دڵی کوردستان

هەر لە دوای داگیرکردنی کوێت لەلایەن عێراقەوە، بەرەی کوردستانی بەرنامەی «پلان بۆ ئەگەرەکان»ی گەڵاڵە کرد و هەموو ئەگەرێکی لەبەر چاو گرت و خۆی بۆ هەموو ئەگەرەکان ئامادەکردبوو، هەر لەو ماوەیەشدا چەند لە شەڕی هاوپەیمانان بۆ ئازادکردنی کوێت نزیك دەبووینەوە، زیاتر خەڵکی کوردستان ورەیان بەرز دەبووەوە و چاوەڕێی لاوازبوونی سوپای عێراقیان دەکرد، بۆ ئەوەی بتوانن ڕاپەڕن، لەمەش زیاتر موستەشاری فەوجە سووکەکانیش کە چەکداری ڕژێم بوون، ئەوانیش لە مانەوەی ڕژێمی بەعس نائومێد بوون و پەیتا پەیتا پەیوەندییان بە لایەنەکانی ناو بەرەی کوردستانی دەکرد و ئامادەباشییان پیشان دەدا بۆ ئەوەی لە هەر دەرفەتێکدا ڕاببەڕن و کوردستان ئازاد بکەن، سەرکردایەتیی بەرەی کوردستانیش بەردەوام لە خۆئامادەکردندا بوو، بەڵام هەنگاوەکانیشی بە هەستیاری هەڵدەگرت بۆ ئەوەی ئاکامەکەی بە خراپ بەسەر گەلەکەماندا نەشکێتەوە. سەرۆك بارزانی سەبارەت بەو ئامادەکارییانە نووسیویەتی: «هاوتەریب لەگەڵ ئامادەکارییەکان، بەرەی کوردستانی بڕیاری دا سێ سەرکردایەتی بۆ هەر سێ پارێزگای «سلێمانی و هەولێر و دهۆك» دابنرێت و بۆ هەموو شار و شارۆچکە و قەزا و ناحیەکانیش سەرکردایەتیی فەرعی دابمەزرێنن، هەر بەپێی ئەم بڕیارەش هێز و بەرپرس بۆ ئەم مەبەستە دەستنیشان کران».

دوای دەستپێکی یەکەم پریشکی ڕاپەڕین لە ٥ی ئاداری ١٩٩١ لە دەڤەری بتوێن، ئیدی کاتی ئەوە هاتووە کە بەرەی کوردستانی سەپەرشتیی ڕاپەڕین بکات و کارێك بکات کە ڕاپەڕین بە ئاراستەیەکی خراپدا نەبرێت، لەمبارەوە سەرۆك بارزانی نووسیویەتی:



«ڕۆژی ٦ی ئادار سەردانی قاسمە ڕەشم کرد و لەگەڵ نەوشیروان مستەفا و برایانی سەرکردایەتیی بەرە لەناوچەکە کۆبوومەوە، لە کۆبوونەوەکەدا کە ڕەسوڵ مامەند لە سۆسیالیست و مەلاحەسەن لە حیزبی شیوعی و ملازم شوان لە پاسۆك ئامادەبوون، دوای تاوتوێکردنی بارودۆخەکە بڕیار درا کە لە هەر دوو ئیزگەی دەنگی کوردستان و دەنگی گەلی کوردستانەوە زانیاری و ڕێنمایی پێویست بە جەماوەری کوردستان بدرێت.»

لەبەر ڕۆشنایی ئەو ڕێنماییانەی کە هەردوو ئیزگە وەك ڕێنمایی سەرکردایەتیی بەرەی کوردستانی دەیاندا بە هاووڵاتیانی کوردستان بەوەی کەس بیر لە تۆڵەسەندنەوە نەکاتەوە و ئەمڕۆ دەبێت هەموو یەك هێز و یەك ئیدارە بین و، هەروەها هیچ کەسێك سەربازێکی سوپای عێراق نەکوژێت، یان ئازاری نەدات، بە هەڵمەتەکانی ڕاپەڕین تەواوی هەر دوو پارێزگای سلێمانی و هەولێر لەسەر دەستی خەڵکی کوردستان ئازاد کران و، ئیدی دوای ئەمە کاتی ئەوە بوو کە سەرۆك و سەرکردایەتیی بەرەی کوردستانی خۆیان بێنە ناو جەماوەر و کۆنترۆڵی بارودۆخەکە بکەن، بۆ ئەمەش سەرکردایەتیی بەرەی کوردستانی لە ڕۆژی ١١ی ئادار لە قاسمە ڕەشەوە بەڕێ دەکەون بۆ شاری ڕانیە و یەکەم کۆبوونەوەی سەرۆك مسعود بارزانی وەك سەرۆکی بەرەی کوردستانی لە ناوەوەی وڵات لەگەڵ بەڕێوەبەرانی فەرمانگاکانی شاری ڕانیە دەبێت بۆ ئەوەی دووبارە خۆیان ڕێك بخەنەوە و بەردەوام بن لە گەیاندنی خزمەتگوزاری بۆ هاووڵاتیان و، ئیدی هەموو هەوڵەکان چڕ دەکرێنەوە بۆ ڕزگارکردنی پارێزگای هەولێر و ڕۆژی ١٤ی ئادار شاری دهۆکیش ئازاد کرا، دوای ئەمەش بەرەی کوردستانی پلانێکی گەورەی بۆ ئازادکردنی شاری کەرکووك دانا و سەرۆك بارزانی خۆی

**بێگومان سەرۆک مسعود بارزانی بۆ پاراستنی بەرژەوەندی و بەدەستهێنانی مافەکانی گەلی کوردستان، نەک هەر بانگهێشتی ئەمریکا ڕەت ناکاتەوە بۆ سەردانیکردنی، بەڵکو داوای بەرەی کوردستانیشی ڕەت نەکردەوە کە داوایان لێکرد بۆ ئەوەی دانوستاندنەکانی بەرە لەگەڵ حکومەتی عێراق سەرکەوتوو بێت، دەبێت خۆت بە شەخسی وەک سەرۆکی شاندی بەرەی کوردستانی سەردانی بەغدا بکەیت و لەگەڵ سەدام حوسێنیش کۆببیتەوە**

چووە پردێ و لەوێوە نەخشەی ئازادکردنەی دارشت، بۆ ئەوەی لە هەردوو قۆڵی هەولێر و سلێمانییەوە پێکەوە هێرش بکرێت و ئازاد بکرێت، بەمەش بۆ یەکەمین جار لە مێژووی هاوچەرخی کوردستاندا کەرکووك لەسەر دەستی خەڵك و هێزی پێشمەرگە ئازاد کرا و گەڕایەوە سەر کوردستان، ڕاستە ئازادکردنی کەرکووك ماوەیەکی کورت بوو، بەڵام مێژووییەکە کە هەرگیز لە یاد ناکرێت.

دوای ئەوەی ڕژێمی بەعس شارەکانی باشوری عێراقی گرتەوە، هێزی کۆکردەوە بۆ ئەوەی پەلاماری کوردستان بدات و، ئەو هێزەی ئەو کاتی عێراقیش وێڕای ئەوەی لە شەڕی هاوپەیمانان زیانی زۆری پێ گەیشتبوو، بەڵام هێزێکی پڕچەك و بۆمب و زرێپۆش بوو، کە لەگەڵ چەکی دەستی پێشمەرگە و خەڵکیش بەراورد نەدەکرا، بۆیە کە ڕۆژی ٢٨ی ئادار هێزەکانی ڕژێم هێرشیان بۆ سەر کەرکووك و هەولێر و سلێمانی و دهۆك دەست پێ کرد، توانییان لە چەند ڕۆژێکدا ناوەندی هەر چوار پارێزگا گەورەکە بگرنەوە و خەڵکەکەش کە پێشتر دڕندەیی هێزەکانی بەعس و سەدامیان بینیبوو، لە ترسی بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی، زیاتر لە ٨٠٪ی هاووڵاتیان ماڵ و حاڵی خۆیان بەجێ هێشت و ڕوویان لە چیاکان کرد، لەبەر ئەوەشی پێشتر ڕژیمی سەدام حوسێن تەواوی کوردستانی لە دەرەوەی سنووری شارەکان کاول کردبوو و ئاوەدانی تێدا نەمابوو، هەموو خەڵکەکە کە زیاتر لە ملیۆنێك کەس دەبوون، ڕوویان کردە سنوورەکانی ئێران و تورکیا و لەوێش بە هۆی باران بارینێکی زۆرەوە بارودۆخیان زۆر خراپ بوو و چاوەڕێی مەترسیی دروستبوونی کارەساتێکی مرۆیی دەکرا، بەڵام ئەمجارەیان سوپاس بۆ خوا و چاوی کامێرەکان کە توانییان ئەم دیمانانە بگەیەننە جیهان، وای کرد کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بە دەنگ بێت و شەخسی جێمز بیکەر بێتە سەر سنووری تورکیا بۆ ئەوەی بارودۆخی ئاوارەکان ببینێت. سەرۆك بارزانی لە کتێبەکەیدا ئاماژەی بەوە کردووە و دەڵێت: «دوای ئەوەی لە ساڵی ١٩٩٢ چوومە ئەمریکا و جێمز بیکەر-م بینی، پێی گوتم: کاتێك سەردانی سەر سنوورەکانم کرد بۆ ئەوەی ڕەوشی ئاوارەکان ببینم کە هەرگیز ئەو دیمانەم لە بیر ناچێتەوە، هێشتا لە ناو فڕۆکەکە بووم کە قسەم لەگەڵ سەرۆك بوش کرد و پێم گوت: بارودۆخی ئاوارەکان لە ڕووی مرۆییەوە لە مەترسیدایە و ناکرێت زیاتر دوابخرێت و هەر ئێستا بڕیاری دامەزراندنی ناوچەیەکی ئارام بدەن.»

### ● بڕیاری بەرگری و داستانەکانی کۆڕێ و ئەزمەر

لەناو ئەم کارەساتەدا مرۆییە گەورەیەدا، سەرۆك بارزانی باس لەوە دەکات کە ڕۆژی ١ی ٤ی ١٩٩١ مام جەلالیش گەیشتەوە کوردستان و هەر هەمان ڕۆژ بۆ شەوەکەی بەرەی کوردستانی کۆدەبێتەوە و بڕیار دەدەن دەبێت بەرگری بکرێت و جارێکی دیکە خەڵکی کوردستان ئاوارە و سەرگەردان نەبێتەوە و، ڕۆژی دواتر مام جەلال گەڕایەوە سلێمانی و لە ڕۆژی ٢ی نیسان شاری سلێمانیش لەلایەن ڕژێمەوە گیرایەوە، سەرۆك بارزانی سەبارەت بەم پرسە لە کتێبەکەیدا نووسیویەتی: « لەو سەرو بەندەدا پەیوەندیمان لەگەڵ نێچیرڤان بارزانی و هەڤاڵانی لەو سنوورە پچڕا و دوای دوو ڕۆژ پەیوەندیمان پێکەوە کردەوە، ئەوکات زانیمان چی ڕووی داوە». دیارە مەبەستی سەرۆك بارزانی لەوەی ڕووی داوە شەڕی ئەزمەرە کە حکومەت هێرشی بۆ کرد و پاشان لەلایەن هێزەکانی بەرەی کوردستانییەوە داستانێکی قارەمانانە تۆمار کرا و هێزەکەی حکومەت شکێندرا و، لە بەرەی هەولێریشەوە دیارە وەك سەرۆك بارزانی لە کتێبەکەیدا ئاماژەی پێ کردووە و ئەو شەڕەی بە داستانی کۆمار ناو دەبرێت، لە بنەڕەتدا دوو شەڕە، شەڕی یەکەمیان کە لە ٧ی نیسانی ١٩٩١ هێزەکانی ڕژێم بە تانك و زرێپۆشەوە هێرش دەبەن بۆ دەربەندی کۆڕێ لە دەربەندەکە تەنیا ٢٤ پێشمەرگەی هێزی بارزانی لێ دەبێت و ئەو پێشمەرگانەش لێیان دێنە دەست و زیانێکی گەورە لە دوژمن دەدەن کە سەرۆك بارزانی بەمجۆرە لە کتێبەکەیدا تۆماری کردووە «بە جێهێشتنی ٦٣ جەنازەی دوژمن، دەستکەوتنی ٤ دەبابە، سووتاندنی یەك دەبابە، دەستکەوتنی ٧٥ کلاشینکۆف، دەستکەوتنی ٣ سەیارەی جۆری زیل».

**لەو سەردانەیدا وەک شاندی ئۆپۆزسیونی عێراقی چەندین کۆبوونەوەی لەگەڵ بەرپرسانی کۆنگرێس و سەنات و حکومەتی ئەمریکا کردووە، بەڵام گرنگترینیان ئەو کۆبوونەوەیە کە لەگەڵ جیمز بیکەر وەزیری دەرەوە و ستاڤی وەزیری دەرەوەی ئەمریکا کراوە و لەو کۆبوونەوەیە سەرۆک مسعود بارزانی بەمجۆرە سەبارەت بە فیدراڵی قسەی کردووە: «داوام کرد گەرەنتییەک هەبێت کە جارێکی دیکە گەلی کوردستان تووشی نەهامەتی و کارەسات نەبێتەوە**

**ئەم ڕاشکاوییەی سەرۆک بارزانی لەناو وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا و دواتر بەیانەکەی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا، وەک گلۆپی سەوز بۆ کوردستان لەقەڵەم دەرێت کە دەکرێت دروشمەکە لە «ئۆتۆنومی بۆ کوردستان و دیموکراتی بۆ عێراق» بگۆڕێت بۆ «عێراقێکی فیدڕاڵی و فرەیی و دیموکراتی و پەرلەمانی»**

ئەم نەبەردییە گەورەیەی ڕۆژی ٧ی نیسان کە ٢٤ پێشمەرگەی قارەمان تۆماریان کردووە، هەموو ساڵێك لە کاتی یادکردنەوەی کێشمەکێشێکی زۆر دروست دەکات، هەندێك لە خەڵك پێیان وایە کە مافی ئەوانە خوراوە کە لە شەڕی ١١ی نیسانی ١٩٩١ بەشدار بوون، بەڵام سەرۆك بارزانی لە کتێبەکەیدا بەمجۆرە باسی داستانی ١١ی نیسانی ١٩٩١ دەکات «دوای شکستەکەی ٧ی نیسان، ڕژێم فەرماندەی ئەو فیرقەی گۆڕی و فەرماندەیەکی تازەی بۆ دانا، بۆیە ئەو فەرماندە تازەیە هێزێك کۆدەکاتەوە پەلاماری دەربەندی کۆڕێ بداتەوە و هێزەکانی بەرەی کوردستانییش بەپەرچی ئەم هێرشە دەدەنەوە و هەموو هێزەکانی بەرەی کوردستانییش «پارتی، یەکێتی، سۆشیالیست، شیوعی، پارتی گەل، بزووتنەوەی ئیسلامی و حیزبوڵڵا تێیدا بەشدار بوون.»

هاوکات لەگەڵ ئەو سەرکەوتنە گەورانەی پێشمەرگە لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی بڕیاری ٦٨٨ی ئەنجومەنی ئاسایش دەرچوو کە هەوڵێکی گەورەی سەرۆکی فەرەنسا فرانسۆ میترانی تێدا بوو، دوای ئەویش بە پاڵپشتیی جۆن مێجەر سەرۆك وەزیرانی بەریتانیا، ناوچەی ئارام و دژە فڕین لە کوردستان هاتە دامەزراندن.

**● دەستپێکردنی دانوستاندن لەگەڵ حکومەت و زەمینە سازبوون بۆ هەڵبژاردنەکانی ١٩٩٢**

لە ١٣ی ئاداری ١٩٩١ دوای ئازادکردنی سلێمانی و هەولێر و دهۆك، حکومەتی عێراق لە ڕێگەی حاجی عوبێدەوە نامەیەکی ناردبوو، داوای گفتوگۆ و دانوستاندنی کردبوو. سەرۆك بارزانی لە کتێبەکەیدا دەڵێت: «دوای ئەوەی نامەکەم وەرگرت، بانگهێشتی هەموو ئەندامانی سەرکردایەتیی بەرەی کوردستانیم کرد و لە کۆبوونەوەکەدا نامەکە تاوتوێ کرا و، بڕیار درا کە وەڵامی نامەکە بدەینەوە و ئاماژە بەوە کرا کە دانوستاندن بژاردەی یەکەممان بووە»، لە کاتی گەڕانەوەی سەیارەکەی حاجی عوبێد دەکەوێتە بەر هێرشی فڕۆکەکان و سەیارەکە بە تەواوەتی سووتابوو، خۆیشی بە موعجیزە ڕزگاری ببوو، بۆیە هەتا حاجی عوبێد هاتەوە و وێنەیەکی تری نامەکەمان پێ دا، بارودۆخەکە زۆر گۆڕا بوو، دیارە ڕژێم وا تێگەیشتبوو ئێمە وەڵامەکەمان پشتگوێ خستووە و کاتێکیش نامەکەی ئێمەی بەدەست گەیشت، ڕژێم کەرکوکی گرتبووەوە و وای دانابوو بەرەی کوردستانی لە لاوازییەوە داوای دانوستاندن دەکات.

بە هەر حاڵ هەر لە مانگی نیسانی ١٩٩١ جارێکی دیکە دانوستاندن لە نێوان بەرەی کوردستانی و ڕژێمی بەعس دەست پێ دەکاتەوە و سێ جار شاندی بەرەی کوردستانی دەچنە بەغدا، شاندی یەکەمیان شاندێك بووە کە لە چەند ئەندامی بەرەی کوردستانی پێکهاتبوو، بەڵام شاندی دووەم بە سەرۆکایەتی مام جەلال بووە و کاك نێچیرڤان بارزانی و چەند ئەندامێکی تری لەگەڵ بووە و، شاندی سێیەم بە سەرۆکایەتیی سەرۆك بارزانی بووە و نەشیروان مستەفا و چەند ئەندامێکی دیکەشی لەگەڵدا بووە، بەڵام وەك لە کتێبەکەی سەرۆك بارزانیدا کە زۆر بە تێروتەسەلی وردەکاریی ئەم دانوستانانە بڵاو کراوەتەوە، ڕژێمی بەعس نەیتوانیوە لەگەڵ بەرەی کوردستانی بگەنە ڕێککەوتنێك و بە ئاشتییانە کێشەکە چارەسەر بکەن، بۆیە لە ئەیلوولی ١٩٩١ حکومەتی عێراق هەموو دامودەزگاکانی لە کوردستان کشاندەوە و ئەمەش بەو حیسابەی بەرەی کوردستانی ناتوانێت کوردستان بەڕێوە بەرێت، بەڵام سەرۆك بارزانی توانی سەرکردایەتیی بەرەی کوردستانی بگەیەنێتە قەناعەت بەوەی دەبێت بە هەڵبژاردن و ئیرادەی خەڵکی کوردستان ئەو بۆشاییە پڕبکرێتەوە و بۆ ئەمەش بڕیار درا لە ١٩ی ئایاری ١٩٩٢ هەڵبژاردن ئەنجام بدرێت.

سەرۆك بارزانی لە ماوەی شوبات هەتا نیسانی ١٩٩٢ کۆمەڵە گەشتێکی دیپلۆماتی بۆ چەندین وڵاتی جیاوازی ئەورووپی بە مەبەستی دروستکردنی پشتیوانی بۆ دۆزی ڕەوای گەلی کوردستان ئەنجام دا، کە بەم جۆرە بوون: «لە ٢١ی شوباتی ١٩٩٢ سەردانی تورکیای کرد و لەگەڵ سەرۆك تورکوت ئۆزال و سلێمان دیمریلی سەرۆکی حکومەتی تورکیا کۆبووەوە، لە ٢٥ی شوباتی ١٩٩٢ سەردانی بەریتانیای کرد و لەگەڵ جۆن مێجەر سەرۆك وەزیرانی بەریتانیا و دۆگلاس هێرد بۆ کاروباری دەرەوە و

**ئەم گڵۆپە سەوزە کە سەرۆك بارزانی زۆر لە مێژ بوو چاوەڕێی بوو لە ڕۆژئاوا و ئەمریکا بۆی هەڵبکرێت، لەم سەردانەیەدا نەک هەر لەسەر ئاستی ئەمریکا، بەڵکو لەسەر ئاستی تەواوی وڵاتانی ئەورووپا قبووڵ کرا، هەر بۆیە دوای گەڕانەوەی لەم سەردانە سەرکەوتووە، لە ئەیلوولی ١٩٩٢ سەردانی پەرلەمانی کوردستانی کرد و، دوای باسکردنی ئاکامی سەردانەکەی، پەرلەمانی ڕاسپارد بۆ ئەوەی پرسی فیدراڵی تاوتوێ بکەن، پەرلەمانیش لە ماوەی کەمتر لە مانگێکدا زەمینەسازی کرد و لە ٤ی ئۆکتۆبەری ١٩٩٢ ئەم بڕیارە مێژووییەی دا**

**کاریزمای سەرۆك مسعود بارزانی لەسەر ئاستی دەوڵەتێکی گەورەی وەک ئەمریکا لە ساڵی ١٩٩٢ دوە حیسابی وردی لەسەر کراوە و، هەر پرسێکیش بارزانی شانی بداتە بەر نەتەوەکەی هەر پێی دەگات.**

چەند وەزیرێکی دیکە لە حکومەتی بەریتانیا کۆبووەوە و هەر لەوێش بانگهێشتی پەیمانگای بەناوبانگی چاتهام هاوس کرا و لەوێش وتارێکی پێشکەش کرد، لە ١٠ی ئاداری ١٩٩٢ سەردانی فەرەنسای کرد و لەگەڵ سەرۆک فرانسۆ میتران لە کۆشکی ئەلیزێ کۆبووەوە، لە ١٢ی ئاداری ١٩٩٢ سەردانی ئەڵمانیای کرد و لەگەڵ هانس دیتریش وەزیری دەرەوەی ئەڵمانیا کۆبووەوە، لە ٢٠ی ئادار سەردانی نەمسای کرد و لەگەڵ مویس مۆك وەزیری دەرەوەی نەمسا کۆبووەوە،» دوای ئەم سەردانە پڕ دەستکەوتانە سەرۆك بارزانی گەڕایەوە بۆ کوردستان و سەرقاڵی زەمینەسازی بوو بۆ ئەنجامدانی یەکەمین هەڵبژاردن لە کوردستان و، وێڕای ئەوەی لەو هەڵبژاردنەدا ساختەکارییەکی زۆر کرا، بەڵام سەرەنجام بۆ ئەوەی لە دەرەوە بە چاوێکی ناشیرین سەیری کوردستان نەکەن و ئەزموونەکە سەرکەوتوو بێت، پارتی و یەکێتی کۆبوونەوە کە ئاکامی هەڵبژاردن وەك خۆی پەسەند بکرێت و حکومەتیش پەنجا بە پەنجا پێکبهێنرێت.

## ● دامەزراندنی پەرلەمان و حکومەتی کوردستان پەسەندکردنی بڕیاری فیدڕاڵی لە پەرلەمان


سەرۆك بارزانی لە کتێبەکەیدا نووسیویەتی: «ڕۆژی ٢٤ی تەمموزی ١٩٩٢ کۆلونیل ویلسۆن بەرپرسی «ئێم.سی.سی» بە سێ هەلیکۆپتەرەوە لە ناوەندی زاخۆوە هاتە لامان بۆ هاوینە هەواری پیرمام و پێی ڕاگەیاندم کە ئەمە پەیامی ئەمریکا بۆ تۆ «مسعود بارزانی»م هێناوە، ئەمریکا ئۆپۆزسیونی عێراقی بانگهێشت کردووە بۆ واشینگتۆن، سەرکردایەتیی ئەمریکا داوا دەکات مسعود بارزانییش لەگەڵ شاندەکە بێت بۆ ئەمریکا زۆر بۆمان گرنگە کە خۆی ئامادە بێت، چونکە دەزانین چ کاریگەرییەکی هەیە لە کوردستان و ئەگەر بانگهێشتەکەی واشینگتۆن ڕەت بکرێتەوە، بە مانای وەرگرتنی هەڵوێستی دژی ئەمریکایە لە لایەن مسعود بارزانی یەوە و، ئەوکات ئێمەش هەڵوێستمان دەبێت.»

ئەم پەیامەی ئەمریکا بۆ سەرۆك بارزانی، ٨٠ ڕۆژ دوای دامەزراندنی پەرلەمانی کوردستان و تەنیا ٢٠ ڕۆژ دوای دامەزراندنی کابینەی یەکەمی حکومەتی هەرێمی کوردستانە و لە نامەکەشدا هاتووە: «ئەمریکا دەزانێت شەخسی مسعود بارزانی چ کاریگەرییەکی لە کوردستاندا هەیە».

بێگومان سەرۆك مسعود بارزانی بۆ پاراستنی بەرژەوەندی و بەدەستهێنانی مافەکانی گەلی کوردستان، نەك هەر بانگهێشتی ئەمریکا ڕەت ناکاتەوە بۆ سەردانیکردنی، بەڵکو داوای بەرەی کوردستانیشی ڕەت نەکردەوە کە داوایان لێکرد بۆ ئەوەی دانوستاندنەکانی بەرە لەگەڵ حکومەتی عێراق سەرکەوتوو بێت، دەبێت خۆت بە شەخسی وەك سەرۆکی شاندی بەرەی کوردستانی سەردانی بەغدا بکەیت و لەگەڵ سەدام حوسێنیش کۆببیتەوە.

سەرۆك بارزانی لەم سەردانەیدا بۆ ئەمریکا کە لە کتێبەکەیدا ئاماژەی پێ کردووە، نووسیویەتی: «ڕۆژی ٢٧ی تەمموزی ١٩٩٢ لە لەندەنەوە بەرەو واشنتۆن بەڕێکەوتین و لەوێ لە فڕۆکەخانەی دالاس مام جەلال و زۆر لە جالیەی کوردی لە پێشوازیماندا بوو، ڕۆژی ٢٨ی تەمموز لەگەڵ مام جەلال دوو قۆڵی باسمان لە بارودۆخی کوردستان کرد و هەروەها ڕاوێژ و پرس بە ئۆپۆزسیونی عێراقی کرا، بەتایبەتی ئەحمەد چەلەبی» و لەو سەردانەیدا وەك شاندی ئۆپۆزسیونی عێراقی چەندین کۆبوونەوەی لەگەڵ بەرپرسانی کۆنگرێس و سەنات و حکومەتی ئەمریکا کردووە، بەڵام گرنگترینیان ئەو کۆبوونەوەیە کە لەگەڵ جێمز بیکەر وەزیری دەرەوە و ستاقی وەزیری دەرەوەی ئەمریکا کراوە و لەو کۆبوونەوەیە سەرۆك مسعود بارزانی بەمجۆرە سەبارەت بە فیدڕاڵی قسەی کردووە: «داوام کرد گەرەنتییەك هەبێت کە جارێکی دیکە گەلی کوردستان تووشی نەهامەتی و کارەسات نەبێتەوە، هەروەها گوتم «ڕەنگە گۆڕینی ڕژێم ئاسانتر بێت لەوەی ئایا دوای ڕژێم چ بەرنامە هەبێت بۆ حوکمڕانی لە عێراقدا». دواتر پرسیارم کرد: «ئایا کاتی ئەوە نەهاتووە بە ئاشکرا و ڕاشکاوی باسی مافەکانی گەلی کورد بکرێت و مافەکانی دیاری بکرێت؟ هەر زوو وەڵامی دامەوە و گوتی: «پڕۆژە و ڕەشنووسی کۆنگرەی ڤیەننا




ڕاپەڕین یەکێکە لە سەروەری و دەستکەوتە گرانبەهاکانی گەلی کوردستان. خرۆشانی خەڵک دژی دامودەزگەی ستەمکار و داگیرکەر پەیامێکی زۆر ڕوون بوو کە سەرباری بوونی سەرکوت و توقاندن، ویستی ئازادیخوازی و ڕووبەڕووبوونەوەی ستەمکاری هەمیشە لە ناخی مرۆڤی کورددا هەبووە و دەمێنێ. شانازییەکی تری ڕاپەڕین یەکڕیزیی گەل و پێشمەرگە و لایەنە سیاسییەکان و پلان و دووربینیی سەرکردایەتیی سیاسیی کورد بوو. ئەم یەکڕیزییە بووە فاکتەرێکی بەهێز کە لە سەردەمێکی ئاڵۆز و تاریکدا ئازادی مسۆگەر بکرێت. سەیری مێژووی گەلی کوردستان بکەن هەمیشە دەستکەوت و سەرکەوتنەکان ئەو کاتە بەدەست هاتوون کە یەکڕیزی لەنێو ڕیزەکانی گەل و خەباتگێڕان و تێکۆشەرانی کورددا هەبووە.

ئەزموونی ڕاپەڕین و قۆناغی ڕاپەڕین ئەزموونێکی دەوڵەمەندی دەرفەت و ئاستەنگەکان بوو بۆ گەلی کوردستان و قۆناغێکی پڕ لە ڕووداو و پێشهاتی خۆش و ناخۆش بوو. ئەو قۆناغە بابەتێکی ترێشی بۆ وڵاتانی ناوچەکە و هەموو ئەو لایەنانە سەلماند کە لە گۆڕانکاری و پێشهاتەکانی هەرێمی کوردستان نیگەران بوون لە ڕاپەڕینەوە هەتا ئێستا هەرێمی کوردستان یەکگرتنی سەلماندی کە هەڕەشە نییە بۆ سەر دراوسێکان، بەڵکوو توانی فاکتەری سەقامگیریش بێت.

چاپی یەکەم
حوزەیرانی ٢٠٢٢

شتێکی باشە»، منیش پێم گوت: «جەنابی وەزیر شتێکی باشە، بەڵام قابیلی خوێندنەوەی جیاوازە و زۆر مانا هەڵدەگرێت، ئەگەر دیاری بکرێت باشترە»، وەزیر پرسیاری کرد: «هیچ شێوازێکی دیاریکراو هەیە؟» گوتم: «بە بۆچوونی من فیدراڵی شێوازێکی سەرکەوتووە بۆ ئەم قۆناغە»، مام جەلالیش خێرا گوتی: «پشتگیریی هەموو بۆچوون و قسەکانی بارزانی دەکەم». دواتر وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا لە بەیاننامەیەکدا ئاماژەی بەو خاڵە کرد کە ئۆپۆزسیونی عێراقی لەسەر هەر شێوازێك بۆ حوکمڕانیی عێراق ڕێك بکەون، ئێمە ڕازین.

ئەم ڕاشکاوییەی سەرۆك بارزانی لەناو وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا و دواتر بەیانەکەی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا، وەك گڵۆپی سەوز بۆ کوردستان لەقەڵەم دەرێت کە دەکرێت دروشمەکە لە «ئۆتۆنومی بۆ کوردستان و دیموکراتی بۆ عێراق» بگۆڕێت بۆ «عێراقێکی فیدراڵی و فرەیی و دیموکراتی و پەرلەمانی»، ئەم گڵۆپە سەوزە کە سەرۆك بارزانی زۆر لە مێژ بوو چاوەڕێی بوو لە ڕۆژئاوا و ئەمریکا بۆی هەڵبکرێت، لەم سەردانەیدا نەك هەر لەسەر ئاستی ئەمریکا، بەڵکو لەسەر ئاستی تەواوی وڵاتانی ئەوروپا قبووڵ کرا، هەر بۆیە دوای گەڕانەوەی لەم سەردانە سەرکەوتووە، لە ئەیلوولی ١٩٩٢ سەردانی پەرلەمانی کوردستانی کرد و، دوای باسکردنی ئاکامی سەردانەکەی، پەرلەمانی ڕاسپارد بۆ ئەوەی پرسی فیدراڵی تاوتوێ بکەن، پەرلەمانیش لە ماوەی کەمتر لە مانگێکدا زەمینەسازی کرد و لە ٤ی ئۆکتۆبەری ١٩٩٢ ئەم بڕیارە مێژووییەی دا، پاشان لە کۆنگرەی ئۆپۆزسیونی عێراقی پەسەند کرا و دوای ڕووخانی ڕژێمی سەدام حوسێنیش، لە نووسینەوەی دەستووری عێراق لە ٢٠٠٥ شەرعییەتی دەستووریشی بە بەردا کرا.

ئەم مێژووە ئەوەمان پێ دەڵێت کە کاریزمای سەرۆك مسعود بارزانی لەسەر ئاستی دەوڵەتێکی گەورەی وەك ئەمریکا لە ساڵی ١٩٩٢ەوە حیسابی وردی لەسەر کراوە و، هەر پرسێکیش بارزانی شانی بداتە بەر نەتەوەکەی هەر پێی دەگات.



ستراتیژیەتی بازرگانی لە کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ خزمەتی هاووڵاتیان و دابینکردنی پێداویستییە سەرەکییەکانی خۆراك و بونیاتنانی ژێرخانی کەرتی بازرگانییە، ئامانج لەم ستراتیژیەتە بەهێزکردنی ئابووریی هەرێمی کوردستانە لە ڕێگەی دابینکردنی پێداویستی و کەرەستەی خاوی سەرەکیی بووژانەوەی کەرتە ئابوورییەکانی (پیشەسازی و کشتوکاڵ و گەشتیاری و وزە و کارەبا و پەرەپێدانی خزمەتگوزارییەکان)، ئەمە وێڕای ئەوەی لە ناوچە جیاجیاکانی کوردستان چەندین سایلۆ دروستکرا و ژمارەیەکی دیکەش لە پلان و بەرنامەی وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازیدایە، داتا و ئامارەکانی ئەم بوارە ئەو ڕاستییە دەردەخەن کە تا دێت ژمارەی کۆمپانیاکان و جووڵەی بازرگانی ڕووی لە زیادبوون کردووە، بۆ قسەکردن لەسەر گرنگترین کار و چالاکییەکانی کەرتی بازرگانی و هەوڵەکانی حکومەت بۆ بووژانەوەی بازرگانی و دابینکردنی خۆراك بۆ هاووڵاتیان و ڕێگرتن لە گەندەڵی و قۆرخکاری، گۆڤاری گوڵان دیدارێکی لەگەڵ سەروەر کەمال هاواری بریکاری وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازیی بۆ کاروباری بازرگانی سازدا، لێرەدا پوختەی وتەکانی بڵاودەکەینەوە.

## سەروەر کەمال هاواری

بریکاری وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی بۆ کاروباری بازرگانی بۆ گوڵان:

# لەم کابینەیەدا چاودێرییەکی باشی بازاڕمان کرد و کەرتی بازرگانیمان خستە خزمەتی هاووڵاتیانەوە

*** لەسەر ڕاسپاردەی مسرور بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان، بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی شوێنەوارەکانی هەڵاوسانی نرخ و دابینکردنی پێداویستییە سەرەکییەکانی خۆراک، کە بە هۆی جەنگی ڕووسیا و ئۆکرانیا و داشکانی بەهای دینار دروست بووە، چەند بڕیاری گرنگ دەرچوون، دەکرێت بزانین گرنگترینی ئەو بڕیارانە چین کە لەم کابینەیەدا دەرچووە و چووەتە قۆناغی جێبەجێکردنەوە؟**

- پەتای کۆرۆنا و هەڵگیرسانی شەڕی ڕووسیا و ئۆکرانیا کاریگەریی خراپی لەسەر ڕەوشی ئابووری جیهان کردووە، کە بە هۆکاری سەرەکیی کەمبوونەوەی بەرهەمی خۆراك لە جیهان و گرانبوونی نرخەکانی دادەنرێت، هەڵبەتە پێشتریش لە عێراق و کوردستان بەهۆی داشکانی بەهای دینار بەرامبەر دراوە بیانییەکان، کە لە لایەن بانکی ناوەندیی عێراقەوە پەیڕەو کرابوو، نرخی خۆراکی جیهانی لەسەر هاووڵاتیانی عێراق و هەرێمی کوردستانیش گران ببوو، هەڵکشانی نرخی نەوت و گرانبوونی سووتەمەنییش کاریگەریی لەسەر گرانیی گواستنەوە دروست کردووە، بۆ کەمکردنەوەی شوێنەوارەکانی هەڵکشانی نرخی خۆراك لەسەر هاووڵاتیانی کوردستان و ڕێگەگرتن لە بارگرانی و نەبوون و گرانیی نرخی خۆراکە سەرەکییەکان، ڕێزدار مسرور بارزانی سەرۆك وەزیرانی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ٢٠٢٢/٤/٦ بڕیاری لێخۆشبوونی گومرگیی بۆ چەندین کاڵای سەرەکی دەرکرد، بە تایبەتی (ئارد و برنج و زەیت و ڕۆن و پاقلەمەنییەکان و شیری منداڵان و شەکر...) تاوەکو ئەو بەرهەمە خۆراکییە سەرەکییانە کە پێداویستیی ڕۆژانەی هاووڵاتیانە، نرخەکەی زیاتر ڕوو لە هەڵکشان نەکات و جۆرێك لە سەقامگیریی بازاڕ دروست ببێت، ڕاستەوخۆ بڕیارەکەی سەرۆك وەزیران کەوتە بواری جێبەجێکردنەوە و بەمەش حکومەت لە بەشێك لە داهاتی گومرگیی خۆی بۆ بەرژەوەندیی هاووڵاتیان خۆش بوو، ئێمە لە وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی بەتایبەت لە بۆردی خۆراك، پێشتر ئەزموونی بەرەنگاربوونەوەی شوێنەوارەکانی کۆرۆنامان هەبوو، کە ڕێگەمان نەدا ئەو دۆخە ببێتە هۆی کەمبوونەوەی خۆراك و درووستبوونی قەیرانی خۆراك، ئەو دەمە زۆر لە کارگە گەورەکانی خۆراك ڕاوەستابوون، لە کاتی کەرەنتینە گرفتی گواستنەوەش هەبوو، بە هەموو پێوەرەکان لە سەردەمی کۆرۆنادا مەترسییەکانی ئەگەری دروستبوونی قەیرانی خۆراك زۆر مەترسیدارتر بوو، لەگەڵ ئەوەشدا بە پاڵپشتی و لەسەر ڕاسپاردەی سەرۆکی حکومەت ڕێگە نەدرا قەیرانی خۆراك دروست بێت، لەکاتێکدا حکومەتی هەرێمی کوردستان بە هۆی کۆرۆنا و دابەزینی بەهای نەوت، لە بەردەم کێشەیەکی گەورەی سیولەی نەختینەییدا بوو، مەترسییەکانی ئەو دۆخە بە هیچ شێوەیەك بەراورد بە ئێستا ناکرێت، لە ئێستادا کەرتی بەرهەمهێنان و کارگە و کارخانەکان و بووژانەوەی کەرتی کشتوکاڵ و گواستنەوە ڕانەوەستاوە، لە ئێستادا هۆکارەکانی گواستنەوە بەردەوامە و کارئاسانییەکی باشمان بۆ گواستنەوەی کەرەستەی خاوی کارگە بەرهەمهێنانەکانی خۆراکمان کردووە، بە تەواوەتی گومرگی سەر گەنم و ئارد هەڵگیراوە و ڕۆتین نەماوە و پشکنینی پزیشکی خێرا کراوە، ئاسانکاری لەسەر باجی تایبەت بە کۆمپانیاکانی خۆراکی و دەیان هەنگاو و ئاسانکاریی دیکەی وەکو کردنەوەی نووسینگەی هەناردەکردن لە دهۆك کراوە، تاوەکو بۆ کاری بازرگانی نەگەڕێنەوە بۆ شاری هەولێر و ئیشوکارەکان خێرا بەڕێوە بچن، هەموو ئەم هۆکارانە وایان کرد مۆڵەتی هاوردەکردن زۆر زیاتر بێت و ڕێگە لە هەڵکشانی زیاتری نرخەکان بگرین و پاڵپشتێکی باشی خۆراك بین بۆ هاووڵاتیان، تەنانەت ڕەچاوی بەرهەمی خۆماڵیمان کرد، بۆ نموونە بەرهەمی پەلەوەر و هێلکە و بەرهەمی کشتوکاڵیی جووتیاران و خاوەن پڕۆژە و کارگەکانی ناوخۆ پاڵپشتی کران و، پەیوەندییەکی باشمان لەگەڵ وەزارەتە پەیوەندیدارەکان و دەستەی وەبەرهێنان و ژووره بازرگانی و پیشەسازییەکان و کونسوڵخانە و گەورە کۆمپانیاکانی بواری خۆراك و بازرگانی هەیە، هەموان لە خزمەتی پەرەپێدانی کەرتی بازرگانی و بەرەوپێشچوونی ژێرخانی خۆراکین، هاوکات بە دەیان سەرپێچیکار سزا دراون و مەوادی خراپ دەستی بەسەردا گیراوە.

*** باسی چاودێریکردنی بازاڕ و بەدواداچوون بۆ بەرهەمی ئیکسپایەر و مەترسیدارت کرد، گەمەکردن بە مارکە و ساختەکاری**

**بۆ کەمکردنەوەی شوێنەوارەکانی هەڵکشانی نرخی خۆراك لەسەر هاووڵاتیانی کوردستان و ڕێگەگرتن لە بارگرانی و نەبوون و گرانیی نرخی خۆراکە سەرەکییەکان، ڕێزدار مسرور بارزانی سەرۆک وەزیرانی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ٢٠٢٢/٤/٦ بڕیاری لێخۆشبوونی گومرگیی بۆ چەندین کاڵای سەرەکی دەرکرد**

**ڕاستەوخۆ دوای دەستبەکاربوونم کارم بۆ دیراسەتکردن و کۆکردنەوەی زانیاری کرد لەسەر فۆڕخکاری و چۆنیەتی کۆنترۆڵکردنی، ئەوە بوو ئەنجومەنی پاراستنی کێبڕکێ و قەدەغەکردنی فۆڕخکاریی لە وەزارەت دروست کرا کە خۆم سەرۆکایەتیی ئەو ئەنجومەنە دەکەم**

**بۆ خێراتر و باشکردنی بەڕێوەچوونی کارەکان و کەمکردنەوەی ڕۆتین، لەم کابینەیە ڕەزامەندی درا بە دامەزراندنی بەڕێوەبەرایەتییەکانی چاودێریی بازرگانی لە زاخۆ و سۆران و ڕێکخستنی پسوولەی خۆراك لە هەڵەبجە**

**بەپێی ئامارەکان ٥٥٣ مۆڵەت بە کارگەی کەرتی تایبەت دراوە، تەنیا ژمارەی پێدانی هێمای بازرگانی بە کۆمپانیا خۆماڵییەکان ١,٥٢٩ کۆمپانیا بووەو، بیانییەکانیش ٨٦١ کۆمپانیا بووە**

**لە ٢٠٢١ ژمارەی کۆمپانیا تۆمارکراوەکان گەیشتووەتە ٣١,٣٥٥ کۆمپانیا، کە ٩٠٪ی کۆمپانیای خۆماڵی بووە، لەو ساڵەدا ژمارەیەک کۆمپانیای خۆماڵی تۆمارکرا کە ١,٣٧١ کۆمپانیا بووە**

**یاساکانی (پاراستنی بەرهەمی خۆماڵی و ڕێنمایی تایبەت بە هاوردە و هەنادرە و چاودێریی بازرگانی) هەموار کرانەوە و پەیڕەوی پاراستنی کێبڕکێ و نەهێشتنی قۆرخکاری پەسەند کراوە**

**لە بازاڕێکی وا گەورەی ناوخۆی هەرێمی کوردستاندا کارێکی هەر وا ئاسان نییە، ئایا چۆن توانیوتانە سەرپێچییەکان ئاشکرا بکەن و بەردەوام چاودێرییەکی باشی دۆخی بازاڕ بکەن و قۆرخکاری نەهێڵن و سەقامگیریی بازاڕ بپارێزن؟**

- پرسیارەکەتان چەند تەوەرەیەك لەخۆ دەگرێت، سەرەتا بەڕێوەبەرایەتییەکانی بازرگانی و چاودێریی بازاڕ لە پارێزگاکان و بنکەکانمان لە ئیدارە سەربەخۆ و قەزاکاندا ڕۆڵی گەورەو گرنگیان لە پشکنین و چاودێریکردنی نرخ و کوالیتی و مادەی ماوەبەسەرچوودا هەبووە، بەردەوام لە نزیکەوە بەدواداچوونی کارەکانیان دەکەم، بە دڵنیاییەوە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی بازرگانیمان لە ڕێگەی لیژنەکانی چاودێری و بەدواداچوونی بازاڕ و، بە هاوبەشی لەگەڵ لیژنەکانی پارێزگاکان سزای توندی سەرپێچیکارانیان داوە، لەمەشدا هوشیاری و ڕۆشنبیریی هاووڵاتیان بۆ ئێمە زۆر بەسوود بووە و بەردەوام هاوکارمان بوون، داوا لە بازرگان و کاسبکارانیش دەکەین خۆیان لە هەموو سەرپێچی و کڕین و فرۆشتنێکی مەواد و کەرەستە و خۆراکی ماوەبەسەرچوو و خراپ بپارێزن، هەروەکو چۆن داوا لە دەزگاکانی ڕاگەیاندنیش دەکەم هاوکارمان بن بۆ دەستنیشانکردن و ناساندنی ئەو شوێن و کۆگا و مارکێتانەی کاڵا و کەلوپەلی ئیکسپایەر و خراپ دەفرۆشن.

سەبارەت بە تەوەری دووەمی پرسیارەکەتان کە تایبەت بە قۆرخکاری و ئەوەش گرفتێکی گەورەیە، نەك تەنیا لە کوردستان بەڵکو لە هەموو وڵاتانی جیهاندا هەیە، هەر ڕاستەوخۆ دوای دەستبەکاربوونم کارم بۆ دیراسەتکردن و کۆکردنەوەی زانیاری کرد لەسەر قۆرخکاری و چۆنیەتی کۆنترۆڵکردنی، ئەوە بوو ئەنجومەنی پاراستنی کێبڕکێ و قەدەغەکردنی قۆرخکاریی لە وەزارەت دروست کرا کە خۆم سەرۆکایەتیی ئەو ئەنجومەنە دەکەم، بۆردی لێکۆڵینەوەشمان لە دۆسیێ گەندەڵی دامەزراند و باجیشمان لە سەرجەم کۆمپانیاکان بە بێ جیاوازی وەرگرت.

بۆ خێراتر و باشکردنی بەڕێوەچوونی کارەکان و کەمکردنەوەی ڕۆتین، لەم کابینەیە ڕەزامەندی درا بە دامەزراندنی بەڕێوەبەرایەتییەکانی چاودێریی بازرگانی لە زاخۆ و سۆران و ڕێکخستنی پسوولەی خۆراك لە هەڵەبجە.

*** سەبارەت بە کۆمپانیا خۆماڵی و بیانییەکان تاچەند پێدانی مۆڵەت هاندەر بووە بۆ زیادبوونی ژمارەی کۆمپانیاکان، بەتایبەتی کە لە شەڕی داعش و بڕینی بودجە و پەتای کۆرۆنادا ژمارەیەکی زۆری کۆمپانیاکان دوچاری مایەپووچبوون بوون و داخران؟**

- ژمارەی کۆمپانیا و کارگەکان لەم کابینەیەدا ڕوویان لە زیادبوون کردووە، کارگەکان مەبەستم کارگە و کارخانەی کەرتی کشتوکاڵی و خۆراکییە، بۆ نموونە بەپێی ئامارەکان ٥٥٣ مۆڵەت بە کارگەی کەرتی تایبەت دراوە، تەنیا ژمارەی پێدانی هێمای بازرگانی بە کۆمپانیا خۆماڵییەکان ١,٥٢٩ کۆمپانیا بووەو، بیانییەکانیش ٨٦١ کۆمپانیا بووە، لە ساڵی ٢٠٢١ ژمارەی کۆمپانیا تۆمارکراوەکان گەیشتووەتە ٣١,٣٥٥ کۆمپانیا، کە ٩٠٪ی کۆمپانیای خۆماڵی بووە، لەو ساڵەدا ژمارەیەك کۆمپانیای خۆماڵی تۆمارکرا کە ١,٣٧١ کۆمپانیا بووە، هەموو ئەم ژمارە و داتایانە بنەمایەکی سەرەکیی هەڵکشانی مۆڵەتی هاوردە و هەناردە بووە، بە ڕادەیەك ٢٥,٨٠٢ مۆڵەتی هاوردە و ٦٠٠ مۆڵەتی هەناردە دراوە، کە بڕەکەی لە سەرووی ٢٢ ملیار و ٤٠٠ ملیۆن دۆلار بووە، لەگەڵ زۆربەی بەشی ئابووری و بازرگانیی باڵیۆز و کونسوڵخانەکانیش گفتوگۆی چڕمان کردووە و ئامادەیی وەزارەتمان نیشان داون بۆ پێشکەشکردنی هەموو کارئاسانی و هاوکارییەك، بۆ دامەزراندنی کۆمپانیا و لقەکانیان لە کوردستان، لەگەڵ ژوورە بازرگانی و پیشەسازییەکانی کوردستان هەماهەنگیی باش و بەرزمان هەیە.

*** کەواتە لەم کابینەیەدا کۆمەڵێك یاسای نوێ دەرچوو، هاوکات ژمارەیەکیش لە یاسای کۆن هەموار کرایەوە، پرسیار لێرەدا ئەوەیە، ئایا گرنگترینی ئەو یاسایانە چین کە لە وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی لە بواری کەرتی بازرگانی جێبەجێ کراون؟**

- یاساکانی (پاراستنی بەرهەمی خۆماڵی و ڕێنمایی تایبەت بە هاوردە و هەناردە و چاودێریی بازرگانی ) هەموار کرانەوە و پەیڕەوی پاراستنی کێبڕکێ و نەهێشتنی قۆرخکاری پەسەند کراوە، بە شێوەیەکی گشتی یاساکانی وەزارەتی بازرگانی و یاسای یەکێتی ژوورە

بازرگانییەکانی کوردستان و یاسای بازرگانی هەموار کرایەوە و، لەسەر بنەمای کەمکردنەوەی کاتی پێشکەشکردنی خزمەتی کردنەوەی لقی کۆمپانیاکان و یاسا پەیوەندیدارەکان یاسای تۆمارکردنی ناوی کۆمپانیاکان ئامادە کرا، ژمارەیەکیش لە یاسای نوێ لەژێر دیراسەت و توێژینەوەدایە، بۆ ئەوەی وەکو پرۆژەیەکی پێشنیارکراو بۆ ئەنجومەنی وەزیران و دواتر بۆ پەرلەمان بەرز بکرێتەوە.

*** لە کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا ژمارەیەك سایلۆی نوێ دامەزران، ئایا لە بواری دروستکردنی سایلۆکان و باشترکردنی ژێرخانی هەرێمی کوردستان بۆ ئەمبارکردنی گەنم و جۆ، چ پرۆژە و هەنگاوێکی دیکەتان لە بەردەمدایە؟**

- بۆ پاڵپشتیکردنی ئاسایشی خۆراکی کە بە یەکێك لە بنەما سەرەکییەکانی حوکمڕانیی باش و بەهێز دادەنرێت و لە ڕیزبەندی پێشەوەی کارنامەی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان دادەنرێت، حکومەتی هەرێمی کوردستان تەنیا لە ماوەی دوو ساڵی ٢٠٢١-٢٠٢٢ سێ سایلۆی لە (کەلار و قوشتەپە و ڕۆڤیا) تەواو کرد، هەریەکەو توانای کۆگاکردنی ٤٠ هەزار تەنی هەیە، ئەمە جگە لە دروستکردنی ١٩ کۆگا لە هەمان شوێنی سایلۆکان، لە کۆتایی ساڵی ٢٠٢٠ توانای ئەمبارکردنی گەنم لە سایلۆکان ٤٦٥ هەزار تەن بووە، بەڵام بە تەواوبوونی ئەو سێ سایلۆیە و ئەمبارەکانی ئەم توانایە لە ٢٠٢١ بۆ ٥٨٥ هەزار تەن لە سایلۆ و لە پەنگەرەکان ٤١١ هەزار تەن بەرز بووەتەوە، بەمەش پێویستیی ساڵانەی دانیشتووانی هەرێمی کوردستان دەتوانرێت ئەمبار بکرێت، دروستکردنی سایلۆ لە چوارچێوەی دروستکردنی متمانە و نەمانی ترس لە نەبوون و کەمیی خۆراك و پاڵپشتیکردنی بەرهەمی جووتیاران و بووژانەوەی کەرتی کشتوکاڵ و کەرتی بازرگانییش دێت.

ئەنجوومەنی وەزیران ڕەزامەندی داوە لەسەر دروستکردنی سێ کۆگا لە سایلۆی فایدە و، هەروەها سایلۆی هەڵەبجە و دروستکردنی بینایە بۆ بەڕێوەبەرایەتیی پسوولەی خۆراکی هەولێر، ئەمە وێڕای پێشنیارکردنی دروستکردنی دەیان بینایەی جۆراوجۆر و نۆژەنکردنەوەی کۆگاکانی کەلوپەلی خۆراك و دروستکردنی کۆمەڵگەکانی سەر بە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی بازرگانی لە سۆران و زاخۆ و ڕاپەڕین و، دروستکردنی بینایەی بنکەکانی چاودێری لە قەزاکانی سەر بە پارێزگای دهۆك، ناوچە پیشەسازییەکانیش چەندین کارگەی پیشەسازیی خۆراکی لەخۆ دەگرێت و، کاریگەریی باشی لەسەر دۆزینەوەی هەلی کار و گەشەپێدانی کەرتی هەناردەکردن دەبێت.

*** لە ڕووی بازرگانی و بەشە خۆراك و خەرجییە سیادی و حاکیمەکان کەرتی بازرگانی پەیوەندییەکی بەهێزی لەگەڵ ناوەند لە بەغدا هەیە، تا چەند ئەو پەیوەندییانە لە خزمەتی هاووڵاتیان و جووتیارانی کوردستاندا بووە؟**

- ئێمە لە ڕێگەی خەرجیی سیادی و حاکیمە کە بەشە خۆراکمان هەیە، پەیوەندی و هەوڵەکانمان بەردەوامن بۆ دابینکردنی شایستە و پشکی هەرێمی کوردستان وێڕای کەموکورتی و گلەییەکانمان، هەرچەندە وەکو شارەکانی دیکەی عێراق مامەڵەمان لەگەڵ نەکراوە، بەڵام بە هەوڵ و هیممەتی زۆر توانیمان کارێك بکەین کە پێدانی شایستە داراییەکانی گەنمی جووتیاران لە ئەمساڵدا هیچ کێشە و گرفتێکی بۆ دروست نەکرێت، تەنانەت کارئاسانی و پاڵپشتیی ژمارەیەك کۆمپانیامان کرد بۆ کڕینەوەی گەنمی جووتیاران، سەبارەت بە کێشەکانیش لەسەر ئاستی باڵا بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان هەوڵی باش هەیە و، لە هەوڵی بەردەوامداین بۆ واڵاکردنی ناوچەکانی ناوەڕاست و خوارووی عێراق لە بەردەم بەرهەمی خۆماڵیدا، گفتوگۆکانیشمان بەردەوامە بۆ یەکخستنی پێناسەی گومرگی و لابردنی خاڵە گومرگییەکانی نێوان هەرێم و ناوچەکانی دیکەی عێراق.

لەو بڕوایەداین بەهێزکردنی پەیوەندییەکان لەگەڵ حکومەتی ناوەندی لە هەردوو کەرتی بازرگانی و کشتوکاڵ و، لابردنی ئەو ئاستەنگانەی لە ناوەند بۆ ناردنی بەرهەمی خۆماڵی دروست دەکرێت، هەمووی لە بەرژەوەندی و قازانجی برا جووتیار و بازرگان و پیشەسازیکارانە و، دواتر لە بەرژەوەندیی زۆربوونی هەلی کار و ئابووریی کوردستاندایە، لەم پێناوەشدا لە هەوڵەکانمان بەردەوام دەبین.

**حکومەتی هەرێمی کوردستان تەنیا لە ماوەی دوو ساڵی ٢٠٢١-٢٠٢٢ سێ سایلۆی لە (کەلار و قوشتەپە و ڕۆڤیا) تەواو کرد، هەریەکەو توانای کۆگاکردنی ٤٠ هەزار تەنی هەیە، ئەمە جگە لە دروستکردنی ١٩ کۆگا لە هەمان شوێنی سایلۆکان**

**دروستکردنی سایلۆ لە چوارچێوەی دروستکردنی متمانە و نەمانی ترس لە نەبوون و کەمیی خۆراک و پاڵپشتیکردنی بەرهەمی جووتیاران و بووژانەوەی کەرتی کشتوکاڵ و کەرتی بازرگانییش دێت**

**هەرچەندە وەکو شارەکانی دیکەی عێراق مامەڵەمان لەگەڵ نەکراوە، بەڵام بە هەوڵ و هیممەتی زۆر توانیمان کارێک بکەین کە پێدانی شایستە داراییەکانی گەنمی جووتیاران لە ئەمساڵدا هیچ کێشە و گرفتێکی بۆ دروست نەکرێت**




جووست هیڵتەرمان

بەڕێوەبەری پرۆگرامی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و باکووری ئەفریقا لە گرووپی قەیرانە نێودەوڵەتییەکان بۆ گوڵان:

# پێویستە بنیاتنانەوەی دامەزراوەکان بکرێتە پرسی بنەڕەتی لەم ناوچەیەدا

**جووست هیڵتەرمان نووسەر و ڕۆژنامەنووس و چالاکی هۆڵەندییە و بەڕێوەبەری پرۆگرامی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و باکووری ئەفریقایە لە گرووپی قەیرانە نێودەوڵەتییەکان، پێشتریش جێگری بەڕێوەبەری ئەم پرۆگرامە بووە لە هەمان گرووپدا، هەروەها بەڕێوەبەری پرۆژەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بووە لەم گرووپەدا، تایبەتمەند و پسپۆڕی بواری ئەمنی و تایفەگەری و دیموکراسییە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، هەروەها تایبەتمەندی پرۆسەی دەستووری و پەیوەندییەکانی عێراقە بە دەوڵەتە دراوسێکانییەوە. گوڵان لە میانەی دیمانەیەکدا چەند پرسێکی لەگەڵدا تاوتوێ کرد، کە پتر پەیوەست بوون بە دۆخی ئێستای ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و کێشە و تەنگژەکانی ئەم ناوچەیەوە.**

*** وەك ئاشکرایە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە دەست چەندین تەنگژە و قەیرانەوە دەناڵێنێت، لە ڕوانگەی ئێوەوە کام پێشهات و پەرەسەندن زیاتر مایەی نیگەرانییە و بە واتایەکی دیکە چ کێشە و تەنگژەیەکی ئەم ناوچەیە دەبێت بکرێتەوە ئەولەوییەت و ئاوڕی بەپەلەی لێ بدرێتەوە؟**

- لە ڕاستیدا من پێم وایە ئەمە پرسیارێکی زۆر گشتییە و ڕەنگە من نەتوانم لە چەند دێڕێکی کورتدا وەڵامی بدەمەوە، ئەمە پێویستی بە شرۆڤەکارییەکی دوور ودرێژ هەیە.

*** زۆر باشە، ئەگەر بمانەوێت پرسیار لە بارەی پرسێکی دیاریکراوەوە بکەین لە بارەی ئەم ناوچەیەوە، ئەوا وەك ئاشکرایە چەندین بزووتنەوەی نارازی و تەنانەت ڕاپەڕینی جەماوەرییش ڕوویان داوە، کە بوونە هۆی ڕووخاندنی چەندین حکومەت و دەسەڵات لەم ناوچەیەدا، بە چەشنی ئەوەی لە بەهاری عەرەبیدا بەدی کراوە، بەڵام تا ئێستا ئەم نارەزایەتی و بزووتنەوانە دەرئەنجامێکی خوازراویان لێ نەکەوتووەتەوە و نەتوانراوە حوکمڕانییەکی دیموکراسی لە زۆرێك لەم وڵاتانەدا بەدی بهێنرێت، بۆچوونی ئێوە لەم بارەیەوە چییە؟**

- سەرەتا دەبێت ئاماژە بەو ڕاستییە بکەین کە نارەزایی و خۆپیشاندانە جەماوەرییەکانی سەرشەقامەکان، لە میانەی ڕاپەڕینەکانی بەهاری عەرەبیدا بە چەشن و ئەندازەیەکی سەرەکی بانگەشە نەبوون بۆ بەدیهێنانی دیموکراسی، مەبەستم ئەوەیە کە دەستەواژە، یان بانگەشە بۆ هێنانەئارای دیموکراسی بە چەشنێکی بەربڵاو بەکار نەهێنرا، بەراورد بە

دەستەواژەی دادپەروەریی کۆمەڵایەتی، بابەت و پرسە بنەڕەتی و بنچینەییەکانی دیکەی وەك کار و خۆراك. بە هەر حاڵ، بەو ڕاددەیەی کە ئەم گەلانە هەوڵی بەدەستهێنانی بەشدارییەکی بەربڵاوتری سیاسییان دەدا، ئەوا دەتوانین بڵێین هەوڵ و کۆششەکانیان دوچاری شکستهێنان بوونەوە، ئێستاش ئەگەر لە بارودۆخەکە بڕوانین ئەوا دەتوانین بڵێین هەلومەرجی هیچ وڵاتێك لەو وڵاتانەی ئەم پێشهات و پەرەسەندنانەیان بەخۆوە بینی، بەرەو باشتر نەچووە.

*** وڵاتانی ئەم ناوچەیە و بە دیاریکراوی وڵاتانی عێراق و سووریا دوچاری کێشەی سەخت و دژوار بوون و، لەسەر دەستی گرووپە تیرۆریستییەکان کوشتار و کاولکارییەکی زۆریان بەسەردا هات، ئێستاش ئەم گرووپانە بە یەکجاری ڕیشەکێش نەکراون، بە تێڕوانینی ئێوە بۆچی نەتوانراوە هۆکارە ڕیشەییەکانی سەرهەڵدان و گەشەکردنی ئەم گرووپانە چارەسەر بکرێن؟ بە واتایەکی دیکە پێویستە بۆ بەرەنگاربوونەوە و بەرپەرچدانەوەیان چی بکرێت؟**

- لە ڕاستیدا ئەمە بەندە بەوەی کە ئێوە ئاماژە بە چ گرووپ و بە دیاریکراوی بە چ وڵات و هەلومەرجێك دەکەن، چونکە لە لایەك گرووپە جیهادییەکان هەن و لە لایەکی دیکەوە ئەو گرووپانەی دیکە هەن کە لە بارودۆخە پڕ لە پشێوییەکاندا گەشە دەکەن، لێرەدا مەبەستم لە بارودۆخی پڕ لە پشێوی حاڵەتەکانی داڕووخانی دەوڵەت و بەرپابوون و هەڵگیرسانی شەڕی ناوخۆییە، ئەوەی پەیوەست بێت بە بەرەنگاربوونەوە، یان چارەسەرکردنی هۆکارە ڕیشەییەکانی سەرهەڵدانی ئەم گرووپانە، ئەوا دەتوانین لەم ڕووەوە بڵێین کە سەقامگیرکردنەوەی وڵاتان و دووبارە بنیاتنانەوەی دامەزراوەکان بە چەشنێك کە بوار و دەرفەت بۆ مومارەسەکردنی بەشداری سیاسی بڕەخسێنن و لە هەمان کاتدا دادپەروەری دەستەبەر و دابین بکەن، لەو پرسە بنەڕەتییانەن کە پێویستە لە بەرچاو بگیرێن و بایەخیان پێ بدرێت.

*** وەك ئاشکرایە کە کێشە، یان تەنگژەیەکی ڕیشەقووڵ و دێرینی دیکە کە دوچاری وڵاتانی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بووەتەوە، بریتییە لە ناکۆکی، یان ڕکابەریی تایفەگەری، بەتایبەتی لە نێوان شیعە و سوننەدا، تێڕوانینی ئێوە چییە لەم بارەیەوە و دەبێت چۆن مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت؟**

- لە ڕاستیدا چەندین کێشە هەن کە بارودۆخی ناوچەکەیان ناسەقامگیر و ئاڵۆز کردووە، کە دەتوانین بڵێین کێشە و ناکۆکیی تایفەگەری یەکێکە لەو پرسانە، کێشەی هەر یەکێك لەم گرووپە تایفەگەرییانە ئەوەیە کە هەندێ گرووپ، یان تاکەکەسەکان هەوڵدەدەن بەرگ و ڕواڵەتێکی سیاسییانە بکەن بە بەر جیاوازی و دابەشبوونە کۆمەڵایەتییەکاندا، هەموو ئەوانەش لە پێناو برەودانە بە بەرەژەوەندییە تایبەتییەکانی خۆیان، لەم ڕوانگەیەوە من پێم وایە دەبێت کار لەسەر جۆری ئەو سیاسەتە بکەین کە دەیگرینەبەر نەك هەوڵی چارەسەرکردن، یان نەهێشتنی جیاوازییەکان بدەین.

*** ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە کێشە و ناکۆکیدایە لەگەڵ ئێران و زۆربەی جار بەرپرسانی ئیدارەی ئەمریکا ئۆباڵی هەندێ لە کێشەکانی ناوچەکە دەخەنە ئەستۆی ئێران، دید و تێڕوانینی ئێوە لەم ڕووەوە چییە و ئایا پێت وایە دەرفەت و بواری ئەوە هەیە ئێران و ئەمریکا بتوانن هەنگاو هەڵبگرن، بۆ ئەوەی بەلای کەمەوە بگەنە جۆرێك لە تێگەیشتن لەبارەی کێشە و ناکۆکییەکانیانەوە؟**

- ئەمە پەیوەستە بەوەی ئایا ئێمە مەبەستمان چییە کاتێك باسی کێشەکان دەکەین، چونکە ئاشکرایە کە لە ڕوانگەی ئێرانەوە، ئۆباڵی هاتنەئارا و دروستبوونی کێشەکان لە ئەستۆی هەردوو وڵاتی ئیسرائیل و ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکایە، دواتر من پێم وایە یەکەم هەنگاو کە دەبێت بە ئاراستەی چارەسەرکردن و یەکلاکردنەوەی هەر کێشەیەك هەڵبگیرێت، بریتییە تێگەیشتن لە هۆکار و پاڵنەرەکانی لایەنی بەرامبەری کێشە و ناکۆکییەکە، دواتر دەبێت کار بکرێت بۆ دۆزینەوەی زەمینەیەکی هاوبەش، کە بوار و دەرفەت بهێنێتەئاراوە بۆ گەیشتن بە چارەسەرێك.

*** نکۆڵی لەوە ناکرێت کە یەکێك لە ناکۆکییە دێرین و ئاڵۆزەکانی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی**

**هەندێ گرووپ، یان تاکەکەسەکان هەوڵدەدەن بەرگ و ڕواڵەتێکی سیاسییانە بکەن بە بەر جیاوازی و دابەشبوونە کۆمەڵایەتییەکاندا، هەموو ئەوانەش لە پێناو برەودانە بە بەرەژەوەندییە تایبەتییەکانی خۆیان**

**یەکەم هەنگاو کە دەبێت بە ئاراستەی چارەسەرکردن و یەکلاکردنەوەی هەر کێشەیەک هەڵبگیرێت، بریتییە تێگەیشتن لە هۆکار و پاڵنەرەکانی لایەنی بەرامبەری کێشە و ناکۆکییەکە**

**ئامانجی بنەڕەتی لە ئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکانی ئیسرائیل لەگەڵ چەند دەوڵەتێکی عەرەبیدا بریتی بوو لە پێکهێنانی بەرەیەک، یان هاوپەیمانییەک دژ بە ئێران**

**ناوەڕاست بریتییە لە کێشەی فەلەستین و ئیسرائیل، کە وەك دەبینین جار بە جار تەقینەوە دەکرێت و دەرئەنجامی کارەساتباری لێ دەکەوێتەوە، لەم ڕووەوە چەند هەوڵ و دەستپێشخەری کراون، هەموویان چارەنووسیان شکست بووە، یان با بڵێین دەرئەنجامی خوازراویان لێ نەکەوتووەتەوە و بگرە نائومێدیی زیاتریان بەدوای خۆیاندا هێناوە، ئێوە چۆن لە ئایندەی ئەم ناکۆکییە دەڕوانن؟**

- لە ڕاستیدا من ناتوانم پێشبینیی ئەوە بکەم کە ئاقار و ئاراستەی ئەم ناکۆکییە بە چ لایەکدا دەشکێتەوە، بەڵام ئەوەی دەتوانین بە دڵنیاییەوە ئاماژەی پێ بکەین، ئەوەیە کە بارودۆخەکە لە پەیوەندی بە فەلەستینییەکانەوە خراپبوونی زیاتر بەخۆوە دەبینێت.

*** هەر لە پەیوەندی بەپرسی ئیسرائیلەوە لەم ناوچەیەدا، ئاشکرایە لە ئێستادا ڕێککەوتنی ئاشتی، یان ئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکان لە نێوان ئەم وڵاتە و چەند وڵاتێکی عەرەبیدا هەیە، کە ئەمە بە پێشهات و پەرەسەندنێکی گرنگ وەسف کرا، بە تێڕوانینی ئێوە هۆکارە بنەڕەتییەکانی ئەم ڕێککەوتنانە چی بوون و، ئایا باوەڕتان وایە بەردەوام دەبن و بەشدار دەبن لە کەمکردنەوەی بارگرژی و ئاڵۆزی و پشێوییەکانی ئەم ناوچەیە؟**

- لە ڕاستیدا ئەوەی پەیوەندی بە ئیسرائیلەوە هەبێت، ئەوا دەتوانین بڵێین ئامانجی بنەڕەتی لە ئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکانی لەگەڵ چەند دەوڵەتێکی عەرەبیدا بریتی بوو لە پێکهێنانی بەرەیەك، یان هاوپەیمانییەك دژ بە ئێران، لە هەمان کاتدا هەڵگرتنی هەنگاوێکی دیکە بوو بۆ لەباربردن و تێکشکاندنی کێشەی فەلەستین. ئەوەی پەیوەست بێت بە هەردوو وڵاتی ئیمارات و بەحرەینەوە بە دیاریکراوی، ئەوا ئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکانیان لەگەڵ ئیسرائیلدا بریتی بوو لە گرەوێك لە ناوچەیەکدا کە نائارامی و نادڵنیایی باڵی کێشاوە بەسەریدا، لە بەرامبەر ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکادا، کە ئەم دوو وڵاتە (ئیمارات و بەحرەین) پێیان وابوو ئەمریکا کەمتر و کەمتر مایەی متمانەپێکردنە، هەروەها بۆ ئەوەی بتوانن تەکنەلۆژیای پێشکەوتووی سەربازی و چاودێری بەدەست بهێنن. کەواتە تا ئەو ڕاددەیەی کە پەیوەندییەکانی ئیسرائیل لەگەڵ ئەم وڵاتە عەرەبییانەدا بەو شێوەیە لێی دەڕوانرێت کە هاوپەیمان و بەرەیەکە دژ بە ئێران (کە من پێم وانییە ئیمارات خوازیاری ئەوە بێت، ئەم ڕۆڵە ببینێت)، ئەوا تەنیا و تەنیا دەبێتە هۆی قووڵکردنەوەی جەمسەرگیری لەم ناوچەیەدا و هۆکارێك دەبێت بۆ سەرهەڵدانی کێشە و ناکۆکیی نوێ.

*** ئەی چۆن لە ئایندەی پەیوەندییەکانی نێوان عێراق و ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دەڕوانیت و ئایا پێت وایە بتوانرێت درێژە بە پەیوەندییەکی پتەو بدرێت لە نێوان ئەم دوو وڵاتەدا؟**




- من پێم وایە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا خوازیاری ئەوەیە کە بوون و ئامادەیی لە عێراقدا هەبێت، بۆ ئەوەی ڕێگری بکات تاوەکو ئەم وڵاتە بە تەواوەتی و بە یەکجاری نەکەوێتە ژێر ڕکێف و باڵادەستیی ئێرانەوە، بەڵام ئەمریکاش وانەکە فێر بووە و نایەوێت ئەم نییەت و ئامانجەی خۆی بە تەواوەتی بخاتەڕوو، هەوڵ دەدات لە بارێکدا بێت کە کەمتر ڕووبەڕووی هێرش و پەلاماری ئەو گرووپە عێراقییانە ببێتەوە کە لەلایەن ئێرانەوە پشتیوانی و پاڵپشتییان لێ دەکرێت، دواتر دەبێت ئەو ئاماژە بەو ڕاستییەش بکەین کە لە ساڵی ٢٠٠٣وە ئێران و ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا هەوڵ دەدەن ببنە پارسەنگی یەکتر لە عێراقدا و، دەکرێت ئەم دۆخە بۆ ماوەیەکی دیکەش درێژە بکێشێت.

**ئەمریکا خوازیاری ئەوەیە کە بوون و ئامادەیی لە عێراقدا هەبێت، بۆ ئەوەی ڕێگری بکات تاوەکو ئەم وڵاتە بە تەواوەتی و بە یەکجاری نەکەوێتە ژێر ڕکێف و باڵادەستیی ئێرانەوە**

**لە ساڵی ٢٠٠٣وە ئێران و ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا هەوڵ دەدەن ببنە پارسەنگی یەکتر لە عێراقدا و، دەکرێت ئەم دۆخە بۆ ماوەیەکی دیکەش درێژە بکێشێت**

ئەتول کۆهلی پرۆفیسۆری سیاسەت و کاروبارە نێودەوڵەتییەکانە لە زانکۆی پرینستۆن و تایبەتمەند و پسپۆڕی چەند بوارێکی گرنگە، وەك ئابووریی سیاسی لە وڵاتە تازەگەشەکردووەکان، سیاسەتی هیندستان و ئیمپریالیزم لە جیهانی تازەگەشەکردوودا، گوڵان لە میانەی دیمانەیەکیدا چەند پرسێکی لەگەڵدا تاوتوێ کرد، کە پتر پەیوەست بوون بە پرسی پەرەپێدان و ڕۆڵی دەوڵەت لەم ڕووەوە و پەیوەندیی نێوان دیموکراسی و حوکمڕانیی باش و گەشەی ئابووری و چەند پرسێکی دیکەی پەیوەندیدار.

ئەتول کۆهلی

پرۆفیسۆری سیاسەت و کاروبارە نێودەوڵەتییەکان لە زانکۆی پرینستۆن بۆ گوڵان:

# هیندستان نموونەی پێکەوەهەڵکردنی دیموکراسی و گەشەکردنی گشتگیرە

## دیمانەی تایبەت



*** ئێوە بە چڕی توێژینەوەتان لە بارەی ڕۆڵ و میراتی ئیمپریالیزم لە جیهانی تازەگەشەکردوودا کردووە، بە تێڕوانینی ئێوە ئایا دەکرێت بڵێین تا ئێستاش ئەم میراتە کاریگەریی هەبووە و بەربەست و ئاستەنگی بۆ بنیاتنانی بونیادێکی کارا و کاریگەریی حوکمڕانی دروست کردووە؟**

- لە ڕاستیدا میراتی ئیمپریالیزم میراتێکی نەرێنی و زیانبەخش بووە، بەڵام دەتوانین بڵێین کاریگەرییەکەی یەکسان نەبووە لەسەر وڵاتان، بۆ نموونە، وڵاتانی وەك هیندستان و چین لە جیهانی تازەگەشەکردوودا، تا ڕاددەیەك توانیویانە دەوڵەتێکی کارا بنیات بنێن، لەم ڕووەوە دەکرێت ئاماژە بەوە بکەین بەریتانیا بونیادێکی بیرۆکراسیی مەدەنیی باش و، هێزێکی چەکداری و دەسەڵاتی دادوەریی کارای جێهێشت لە دوای خۆی لە هیندستاندا، لە ناوەڕاستی سەدەی بیستدا ناسیۆنالیستە هیندییەکان حکومەتێکی مەدەنیی کارایان لەسەر ئەم بونیادەی دەوڵەت دامەزراند، لەم ڕوانگەیەوە دەتوانین بڵێین زۆربەی بەشەکانی وڵاتی هیندستان لە دوای ئەوەی ئەم وڵاتە سەربەخۆیی بەدەست هێنا، بە باشی حوکمڕانی کراون، بەڵام ئەوەی پەیوەست بێت بە وڵاتی چینەوە، ئەوا ئەم وڵاتە بە تەواوەتی نەکەوتە ژێر باری کۆڵۆنیاڵیزمەوە و، لە کۆتاییدا بزووتنەوەیەکی کارای شۆرشگێڕانە لەو وڵاتەدا، سەرکەوتووانە شەڕی هێزە ناسیۆنالیستە موحافیزکارەکان و بەرژەوەندییە دەرەکییە هاوپەیمانەکانی ئەم هێزانەی کرد، لە کاتێکدا کە ئەزموونی هەردوو وڵاتی چین و هیندستان ئەزموونێکی تەواو سەرکەوتوو نییە، بەڵام ئەو ڕاستییەش ڕوون دەکەنەوە کە دەکرێت

**بەریتانیا بونیادێکی بیرۆکراسیی مەدەنیی باش و، هێزێکی چەکداری و دەسەڵاتی دادوەریی کارای جێهێشت لە دوای خۆی لە هیندستاندا**

**میراتی ئیستیعماری بەشێکە لە هۆکاری کێشەکان، دابەشبوونی ئیتنی و خراپیی سەرکردەکان لە ئەفریقای باشووری بیابانی گەورە بوونەتە هۆی ئاڵۆزکردن و خراپبوونی زیاتری کێشەکانی پەیوەست بە حوکمڕانی**

**چین کە دەوڵەتێکی دەسەڵاتخوازە، بەڵام لە ماوەی چوار دەیەی ڕابردوودا ئاسانکاریی بۆ گەشەیەکی خێرا و کەمکردنەوەی هەژاری کردووە، ئەمە دەستکەوتێکی گەورەیە و ناکرێت نادیدە بگیرێت**

**ئەو پاشەکشەی دیموکراسییە لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بەدی دەکرێت، هاوکار نابێت بۆ زۆرێک لە بەشەکانی دیکەی جیهان، زۆرێک لە وڵاتە تازە گەشەکردووەکان ڕووبەڕووی جەمسەرگیریی سیاسی بوونەوە و هانی دیماگۆجییەت دەدەن**

**گەشەی ئابووری و نایەکسانیی کۆمەڵایەتی هۆکاری گرنگ و بنەڕەتین و سەر دەکێشن بۆ جەمسەرگیریی سیاسی، هەر کاتێکیش ئەم جەمسەرگیرییە دروست بوو، ئەوا دروستبوونی دەسەڵاتێکی ناوەندی زەحمەت دەبێت، مۆدیس و بۆڵسانارۆس ڕەنگدانەوەی ئەم تەوژمەن**

ئیمپریالیزم لە ناو ببردرێت و، لە هەمان کاتدا دەکرێت دەوڵەتێکی خاوەن سەروەری و تا ڕاددەیەك کارا دروست بکەن لە جیهانی تازەگەشەکردودا، بە پێچەوانەوە، زۆرێك لە ئەفریقای باشووری بیابانی گەورە کەمتر خۆشبەخت بوون، لەبەر چەندین هۆکاری جۆراوجۆر، ئەورووپییە ئیمپریالییەکان بونیادێکی کارای حوکمڕانییان بنیات نەنا، هەروەها هێزە ناسیۆنالیستییەکان لەم بەشەی جیهاندا دوچاری لێکترازان و لێکدابڕان و پارچە پارچە بوون بوونەوە، لە دەرئەنجامدا چەندین دەوڵەت هاتنەئاراوە کە بونیادێکی لاوازیان هەبوو. ئەوەی پەیوەست بێت بە ئەمریکای لاتین و ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە، ئەوا چەندین کەیس و حاڵەتی تێکەڵ هەن لە پەیوەندی بە کوالیێتی دەوڵەتە نەتەوەییەکانەوە، هەرچۆنێك بێت، ئەوەی هاوبەش بێت لە نێوان ئەم دوو ناوچەیەدا بریتییە لە بەردەوامبوونی دەستتێوەردانی هێزە دەرەکییەکان لە هەڵسووڕاندنی ئابووریی سیاسییە ناسیۆنالیستییەکان. لەم ڕوانگەیەوە، دەوڵەمەندبوونیان بە سەرچاوەکان، وەك نەوت، دەرئەنجامی نەخوازراوی لێ کەوتووەتەوە، بە زۆری وڵاتە ئەورووپییەکان پێگە و هەڵوێستی نوخبەی پڕۆڕۆژئاواییان لەم وڵاتانەدا بەهێز کردووە، لە دەرئەنجامدا ئەگەری گرتنەبەری ڕێچکەیەکی پتر ناسیۆنالیستی بۆ پەرەپێدانیان لاواز کردووە.

*** ئێوە نووسینتان هەیە لە بارەی پڕۆسەی پەرەپێدان لەلایەن دەوڵەتەوە، بەڵام ئەوەی لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بەدی دەکرێت، ئەوەیە زۆرێك لە دەوڵەتانی ئەم ناوچەیە دوچاری شکست بوونەتەوە لە بەدیهێنانی پەرەپێداندا، لە بری ئەوە، دابەشبوونە کۆمەڵایەتییەکانیان قووڵتر کردووەتەوە و، لاوازییە بونیادییەکەیان لاوازتر کردووە، ئایا پێتان وایە پڕۆسەی پەرەپێدان لەلایەن دەوڵەتەوە لە بنەڕەتدا پرسێکی گرفتئامێزە، یان هۆکاری دیکەی هەن کە بەرپرسن لە هاتنەئارای ئەم بارودۆخە؟**

- لە ڕاستیدا پڕۆسەی سەرکەوتووی پەرەپێدان لەلایەن دەوڵەتەوە لە بنەڕەتدا پێویستی بە بوونی دەوڵەتێکی کارا هەیە، وڵاتانی وەك یابان، کۆریای باکوور، چین و تایوان چەند نموونەیەکن لە بارەی پەرەپێدانی خێرای ئابوورییەوە لەلایەن حکومەتە نیشتمانییەکانەوە، بە داخەوە، زۆرێك لە وڵاتانی جیهانی تازەگەشەکردوو حکومەتێکی بەم چەشنە کارایان نییە بۆ ئەوەی ئەم ڕێگەیە بگرنەبەر، لەم ڕووەوە هۆکارە بنەڕەتییەکان ئاڵۆزن. هەروەك پێشتر ئاماژەم پێ کرد، میراتی ئیستیعماری بەشێکە لە هۆکاری کێشەکان، دابەشبوونی ئیتنی و خراپیی سەرکردەکان لە ئەفریقای باشووری بیابانی گەورە بوونەتە هۆی ئاڵۆزکردن و خراپبوونی زیاتری کێشەکانی پەیوەست بە حوکمڕانی، وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە دەست هەمان کێشەوە گرفتار بوون، لە هەندێ حاڵەتدا دەوڵەمەندبوونی وڵاتەکە بە نەوت هێندەی دیکەی کێشەکەی قووڵ کردووەتەوە و هێزە دەرەکییەکان بەردەوامن لە دەستتێوەردان لە کاروبارە ناوخۆییەکانی ئەم وڵاتانە، ئەمەش بووەتە هۆی ئەوەی زەحمەت بێت کە هاوسەنگیی هێز لە نێو هێزە نیشتمانییە ڕکابەرەکاندا بەدی بهێنرێت، لە دەرئەنجامدا سەرکردەکانی ئەم وڵاتانە پتر چاویان لە ڕکابەریی کورتخایەنە لە پێناو بەدەستهێنانی دەسەڵاتدا و کەمتر بایەخ بە پەرەپێدانی ئابووریی درێژخایەن دەدەن.

*** ئایا باوەڕت وایە کە پەرەپێدان و گەشەی ئابووری و حوکمڕانیی باش پەیوەندییەکی لێکدانەبڕاویان هەیە لەگەڵ پیادەکردن و گرتنەبەری دیموکراسیدا؟**

- نەخێر، من هاوڕا نیم لەگەڵ ئەو بیرۆکە ئاسوودەبەخشە، بەڵام ناڕاستەدا، کە پێی وایە دەکرێت هەموو شتە باشەکان پێکەوە لە ئارادا بن، من هیوادار بووم دۆخەکە بەم شێوەیە بووایە، بەڵام هەلومەرجەکە زۆر لەوە ئاڵۆزترە، من دیموکراسیم لە دەسەڵاتخوازی پێ باشترە، بەڵام نەك لەبەر ئەوەی باوەڕم وایە دیموکراسی بەرهەمێکی باشتری لێ دەکەوێتەوە وەك گەشەی ئابووری، ئێوە بڕواننە حاڵەتی چین کە دەوڵەتێکی دەسەڵاتخوازە، بەڵام لە ماوەی چوار دەیەی ڕابردوودا ئاسانکاریی بۆ گەشەیەکی خێرا و کەمکردنەوەی هەژاری کردووە، ئەمە دەستکەوتێکی گەورەیە و

ناكرێت نادیدە بگیرێت، لە كاتێكدا ناتوانرێت بە ئاسانی ئەزموونی وڵاتی چین دووبارە بكرێتەوە لە شوێنەكانی دیكە، لەبەر ئەوەی ئەو دەسەڵاتخوازییە توندەی هەمیشە شتێكی خوازراو نییە، بەڵام ئەو بیرۆكەیەش بەتاڵ دەكاتەوە كە پێمان دەڵێت دیموكراسی و گەشەكردن و حوكمڕانیی باش پێكەوە بەدی دێن.

*** ئاشكرایە لە ئێستادا دیاردەیەك هەیە پێی دەگوترێت پاشەكشە، یان داكشانی دیموكراسی، بۆچوونی ئێوە لەم بارەیەوە چییە و ئایا هۆكار و دەرئەنجامەكانی چین؟**

- بەڵێ ئەمە ڕاستە، زۆرێك لە وڵاتە تازەگەشەكردووە دیموكراسییەكانی وەك هیندستان و بەرازیل دوچاری داكشانی دیموكراسی بوونەتەوە لە ساڵانی ڕابردوودا، ئەمە جێی داخە، بەڵام دووبارە دەبێت ئەوە بڵێین كە هۆكارەكان ئاڵۆزن، ئەو پاشەكشەی دیموكراسییە لە ویلایەتە یەكگرتووەكانی ئەمریكا بەدی دەكرێت، هاوكار نابێت بۆ زۆرێك لە بەشەكانی دیكەی جیهان، زۆرێك لە وڵاتە تازە گەشەكردووەكان ڕووبەڕووی جەمسەرگیریی سیاسی بوونەوە و هانی دیماگۆجییەت دەدەن، بە تێڕوانینی من، گەشەی ئابووری و نایەكسانیی كۆمەڵایەتی هۆكاری گرنگ و بنەڕەتین و سەر دەكێشن بۆ جەمسەرگیریی سیاسی، هەر كاتێكیش ئەم جەمسەرگیرییە دروست بوو، ئەوا دروستبوونی دەسەڵاتێكی ناوەندی زەحمەت دەبێت، مۆدیس و بۆڵسانارۆس ڕەنگدانەوەی ئەم تەوژمەن.

*** هەروەك ئاشكرایە هیندستان گەورەترین وڵاتی دیموكراسییە لە جیهاندا، ئێوە چۆن لە كارایی بونیادی حوكمڕانیی ئەم وڵاتە دەڕوانن و، ئایا دەكرێت چ وانەیەك لە ئەزموونی دیموكراسیی ئەم وڵاتەوە بەدەست بهێنرێت؟**

- هیندستان وڵاتێكی دیموكراسییە، بەڵام دیموكراسییەكەی بێ كەموكووڕی نییە، لەم ساڵانەی دواییدا ناوبانگی دیموكراسییەكەی زیانی پێگەیشت بە هۆی خراپ مامەڵەكردن لەگەڵ موسڵمانان و كەمینەكانی دیكەدا، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، هێشتا هەر وڵاتێكی دیموكراسییە، لە ساڵانی هەشتاكانی سەدەی ڕابردووەوە هیندستان گەشەیەكی بەرچاوی بەخۆوە بینی و هەژاری لەم وڵاتەدا كەم بووەوە، لەبەر ئەوە دەكرێت هیندستان وەك نموونەیەك سەیر بكرێت كە چۆن دیموكراسی و گەشەكردنی گشتگیر پێكەوە هەڵدەكەن، هەروەها دەكرێت ئەزموونی هیندستان زیاتر قابیلی دووبارەكردنەوە بێت بەراورد بە ئەزموونی چین، هەر چۆنێك بێت، دەبێت ئاماژش بەوە بكەین كە نایەكسانی لە هیندستاندا بە ئەندازەیەكی گەورە گەشەی كردووە و ژمارەیەكی زۆری هاووڵاتی هەن كە هەژار و نەخوێندەوارن و باری تەندروستییان باش نییە.

*** وەك ئێوە چەند جارێك ئاماژەتان پێ كرد، ئەزموونی سیاسی جێی هەڵوەستەلەسەركردنە، لەبەر ئەوەی گەشەیەكی ئابووری لەو وڵاتەدا بەدی هاتووە بە بێ ئەوەی هاوشان بێت بە كرانەوەیەكی سیاسی، ئێوە لەم بارەیەوە چی دەڵێن؟**

- من هەروەك پێشتریش ئاماژەم پێ كرد، پێم وانییە بە ئاسانی بتوانرێت ئەزموونی چین دووبارە بكرێتەوە لە وڵاتانی دیكە، دەكرێت وڵاتێكی وەك ڤێتنام لە هەندێ ڕووەوە ئەزموونی چین دووبارە بكاتەوە، بەڵام نەك وڵاتانی وەك عێراق، نەیجیریا، یان بەرازیل كە تەنانەت ڕەنگە ئەم وڵاتانە نەتوانن ئومێدی ئەوەش بكەن هەمان ڕێچكەی چین بۆ گەشەی ئابووری دووبارە بكەنەوە، دواتر ئەوەی پەیوەست بێت بە ناوخۆی چینەوە، ئەوا من شارەزاییەكی ئەوتۆم نییە بۆ ئەوەی بڵێم ئەم مۆدێلە لە نێو خودی ئەو وڵاتەدا، بەتایبەتی مۆدێلی دەسەڵاتخوازییە زبرەكەی، بەردەوام دەبێت و درێژە دەكشێت، زۆرێك خوازیاری ئەوەن وەڵامی ئەم پرسیارەیان دەست بكەوێت، بەڵام هەرچۆنێك بێت چین بەردەوامە لە سەرسامكردنی هەموو ئەو كەسانەی باوەڕیان وابوو گەشەی ئابووری سەردەكێشێت بۆ كرانەوەی سیاسی، تاكە شتێك بمەوێت لەم ڕووەوە زیادی بكەم، ئەوەیە كە دەسەڵاتخوازیی زبر، بەرهەڵستەتییەكی پەنهانی نێو كۆمەڵگە لەخۆ دەگرێت، بۆچی (شی جین پینگ) پێویستی بەوەیە هێندە دەسەڵاتخواز بێت؟ لە چی دەترسێت؟ دەبێت ئەوە لەبەرچاو بگرین كە كۆمەڵگەی سیاسیی چین دوورە لەوەی كۆمەڵگەیەكی سەقامگیر بێت.

**لە ساڵانی هەشتاكانی سەدەی ڕابردووەوە هیندستان گەشەیەكی بەرچاوی بەخۆوە بینی و هەژاری لەم وڵاتەدا كەم بووەوە، لەبەر ئەوە دەكرێت هیندستان وەك نموونەیەك سەیر بكرێت كە چۆن دیموكراسی و گەشەكردنی گشتگیر پێكەوە هەڵدەكەن**

**نایەكسانی لە هیندستاندا بە ئەندازەیەكی گەورە گەشەی كردووە و ژمارەیەكی زۆری هاووڵاتی هەن كە هەژار و نەخوێندەوارن و باری تەندروستییان باش نییە**

**دەكرێت وڵاتێكی وەك ڤێتنام لە هەندێ ڕووەوە ئەزموونی چین دووبارە بكاتەوە، بەڵام نەك وڵاتانی وەك عێراق، یان نەیجیریان، یان بەرازیل كە تەنانەت ڕەنگە ئەم وڵاتانە نەتوانن ئومێدی ئەوەش بكەن هەمان ڕێچكەی چین بۆ گەشەی ئابووری دووبارە بكەنەوە**

**چین بەردەوامە لە سەرسامكردنی هەموو ئەو كەسانەی باوەڕیان وابوو گەشەی ئابووری سەردەكێشێت بۆ كرانەوەی سیاسی**


# پرسی ژن لە کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا

**" ئایدیای سەرۆکی حکومەت و باکگراوندی و ئەو قوتابخانەی تیایدا پەروەردە بووە لە ڕووی سیاسییەوە، ڕەنگی داوەتەوە لەسەر کارەکانی، ئەگەرچی ژن لە کابینەکانی پێشووش بوونی هەبووە، بەڵام لەم کابینەدا جەنابی سەرۆکی حکومەت کاك مسرور بارزانی کە پیادەی سیستم و کابینەیەکی نیشتمانی کرد، لە سیستم و حوکمڕانیی نیشتماندا ژن و پیاو وەك یەك لەبەر چاو دەگیرێت و وەك یەك دەرفەتیان بۆ فەراهەم دەکرێت."**

تێڕوانین و باوەڕبوون بە توانای ژن بناغە دەگرێت لەسەر ڕۆئیای کۆمەڵگە، واتە کۆمەڵگە چۆن دەڕوانێتە ژن، وەك مرۆڤ، وەك کائینێکی کاریگەر، پێگەی، چ کارێك بکات، چۆن ڕەفتار بکات،واتە لە ئەندێشە و ڕۆئیای تاکەکانی ئەو کۆمەڵگەیە ژن چییە؟ ژنی ئایدیاڵی چییە؟ واتە کامە جۆری ژن پەسەندە، لە ڕووی هەڵسوکەوتی، ڕۆڵبینینی، کارەکانی، ڕەفتارەکانی. لەگەڵ ئەوەی بەگشتی لە تێکڕای کۆمەڵگەکان ئایدیایەکی لەیەکچوو هەیە لە هەندێك ڕووەوە لە تێڕوانین بۆ ژن، بەڵام سرووشتی هەر کۆمەڵگەیەك، ژینگەکەی، شێوازی کارەکانی، سیستمی سیاسی و حوکمڕانی، ئایین، ئایدیۆلۆژیای کارپێکراو، کەلتوور، ئەو مێژووەی پیایدا تێپەڕیوە، تا ڕاددەیەك جیاوازی داوە بە ڕۆئیای جیاواز بەرامبەر بە ژن لە کۆمەڵگەیەك بۆ کۆمەڵگەیەکی دی. بە تێڕوانینی خۆم و وەك ئەزموونی ژیان و لێکۆڵینەوەم لە بواری جەندەری و ژن لە کۆمەڵگەی کوردی، هەمیشە وام بینیوە ئەوەی کە ئەمڕۆ بووەتە باسی جەندەر و پرسی یەکسانیی جەندەری لە کۆمەڵگەی کوردی، (بەتایبەتی ئەم بەشەی کوردستان) باسێك نەبووە لە مێژووی ئەم میللەتەدا، چونکە سرووشتی ژیان و کارکردنی وا بووە، دەر و ماڵ نەبووە، واتە ڕۆڵەکانی دەر و ماڵ بۆ ژن و پیاو جیاواز نەبوون، کۆمەڵگەیەکی کشتوکاڵی بووین، پیشەی سەرەکیی خەڵك لە ژیانە سەرتاییەکانەوە باخداری و ئاژەڵداری و کشتوکاڵی بووە، ژن لە هەموویان لەگەڵ پیاو بووە، تەنانەت پیشەی شوانکاریش منداڵی کوڕ و کچ نێردراونەتە لای کار و بەرخ و ئەوەی پێیان دەوت «بەرغەل»، واتە ڕۆڵەکانی دەرەوە جیا نەکرابوونەوە بە تەنیا بۆ پیاو، تاکو ژن لە ماڵدا قەتیس ببێت، کۆمەڵگەیەکی پیشەسازی و بازرگانی نەبووین ئەوەندە، تاکو ژن لەو بوارانە پەراوێز بێت، بەڵکو جگە لە کاری دەرەوەی ماڵ، لە ڕستن و چنین و پیشەوەری تاکو بازرگانییش ژن تیایدا بەشدار بووە، بۆیە ئەم دوو ڕەگەزە هێندەی پێکەوە بوون، کەم جیاوازیت بینیوە لە نێوانیان، تەنیا لە ڕووە کۆمەڵایەتییەکەوە یەك تێڕوانین هەبووە و هەیە لە کۆمەڵگەی کوردی کە ئەوە تۆوی دروستبوونی جیاکاری بووە، کە لە ڕۆئیای تاکی کورد بوونی هەبووە و بیرە هاوردە و ئایدیۆلۆژیا هاوردەکانیش کاریان لەسەر

**سرووشتی ژیان و کارکردنی وا بووە، دەر و ماڵ نەبووە، واتە ڕۆڵەکانی دەر و ماڵ بۆ ژن و پیاو جیاواز نەبوون، کۆمەڵگەیەکی کشتوکاڵی بووین، پیشەی سەرەکیی خەڵک لە ژیانە سەرتاییەکانەوە باخداری و ئاژەڵداری و کشتوکاڵی بووە**

**بیرە هاوردە و ئایدیۆلۆژیا هاوردەکان جیاکارییان بۆ ژن دروست کرد، ئەویش تێڕوانینێکی «سێکسییانە»یە بۆ ژن لە عەقڵییەتی تاکی کورد کە وادەکات کۆمەڵگە لە پێناو پاراستنی ئەمە ڕێگر بێت لە بەردەم زۆر کاری ژن**



پ.ی.د. نەزاکەت حوسێن حەمەسەعید

بۆ گوڵانی نووسیوە

کرد، دواتریش جیاکارییان بۆ ژن دروست کرد، ئەویش تێڕوانینێکی «سێکسییانە»یە بۆ ژن لە عەقڵییەتی تاکی کورد کە وادەکات کۆمەڵگە لە پێناو پاراستنی ئەمە ڕێگر بێت لە بەردەم زۆرکاری ژن، ئەمەش لە ژیانە سەرەتاییەکانەوە زۆر بوونی نەبووە، چونکە ئەوەی بیستوومانە و خوێندوومانەتەوە لە مێژووی خۆمان، کوڕو کچ پێکەوە گەورە بوون لە دەرەوەی ماڵ بۆ شاخ و شوانکاری و کاری کشتوکاڵ. نامەوێت زۆر لەسەر ئەم ڕەهەندە مێژووییە و کۆی ڕەهەندەکانی پرسی ژن بدوێم، چونکە باسەکەی من زیاتر بەشداریی سیاسییە، ئەم بەشدارییە سیاسییەی ژنیش لە کۆمەڵگەی کوردی ئەوەندەی دەرفەت هەبووبێت، خۆڕسکی بووە و ژن بەشدار بووە، نموونەی بوونی پادشای ژن لە ٨٠٠ کانی سەدەکانی ڕابردوو، سەرۆك خێڵ، کاربەدەست نموونەی وەك «خاتوو کڵاو زەڕ، عادیلە خانم و حەپسە خان و...هتد هەبوون. گەڕیدە و مێژوونووسە بیانیەکانیش کە سەردانی کوردستانیان کردوە هەمان ڕایان هەیە.

«Naomi Gale» ئەکادیمیست و پسپۆڕی بواری سۆسیۆلۆژیایە باسی ژنە جوولەکەکان دەکات کە لە کوردستان ژیاون و دەڵیت: «تەنانەت لە ژنە جوولەکەکانی وڵاتانی دی جیاوازن، بەوەی خاوەن کەسایەتی و ڕەفتار و سەربەخۆیی خۆیانن و لە جلپۆشینیشدا ستایلی بەرگیان لە پیاوەکانیان نزیك بووە، زۆرکەم جیاوازیت بینیوە لە نێوانیان و هەڵگری کەسایەتی و ڕەفتاری ژنی کورد بوون».

بەڵام چی وای کرد کە ئەمە بەردەوام نەبێت، بەتایبەتی لە ڕووی بەشداریی سیاسییەوە؟

ئەگەرچی کەمی و نەبوونی ژن بە پێی پێویست لە جیهاندا لە پێگە سیاسییەکان گرفتی هەر ئێمە نییە بە تەنیا، لە مێژووی هەموو ئەمریکا سەرۆکێکی ژن نەبووە، لە ٢٠٢٠ بۆ یەکەم جار ژنێك دەبێتە جیگری سەرۆکی ئەمریکا کە «Kamala Hrris»بوو، تەنانەت ئاستی خۆپاڵاوتنیش بۆ سەرۆکی ئەمریکا لە مێژوویدا دوو ژن توانیویانە ئەوە بکەن، یەکەمیان «ویکتۆریا وودهۆلأ» بوو لە ساڵی ١٨٧٢ کە نەیتوانی سەربکەوێت و دووەمیان «هیلاری کلینتۆن» لە ٢٠١٦ کە ئەویش سەرکەوتوو نەبوو. لە مێژووی هەموو بەریتانیاش دوو ژن بوونەتە سەرۆك وەزیران،کە «مارگرێت تاتشر» و «ترەیزە مەی» بوون.

لە بەرنامەیەکی «ڕادیۆ ٤»ی بەریتانی لە ساڵی ٢٠١٠ گوێبیستی ڕاپۆرتێك بووم، باسی ئەوەی دەکرد ژنانی بەریتانی زیاتر لە ٦٠ ساڵە خەبات دەکەن، تەنیا بۆ ئەوەی بگەنە مافەکانیان وەك پیاو و، هیچ نەبێت کرێی کارکردنیان یەکسان بێت، ڕەنگە زیاتر لە نیو سەدەی دیکەش هەوڵدان نەیانگەیەنێتە ئەوە، بەڵام بۆ کۆمەڵگەی کوردی من بە جیاوازتر دەیبینم. لە کۆمەڵگەی کوردی باوەڕ و مۆدیلەکە بە بەشداریی سیاسیی ژن بوونی هەبووە، بەڵام نەبوونی دەوڵەتێکی حوکمڕانی سەربەخۆ لە ڕابردوودا کە ئەم مۆدیلە لە نموونەیەکەوە لە ناوچەیەکەوە بگوازێتەوە بۆ سەر تەختی حوکمڕانیی وڵات هۆکار بووە، ژن لە حوکمڕانیدا نەبیندرێت، لەو لاشەوە لە کۆمەڵگەی کوردی بەتایبەتی لە باشووری کوردستان دابڕان،

**لە کۆمەڵگەی کوردی باوەڕ و مۆدیلەکە بە بەشداریی سیاسیی ژن بوونی هەبووە، بەڵام نەبوونی دەوڵەتێکی حوکمڕانی سەربەخۆ لە ڕابردوودا کە ئەم مۆدیلە لە نموونەیەکەوە لە ناوچەیەکەوە بگوازێتەوە بۆ سەر تەختی حوکمڕانیی وڵات هۆکار بووە، ژن لە حوکمڕانیدا نەبیندرێت**

**هاتنی ئایدیۆلۆژیا و بیری هاوردە (چ عەرەبی، چ بیانی) کە جیاواز بوون لە سرووشتی کۆمەڵگەی کوردی لە تێڕوانینی بۆ ژن، ژنی کوردی شەرمن کرد و جیای کردەوە لە پیاو، تەنانەت لە ژووری دانیشتنیش، لە کاتێکدا لە دیوەخان و کۆمەڵگەی کوردی ژن و پیاو لە میوانداری و بۆنەکانیشدا تێکەڵ بوون**

**«قوتابخانەی بارزانی» مەدرەسەیەکە تێڕوانینی هیومانیتی و مرۆڤبوونی بێ جیاکاری بۆ ژن و پیاو هەیە، مرۆڤ وەک مرۆڤ لەم قوتابخەنەیە ڕێزی هەیە، نەک وەک ژن، یان پیاو**

**ژمارەی وەزیرە ژنەکان لەم کابینە بە بەراورد بە کابینەکانی دی بەرز کرایەوە بۆ سێ هێندە بەبێ دانانی مەرجی کۆتا، ژن ڕێژەی خۆی وەرگرتووە**

**وتارەکانی جەنابی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە بۆنە و کاتەکانی تایبەت بە ژنان، وتاری کاریگەر و ئەو پەڕی باوەڕبوون وداکۆکیکردنە لە پرسی ژن**

**ژن هەر پلەیەکی ویستبێت لەم هەرێمە و کاندیدی بووبێت، یان ئیمکانیەتی هەبووبێت، دەستی کەوتووە و ڕەگەز نەبووەتە هۆی جیاکاری و ڕێگری لێ نەکردووە**

یان بۆشایی و گاپێك دروست بوو لەو بوونی ژنە و بەشداریی ژن بۆ مێژوویەك، بەتایبەتی دوای سەردەمی پادشایەتی و هاتنی حوکمڕانیی کۆماری عێراق و ڕژێمی بەعس کە دەرفەتی بۆ بەشداریی سیاسی بۆ کورد (ژن و پیاو) نەهێشت، ئەگەرچی لەو سەردەمشدا لە خەباتی نهێنیی سیاسی و شاخ ژن بە گوێرەی دەرفەتەکەی بوونی هەبووە. لەگەڵ ئەم بۆشاییە بە هۆی ئەم سیستمە حوکمڕانییە و هاتنی ئایدیۆلۆژیا و بیری هاوردە (چ عەرەبی، چ بیانی) کە جیاواز بوون لە سرووشتی کۆمەڵگەی کوردی لە تێڕوانینی بۆ ژن، ژنی کوردی شەرمن کرد و جیای کردەوە لە پیاو، تەنانەت لە ژووری دانیشتنیش، لە کاتێکدا لە دیوەخان و کۆمەڵگەی کوردی ژن و پیاو لە میوانداری و بۆنەکانیشدا تێکەڵ بوون، وەك چۆن لە دەرەوە لەکار پێکەوە بوون. هەموو ئەم بیرە هاوردە و ئایدیۆلۆژیا هاوردانە سوودی لەو تێڕوانینەی عەقڵییەتی کۆمەڵگەی کوردی بینی «تێڕوانینی سێکسییانە» بۆ ژن گەشەی پێ دا و کردی بە هۆکاری جیاکردنەوە و بەربەستدانان لە بەردەم ژن لە بەشداریی سیاسی.

ئەوەی مەبەستە لەم وتارە هەڵسەنگاندنە بۆ پێگەی ژن لە کابینەی نۆیەم، سەرباری ئەو ڕۆئیا و مێژوویەی هەمانە لە کۆمەڵگەی کوردی و بوونی ژن و کاریگەرییەکەی لە مێژووی کۆمەڵگەکەدا کە کاریگەری هەیە لەسەر بیری سەرکردەکان و ئایدیایان بەرامبەر ژن. ئایدیای سەرۆکی حکومەت و باکگراوندی و ئەو قوتابخانەی تیایدا پەروەردە بووە لە ڕووی سیاسییەوە ڕەنگی داوەتەوە لەسەر کارەکانی، ئەگەرچی ژن لە کابینەکانی پێشووش هەبوون، بەڵام لەم کابینەیەدا جەنابی سەرۆکی حکومەت کاك مسرور بارزانی کە پیادەی سیستم و کابینەیەکی نیشتمانی کرد، لە سیستم و حوکمڕانیی نیشتماندا ژن و پیاو وەك یەك لەبەرچاو دەگیرێت و وەك یەك دەرفەتیان بۆ فەراهەم دەکرێت. جگە لەوەی ئەو قوتابخانە سیاسییەی لێی پەروەردە بووە، «قوتابخانەی بارزانی» مەدرەسەیەکە تێڕوانینی هیومانیتی و مرۆڤبوونی بێ جیاکاری بۆ ژن و پیاو هەیە، مرۆڤ وەك مرۆڤ لەم قوتابخەنەیە ڕێزی هەیە، نەك وەك ژن، یان پیاو. ئەمە ڕەنگی داوەتەوە لە ئایدیا و باوەڕەکانی ئەم سەرکردە و سەرکردەکانی دیکەی ئەم قوتابخانەیە. جگە لەوەی ژمارەی وەزیرە ژنەکان لەم کابینە بە بەراورد بە کابینەکانی دی بەرز کرایەوە بۆ سێ هێندە بەبێ دانانی مەرجی کۆتا، ژن ڕێژەی خۆی وەرگرتووە و تا ڕاددەیەك ڕێژەکەی بەرز بووەتەوە.

سیستمی حوکمڕانی ڕۆڵی کاریگەری هەیە لەسەر دروستکردنی ڕۆئیا بەرامبەر بە ژن، بە هەمان شێوە باوەڕبوونی سەرکردە و دیدگاکانی بەرامبەر ژن. کە ئەمە لە کارەکانی سەرۆکی حکومەت ڕەنگی داوەتەوە. باراك ئۆباما لە وتارێکی بۆ جەماوەرێك ژن لە ئەمریکا بە ئامادەبووان دەڵێت: (لە دەستپێکی وتارەکەی) ئێوە هاتوون بۆ بینینی مێچێل ئۆباما و هەروەها ئۆپرا، کە ئەو دووانە لێرەن و من ڕکابەریی ئەوانم پێ ناکرێت، هەروەها لە ماڵەوەش، چونکە میچێڵی لێیە من هەر ڕکابەریم پێ ناکرێت». ئەم گوتارە کاریگەری دەکاتە سەر ئەندێشەی خەڵك. بە هەمان شێوە لە وتارەکانی جەنابی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە بۆنە و کاتەکانی تایبەت بە ژنان، وتاری کاریگەر و ئەو پەڕی باوەڕبوون وداکۆکیکردنە لە پرسی ژن.

ئەگەرچی هەڵەیە هەڵسەنگاندن بۆ پێگەی ژن لە وڵاتدا تەنیا سەیری ژمارەی ژنە وەزیرەکان، یان بوونی ژن لە پلە باڵاکان بکەین، یان چەند ژن سەرکردەیە، چونکە پرسی ژن تەنیا بریتی نییە لە پلەی باڵا، بەڵکو بناغەی ئەم پرسە بریتییە لەوەی کە لە ئایدیا بۆ کچ و ژن ئەوە دروست بووە لە وڵاتدا کە دەرفەت و دەرگا کراوەیە لە بەردەمیاندا بۆ هەر پلەیەك بیانەوێت، کە ئەمە بە ئاشکرا و بە سەلماندن هەیە، ژن هەر پلەیەکی ویستبێت لەم هەرێمە و کاندیدی بووبێت، یان ئیمکانیەتی هەبووبێت، دەستی کەوتووە و ڕەگەز نەبووەتە هۆی جیاکاری و ڕێگری لێ نەکردووە، لە سەرۆکایەتییەکان لە پەرلەمان تا سەرۆك زانکۆ و ئیدارە و حوکمەتە خۆجێیەکان و پلە دیپلۆماسییەکان، تا هەر پلەیەکی باڵای دیکە، ئەمە گرنگە کە لە ئێستادا لەم هەرێم و کابینەیەدا بەرهەم هاتووە. هەروەك باراك ئۆباما لە هەمان وتاریدا جەخت لە بوونی ئەم ئایدیایە وەك دەستکەوت بۆ ژنی وڵاتەکەی دەکاتەوە ودەڵێت: «من دەمەوێت ئەو ئایدیایە بۆ کچەکانی ئەم وڵاتە دروست بکەم، کە هەموو دەرگاکان کراوە دەبێت لە بەردەمی لە ئایندە وەك پیاو، ئەگەر خۆی ئیمکانیەتی هەبێت، هەڵەیە هەر باسی ژن

دەکرێت لە ئەمریکا، بڵێین تا ئێستا یەک سەرۆکی ئەمریکا ژن نەبووە، ئەمە ئایدیایەکی هەڵەیە و نابێت بە نەوەکانمانی بڵێینەوە». هەروەها دەشڵێت: «من دەمەوێت ئەوە بونیات بنێم بۆ ئایندەی ئەمریکا کە نیوە بە نیوەی هەموو پێگەکان (لە کرێکارێکەوە تا پۆستە باڵاکان) بۆ ژن و پیاو یەکسان بکەم و جێبەجێی بکەم». ئەگەر ئێمە لەمەوە بۆ هەرێمی کوردستان بڕوانین، دەبینین ژن زۆر دەستکەوتی هەیە و زۆر پێگەی دەست کەوتووە. لە ڕوانگەیەکی دیکەشەوە هەڵسەنگاندن بۆ پرسی ژن دەکرێت لە سیستەمی حوکمڕانیدا، ئەویش بوونی یاسای بەرکار بۆ دابینکردن و داکۆکیکردن لەمافی ژن و کاردانەوەی حکومەتە بەرامبەر کەیسەکانی توندوتیژیی بەرامبەر ژنان، لەمانەشدا هەم بوونی یاسا، هەم کاردانەوەی حکومەت بە شێوەیەکی کاریگەر بوونی هەیە. بەڵام دەکەوێتە سەر ئەوەی ئێمە لە میدیا و لە وانەکانی پەروەردە چی بە گەنج و چی بە نەوەکانمان دەڵێینەوە، لە تێڕوانینیان بۆ ژن و بوونی پێگەی ژن لە کۆمەڵگەی کوردیدا. ژن چەند دەستی هەبووە لە خەباتی شۆڕشگێڕیدا، لە ڕاپەڕین، لە بەرەکانی جەنگ، لە بواری زانستی ئەکادیمی و هونەر و...هتد؟ هەتا ئەمانە نەڵێینەوە بە نەوەکانمان بە میدیا و بە پەروەردە تێناگەن ژن چی بووە لە کۆمەڵگەی کوردی و ئێستا لە چ ئاستێکدایە..

باراک ئۆباما لە وتارەکەیدا قسەیەکی کاریگەری کرد و گوتی: «هەر باسی ژنی سەرکردە مەکەن لە ئەمریکا، ئایا هەیە یان نا؟ باسی ئەو ژنانەش بکەن لە مێژووی ئەم وڵاتە چارەنووسی ئێمەیان نەخشە کردووە، بە خەبات، ئایدیا، بە نووسین و بەرهەمەکانیان، یان هونەرەکانیان..» تەنانەت دەڵێت: «باسی ڕۆڵی ئەو ژنە جووتیارە بکەن کە لە کێڵگەکان بۆ دابینکردنی بژێوی ژیانی خۆی و خێزانەکەی کاردەکات و کەرامەتی خۆی و خێزانەکەی بە بەرهەمەکانی دەستی دەپارێزێت».

ئەوەی کابینەی نۆیەم گەشەی پێ دا، تەوزیفکردنی ئەو ڕۆئیا و بوونەی ژنە لە مێژووی کۆمەڵگەی کوردی، کە کردنی بە ڕۆڵ و مۆدیلی تواناکانی بوونی ژنی زیاتر کرد و لە هەموو ئاست و شوێنەکان ڕێژەکەی بەرز کردەوە، بەڵام چی ماوە بکرێت و زیاتر بکرێت؟ ڕاستە سیستەمی سیاسی و حوکمڕانی ڕۆڵی کاریگەری هەیە لەسەر ڕۆئیا و بەمۆدیلکردنی شتێك، بەڵام پێویستە ئەکتیڤی سەرچاوەکانی دیکەی دروستکردنی ڕۆئیا و ناسنامەی تاك بکرێت، کە بریتین لە ڕاگەیاندن و کەرتی پەروەردە و مزگەوت و کەنیسە و شوێنە ئایینییەکان و دەستکاریی گوتاری سیاسی و ئایینی، کە بتوانن لەگەڵ سیستەمە حوکمڕانییەکە هاوکار بن بەرامبەر تێڕوانینێکی ئەرێنییانە بەرامبەر بوون و توانای ژن، کە شایەتحاڵی ئەوەین ڕاگەیاندن و بەرهەم و دراما ناوخۆیی و هاوردەکان ڕۆئیایەکی ناباشیان بەرامبەر ژن دروست کردووە. لە کاتێکدا کۆمەڵگە پێشکەوتووەکان ڕاگەیاندن و بەرهەمە کاتبەسەربەرەکانی وەك دراما و کارتۆن و بەرنامە کۆمیدییەکان بۆ چاکسازیی کۆمەڵایەتی بەکار دێنن، بەتایبەتی بۆ پرسی ژن، بۆ نموونە ئەو کۆمەڵگەیانەی کە کێشەی نایەکسانیی جەندەریان هەیە، لە دراماکانیان ڕۆڵی سەرەکی و پادشا و میر دەدەنە ژن، لە ئەمریکا کە نەبوونی ژنێك لە مێژووی ئەو وڵاتەدا بە سەرۆك ڕەنگی داوەتەوە لە بەرهەمە میدیاییەکانیان و لە (ساڵی ١٩٢٤ هەتا ١٩٩٨) ١٣ فیلمی بەناوبانگ لە ئەمریکا بەرهەم هاتوون کە لەسەر بیرۆکەی بوونی ژن بە سەرۆکی وڵاتە و هەر جارەو بە شێوازێك بەرهەم هاتووە. کە بەناوبانگترینیان «The Last Man on Earth»ـە کە باسی ژنێك دەکات دەبێتە سەرۆکی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و لە فیلمەکەدا هەموو پیاوەکانی وڵات دەمرن بە نەخۆشی، و دەیەوێت ڕەخنە لەو ترسە بگرێت کە ئەمریکییەکان هەیانە لە بوونی ژنێك بە سەرۆکی وڵات، هەروەها «Kisses for My President» ئەمیش فیلمێکی کۆمیدییە و باسی ئەوە دەکات ژنێك دەبێتە یەکەم سەرۆکی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، بەڵام دەست لەکار دەکێشێتەوە دوای ئەوەی دووگیان دەبێت، بۆ ئەوەی بچێتە ماڵەوە و خزمەتی منداڵەکەی و خێزانەکەی بکات. ئەمانە و فیلمەکانی دیکەیان ڕەخنەیە لەو نەبوونەی ژن بە سەرۆکی وڵات لە مێژووی وڵاتێکی وا گەورەدا. ئەمانە پێمان دەڵێن تەنیا حوکمڕانی ناتوانێت وێناکان و پێگەکان ڕاست بکاتەوە، ئەگەر دامودەزگاکانی دی کە ڕۆڵیان هەیە لە دروستکردنی دیدگا و ڕۆئیای تاك بۆ پرسی ژن هاوتەریب نەکرێن.

**ئەوەی کابینەی نۆیەم گەشەی پێ دا، تەوزیفکردنی ئەو ڕۆئیا و بوونەی ژنە لە مێژووی کۆمەڵگەی کوردی، کە کردنی بە ڕۆڵ و مۆدیلی تواناکانی بوونی ژنی زیاتر کرد و لە هەموو ئاست و شوێنەکان ڕێژەکەی بەرز کردووە**

**ڕاستە سیستەمی سیاسی و حوکمڕانی ڕۆڵی کاریگەری هەیە لەسەر ڕۆئیا و بەمۆدیلکردنی شتێک، بەڵام پێویستە ئەکتیڤی سەرچاوەکانی دیکەی دروستکردنی ڕۆئیا و ناسنامەی تاک بکرێت، کە بریتین لە ڕاگەیاندن و کەرتی پەروەردە و مزگەوت و کەنیسە و شوێنە ئایینییەکان**

**شایەتحاڵی ئەوەین ڕاگەیاندن و بەرهەم و دراما ناوخۆیی و هاوردەکان ڕۆئیایەکی ناباشیان بەرامبەر ژن دروست کردووە**

**کۆمەڵگە پێشکەوتووەکان ڕاگەیاندن و بەرهەمە کاتبەسەربەرەکانی وەک دراما و کارتۆن و بەرنامە کۆمیدییەکان بۆ چاکسازیی کۆمەڵایەتی بەکار دێنن، بەتایبەتی بۆ پرسی ژن**



# ڕۆژنامەگەریی پیشەیی لە زەمەنی سۆشیال میدیادا

## سەرەقەڵەمێک دەربارەی ڕۆژنامەگەریی پیشەیی لە وڵاتی نەرویج

بەشی دووەم

کاتێك باسی میدیای ئەلیکترۆنی دەکەین، دەبینین هەمان میدیای ساڵانی پێشووە و لە چواچێوەی میدیای پشەییدایە، بەڵام بڵاوکراوەکانیان بە شێوەی ئەلیکترۆنییە و لە ئیننتەرنێتدایە، دەزگا ڕاگەیاندنە بەناوبانگ و ناسراوەکان (تەلەفزیۆن، ڕادیۆ، یان ڕۆژنامە و گۆڤار) لە زەمەنی ئێستادا هەموو ئەوانە خاوەنی لاپەڕەی ئیننتەرنێتیی خۆیانن و لەوێ بابەتەکانیان بڵاو دەکەنەوە، میدیای ئەلیکترۆنی تەواو جیاوازە لە سۆشیال میدیا و هیچ پەیوەندییەکیان بەیەکەوە نییە، ئەو کەسانەی سۆشیال میدیا بەکار دەهێنن بۆ بابەت بڵاوکردنەوە، دەکرێت بۆ سەرگەرمیی خۆیان بێت و، ئارەزوومەندی ئەم کارەبن و و فەرمی نین، هاوکات ئەندامی چالاك و خاوەن ئەکاونتەکانی وەك تویتەر، فیس بووك، ئینستاگرام، تێلگرام و بلۆگن.

سۆشیال میدیا لە نەرویج بە (دەریایەك لە ئیمکانیات) ناو دەبرێت، کە بەربڵاوترین و گەشەسەندووترین ئامرازی خزمەتگوزاریی پەیوەندییە، کە هەمیشە لە گەشە و گۆڕاندایە، ئەویش وەك هەموو شتەکانی دیکە دوو لایەنی هەیە، کە هەم خزمەت، هەم زەرەریشی بە مرۆڤایەتی گەیاندووە، لە وڵاتێکی بیرۆکراتی وەك نەرویج تەکنەلۆژیای براوە (ئینەرنێت و سۆشیال میدیا و ئیمەیل) ئامرازی سەرەکیی بەکارهێنانی کاری ڕۆژانەن لە سەرتاسەری وڵاتدا، کە تەواو کارئاسانی لە خزمەتگوزارییەکانی وەك (پەیوەندی، ئاڵوگۆڕکردنی زانیارییەکان، بازرگانی و کڕین و فرۆشتن، کاری سیاسی و ئابووری و خوێندن و زانیاریی گشتیدا کردووە.



**دەریا قادر**
میدیاکار و چالاکی مەدەنی
تایبەت بۆ گوڵانی نووسیوە

ئەوەی مایەی خۆشحاڵییە دوای هاتنی سۆشیال میدیا چیتر هیچ شتێك بە شاراوەیی نەماوەتەوە، بۆ نموونە: ڕووداوەکانی ڕۆژ لەکاتی خۆیدا دەبینین و دەبیستین، ڕوویداوە کە ڕۆژنامەنووس لەکاتی خۆیدا نەیتوانیوە لە شوێنی ڕووداو ئامادە بێت، بەڵام لەو کاتەدا هاووڵاتی ئاسایی بە بەکارهێنانی سۆشیال میدیا شوێنگرەوە بووە.

مێژووی سۆشیال میدیا لە نەرویج بە شێوەیەکی گشتی بۆ ساڵانی ٢٠٠٨-٢٠٠٧ دەگەڕێتەوە، بەڵام لە ڕاستیدا پێش ئەو کاتە لە زەمەنێکی زووەوە سەری هەڵداوە، کە دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی ڕابردووی ساڵی ١٩٧٠، ئەو کات ژمارەیەکی زۆر لە خزمەتگوزارییەکانی ئینتەرنێتی تایبەت بە پەیوەندییەکان و ڕاگەیاندن لە بەردەستدا بوون، وەك: Use Net، Bulle line Board System (BBS)، Multi User Dungeon (MUD)، (IRC). Internet Really Chat هاوکات لە وڵاتێکی پێشکەوتووی وەك نەرویجدا ناکرێت لە بەکارهێنانی سۆشیال میدیادا بێ زەرەر بێت، لە هەموو تەمەنەکان کچان و کوڕان بێ جیاوازی ئالوودەی بەکارهێنانی سۆشیال میدیا بوون، ئەوەش کاریگەریی یەکجار نەرێنی هەیە و، تا دێ بەکارهێنەرانی ڕوو لە زیادبوونە، هاوکات نەخۆشییە دەروونییەکانیشی ڕوو لە هەڵکشانە، جگە لەمە خراپبوونی تەندروستیی بەکارهێنەران، وەك کەمبوونەوەی پەیوەندیی فیزیکی و چالاکیی جەستەیی مرۆڤەکان و دانیشتنی زۆر و جووڵەی کەم و تێکچوونی کاتی خەو و ئیسراحەت، زیادبوونی نەخۆشییە دەروونییەکانی وەك دڵەڕاوکێ و هەڵچوون و گرژی و تووڕەیی و کاردانەوەی

هەڵە، خەمۆکی و لاوازیی هزر و بیرکردنەوە و لاوازیی دەروونی و کەسایەتی و هەستکردن بە تەنیایی، کێشەنانەوە بۆ خۆیان و خێزان، بەتایبەت لە لایەن منداڵان و هەرزەکارانەوە، بەهۆی پەیوەندیی هەڵە و شەیرکردنی وێنە و نامەی یەکتر، کارەسات و رووداوی سەیارە و، زۆر شتی دیکە کە سەرەکیترین هۆکاریان بەکارهێنانی زیادەڵپێویستی سۆشیال میدیایە.

**میدیای ئەلیکترۆنی تەواو جیاوازە لە سۆشیال میدیا و هیچ پەیوەندییەکیان بەیەکەوە نییە**

مافەکانی رۆژنامەنووسی پیشەیی و یاسای بوارەکانی میدیایی (بینراو، بیسراو، نووسراو)

رۆژنامەنووسی پیشەیی بەپێی ئەو گرێبەستەی کە لەگەڵ دەزگا ڕاگەیاندنەکەدا هەیەتی، ماف و ئەرکەکانی بۆ دیای دەکرێت، رۆژنامەوانی پیشەیی مافی ئەوەیان هەیە کە لە دادگا زانیاریەکانیان بپارێزن، هەروەها ڕێگەپێدراون کە کەڵك لەو وێنە و ڤیدیۆ و بەڵگە تایبەتیانە وەربگرن کە خەڵك بڵاویان دەکاتەوە، بە مەرجێك پەیوەندی بە بابەتەکانیانەوە هەبێت. رۆژنامەوانی پیشەیی و ئازاد هەردوولا کە گرێبەستیان هەبوو و، دامەزرابوون لە دەزگایەکی ڕاگەیاندن، داهاتیان هەیە و ئەرك و مافەکانیان دیاری کراوە بەپێی ئەو گرێبەستەی هەیانە.

هەر رۆژنامەوانێك گرێبەستی نەبێت لەگەڵ دەزگایەکی ڕاگەیاندن، هیچ داهاتێکی نابێت لە ڕێگەی کاری رۆژنامەوانییەوە، رۆژنامەوانی ئازاد وەك رۆژنامەوانی پیشەیی مافیان هەیە کە ببن بە ئەندامی سەندیکای رۆژنامەنووسانی نەرویج.

**دوای هاتنی سۆشیال میدیا چیتر هیچ شتێک بە شاراوەیی نەماوەتەوە، بۆ نموونە: ڕووداوەکانی ڕۆژ لەکاتی خۆیدا دەبینین و دەبیستین**

ئایا یاسای پاراستی تایبەتمەندیی کەسی و یاسای نەهێشتنی کینەبەری (الكراهية) دەتوانێت کێشەکانی ناو سۆشیال میدیا و لێکەوتەکانی چارەسەر بکات، واتا ژیانی تایبەتی تاکەکان بپارێزێت؟

بەڵێ، بە ڕادەیەکی زۆر، هەروەك لە کۆمەڵگەدا سەرپێچیکردن و لادان لە یاسا سنووری بۆ دیاری کراوە و قابیلی سزادانن، سۆشیال میدیاش بە هەمان شێوە.

یاسایەکانی سەبارەت بە چارەسەرییەکانی ئەم کێشانە ئەمانەن:

١. هەڕەشە لە ڕێگەی ئینتەرنێت، وەك (نامەی ئەلیکترۆنی، ئیمەیل، سۆشیال میدیا، یان هەر ئامێرێکی ئەلیکترۆنیی دیکە، هەمان یاسای سزدان دەیانگرێتەوە و، لەگەڵ سەرپێچیەکانی (نووسراو، چاپکراو، یان رووبەڕوودا) هیچ جیاوازییەکیان نییە.

٢. جاران لە نوسخەی کۆنی یاسای سزاداندا هیچ سزایەك نەبووە لە بارەی سۆشیال میدیا و بڵاوکردنەوەی وێنە، فیلم، یان دەنگی تۆمارکراو بە بێ ڕەزامەندیی خاوەنەکانیان، بەڵام بە هۆی دەرکەوتنی سۆشیال میدیاوە یاسایەك بۆ چارەسەری کێشەکانی ئەم مەبەستە لە مانگی ٦ ی ساڵی ٢٠٢١ دانرا.

٣. یاسای سزادان پاراگراف ٢٦٧ أ: سزای ماددی، یان سزای زیندانی تا یەك ساڵ بەو کەسە دەدرێت کە هەستاوە بە وێنەگرتن، یان تۆمارکردنی دەنگ بۆ ئیهانەکردن، یان شکاندنی کەسایەتیی خەڵکانی دیکە، بۆ نموونە وێنە فیلمی شوێنە هەستیارەکانی جەستە، یان کەسێك لەو کاتەی کەوتووەتە ژێر دەستدرێژی، یان گاڵتەپێکردن بەو کەسانەی کە کەمئەندامن، یان هەر کەسێك لە بارودۆخێکی نەخوازراو و نالەباردا بێت، هەموو ئەوانە بە تاوان هەژمار دەکرێن.

٤. یاسای ماف و چاپ (Åvl) ١٠٤ پاراگرافی ١، کە گرنگە هەموو رۆژنامەنوسێك بیزانێت، دەڵێت: « ناکرێت هیچ وێنەیەکی شەخسی و تایبەتی چاپ بکرێت، یان بڵاو بکرێتەوە لە شوێنە گشتییەکاندا، بەبێ ڕەزامەندیی خاوەنی وێنەکە.

٥. یاسای بەرپرسیارێتیی میدیایی کە لە ساڵی ٢٠٢٠ پەسەند کراوە،

تێیدا هاتووە، لەبەر ئەوەی سانسۆر کەمە لە سۆشیال میدیادا، رۆژنامەنووس دەستکراوەترە لە بڵاوکراوەکاندا، بۆ هەر سەرپێچیەك یاسا سزای تا یەك ساڵ زیندانی بۆ داناوە و، بەپێی شێوازی تاوانەکە چەندییەتی سزاکە کەم، یان زیاد دەکات.

٦٠ لە یاسای شکاندنی پێوەرەکانی مرۆڤایەتی و، یاسای کینەبەرایەتی پەرەگرافی ١٣٥ أ، هاتووە: « ئاژاوەنانەوە و کینەبەرایەتی، هاندان بۆ توندوتیژی، ئازاردان، یان سووکایەتیکردن بە کەسێك بە هۆی شێوە و ڕەنگی پێست، یان جیاوازیی نەتەوە و بیروباوەڕی دین،

هاورەگەزخوازی، کەمئەندامی، گوفتاری گاڵتەئامێز و گاڵتەپێکردن (تنمر)-Bully-ing/ mobbing، لە سەرەکیترین هۆکارەکانن بۆ شکاندنی یاسا لە بەکارهێنانی سۆشیال میدیا و قابیلی سزادان و زیندانن».

٧. یاسای زانیارییە تایبەتەکان (شەخسییەکان) کە لە ساڵی ٢٠١٨ پەسەند کراوە، تیایدا هاتووە: «تایبەتمەندیی هەموو کەس و تاکێك پارێزراوە و، ئازادیی بیروڕادەربڕین بۆ هەموو تاکێك وەك یەکێك لە گرنگترین فاکتەرەکانی دیموکراسی هەژمار دەکرێت، ئەو ئازادییە سۆشیال میدیاش دەگرێتەوە، بەڵام لە سنووری خۆیدا». لەم یاسایەدا بە شێوەیەکی زۆر بەرچاو جەخت لەسەر ئەو دەربڕینانە کراوەتەوە، کە بە مەبەستی ڕەگەزپەرستی و ئازاردانی تاکێك، یان گرووپێك بڵاو دەکرێتەوە و، ئەوانەشی کە پشتیوانی لێ دەکەن، ئەوا سزای ماددی و هەندێ جاریش سزای زیندانی دەیانگرێتەوە.

## ● ئازادیی میدیا و ئازادیی بیروڕا

ئازادی بە مانای ئازادیی بیروڕوا و ڕادەربڕین، ئازادیی ڕەفتارکردن، ئازادیی هەڵبژاردنی شێوازی ژیانکردن، تا ئەو جێگەی تاك زیان و ئازار بە ئەوانی دیکە نەگەیەنێت، پێویستە هەموو سانسۆر و یاساخکردنێك ڕەت بکرێتەوە، نە دەسەڵاتی سیاسی و نە کۆمەڵگە و ڕای گشتی، مافی ئەوەیان نییە ئازادیی دەربڕینی ڕایەك، یاساخ، یان سەرکوت بکەن. لێرەدا خاڵێکی زۆر گرنگ هەیە، ئەویش جیاوازیی نێوان ئازادیی بیروڕا لەگەڵ ئازادیی ڕادەربڕینە کە بە هیچ شێوەیەك ئازادیی ڕادەربڕین ڕەها نییە و لەو جێگەی کە ئەم ئازادییە دەبێتە هۆی ئازارگەیاندن بە ئەوانی دی، پێویستە دەسەڵات بە میکانزمی یاسایی ئەو ئازارگەیاندنە بوەستێنێت.

سنوورەکانی ئازادیی ڕادەربڕین لە کۆمەڵگەیەکەوە بۆ یەکێکی دیکە دەگۆڕێت، لە یەك کۆمەڵگەشدا لە کاتێکەوە بۆ کاتێکی دیکە بەپێی ئاستی پێشکەوتن و جۆری سیستمە سیاسییەکەی دەگۆڕێت.

لە وڵاتی نەرویج کۆمەڵێك پرس یاساخن و وەك تاوان سەیر دەکرێن کە پێیان دەڵێن: ڕق (Hate Speech) و جیاکاری (Discrimination)، بۆ نموونە: ئەوە بە ئازادیی ڕادەربڕین دانانرێت کە کەسێك ڕەش پێستێك بە کەمتر لە مرۆڤ ناوزەد بکات و وەك سپی پێستێك سەیری نەکات، یان ئایینێك و ئایینزایەك و شوێنکەوتووانی بە خراپ ناوزەد و تاوانبار بکات، ئەم نموونانە وەك تاوان لە یاسادا پێناسە کراون و سزایان هەیە.

لێرەدا ئازادیی ڕادەربڕین بۆ پەرەپێدانی میدیا بەس نییە، بەڵکو لەمە گرنگتر ئەوەیە چۆن مامەڵە لەگەڵ ئازادیی ڕادەربڕین دەکرێت؟ ئایا ئازادیی ڕادەربڕین وەك ئازادییەکی ڕەها بەکار دەهێنرێت بە بێ ئەوەی هیچ شتێك لەبەرچاو بگیرێت، چی دەڵێین و چۆن دەیلێین، یان دەبێت چوارچێوەیەك هەبێت بۆ ئەوەی ڕۆژنامەنووس بەرپرسیارانە مامەڵە لەگەڵ ئازادیی ڕادەربڕین بکات و، بزانێت چی دەنووسێت و چۆن دەینووسێت، لەمەش گرنگتر ئەوەیە ڕۆژنامەنووس وەك ڕۆژنامەنووسێکی پڕۆفیشناڵ لەوەش هۆشیار بێت بەچ ئامانجێك دەینووسێت، پێویستە مۆراڵی پڕۆفیشناڵی ڕۆژنامەگەری ببێتە چوارچێوەیەك بۆ ئەوەی مامەڵەیەکی تەندروست لەگەڵ ئازادیی ڕادەربڕین و زانیارییەکان بکرێت، زۆرجار ڕۆژنامەنووسان بە پراکتیکی مۆراڵ و سلووکی کاری پڕۆفیشناڵی پێشێل دەکەن، بۆیە لە نەرویج یاسا هەیە بۆ ئەو پێشلکارییانە و ڕێگەپێنەدراون.

**پێویستە مۆراڵی پڕۆفیشناڵی ڕۆژنامەگەری ببێتە چوارچێوەیەک بۆ ئەوەی مامەڵەیەکی تەندروست لەگەڵ ئازادیی ڕادەربڕین و زانیارییەکان بکرێت**

میدیای ئازاد واتا پیادەکردنی ئەو ئازادییە کە لە سەربەخۆیی سەردەمی ڕۆشنگەریی ئەورووپا هاتووە، کە ئازادی بە مانای لیبراڵیزم بەکار هاتووە، بەوەی مرۆڤ تا ئەو ئاستە ئازادە، کە ئازادیی خەڵکانی دیکە پێشێل نەکات و، میدیای ئازاد لە بەرژەوەندیی کۆمەڵگەدا بێت.

ئاشکرایە کە کاری ڕۆژنامەگەری زانست و هونەرە، دەبێت ڕۆژنامەگەری بە شێوەیەکی زانستی و هونەرییانە ڕۆڵی خۆی لە کۆمەڵگە ئەدا بکات و، ڕۆژنامەگەریی باش گەلێکی ئازاد بەرهەم دەهێنێت و ڕۆژنامەگەریی خراپ گەلێکی خراپ بەرهەم دەهێنێت، هەروەها لە وڵاتێکدا ئازادیی ڕادەربڕین و ئازادیی ڕۆژنامەگەری نەبێت، لەو وڵاتەدا دیموکراسییش نییە.

**ڕۆژنامەگەری زانست و هونەرە، دەبێت ڕۆژنامەگەری بە شێوەیەکی زانستی و هونەرییانە ڕۆڵی خۆی لە کۆمەڵگە ئەدا بکات و، ڕۆژنامەگەریی باش گەلێکی ئازاد بەرهەم دەهێنێت و ڕۆژنامەگەریی خراپ گەلێکی خراپ بەرهەم دەهێنێت**

# دروستکردنی بووکەڵە و گەمەی ژینگەدۆست بۆ منداڵان

لە چوارچێوەی بایەخپێدانە ژینگەییەکاندا ڕۆژنامەی ئەلشەرق ئەلئەوسەت بابەتێکی گرنگی ورووژاند لە بارەی کاریگەرییەکانی گەمەی منداڵان لەسەر ژینگە، لە ڕێگەی ئەم پرسیارەوە: ئایا ئەو کەرەستانەی کە گەمەی منداڵانی لێ دروست دەکرێت، تا ماوەی چەند ساڵ دەمێننەوە؟ جا ئەو کەرەستانە بووکەڵەیەکی لە پلاستیك دروستکراو بێت، یان ورچێکی لە قوماش دروستکراو، یان شەمەندەفەرێکی بچووك بێت، یان ئەو شەش پاڵوانە بێت کە زۆر شتی پێ دروست دەکرێت.

ئەوەی دیار و بەرچاوە تا ئەم ساتە، چارەنووسی زۆربەی بووکەڵە و گەمەی منداڵان لە کۆتاییدا هەر فڕێدانە، بەتایبەت لەم سەردەمی بازاڕکردنی خێرا و حەزی مرۆڤ بۆ زۆر بەکاربردن، بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا ئێستا هەوڵ و بیرۆکەی نوێ لە ئارادان بۆ زیادکردنی تەمەنی بووکەڵە و گەمەی منداڵان و گۆڕینیان بۆ دۆستی ژینگە.

بەپێی زانیارییەکانی ڕۆژنامەکە وەك لە سایتی (ساتیستا) بڵاوکراوەتەوە، قەبارەی پیشەسازیی بووکەڵە و گەمەی منداڵان لە ساڵی ٢٠٢٠دا گەیشتووەتە ٩٥ ملیار دۆلار، بەپێی سایتی (فۆرچن)یش بێت، لە هەمان ساڵدا گەیشتووەتە ١٣٠ ملیار دۆلار، قازانجی ئەم بوارەش لای کۆمپانیای (لیگۆ)ی دانیمارکی گەیشتووەتە ٧,٢ ملیار دۆلار لە ساڵێکدا، دوای ئەویش لای کۆمپانیای (پاندای نامکۆ)ی ژاپۆنی قازانجی ساڵانە گەیشتووەتە ٦,٦ ملیار دۆلار.

بە شێوەیەکی ڕێژەییش هەر منداڵێکی ئەفریقایی لە ساڵێکدا ٧ دۆلار لە کڕینی بووکەڵە و گەمەدا خەرج دەکات، تێکڕای خەرجکردنی منداڵێکی ئاسیاییش دەگاتە ٢٤ دۆلار لە ساڵێکدا و، تێکڕای خەرجکردنی منداڵێکی ئەورووپاییش دەگاتە ٢١٢ دۆلار و، تێکڕای خەرجکردنی منداڵێکیش لە ئەمریکای باکوور دەگاتە ٣٠٠ دۆلار.


سەبارەت بە هەناردە و هاوردەکردنیش، وڵاتی چین یەکەمی بواری هەناردەکردنی بووکەڵە و گەمەی منداڵانە بە ٧٠ ملیار دۆلارە لە ساڵی ٢٠٢٠ و، ئەمریکاش یەکەمی بواری هاوردەکردنە بە بڕی زیاتر لە ٣٦ ملیار دۆلار لە هەر ساڵێکدا.

لە بارەی بڕی بووکەڵە و گەمەی فڕێدراو، بەپێی ئەو توێژینەوەیەی کە دامەزراوەی (هارت)ی خێرخوازیی بەریتانیا ئەنجامی داوە لە نێو خێزانەکاندا، دەرکەوتووە کە:

لە ٢٨٪ی باوکان ئەو گەمە و بووکەڵانە فڕێ دەدەن، هەرچەند لە بارێکی باش و چاکیشدا بن.

لە ٤٧٪ پشیان دان بەو ڕاستییەدا دەنێن کە منداڵەکانیان دوای تەنیا یەك هەفتە، لە بووکەڵە و گەمە نوێیەکانیان بێزار دەبن.

لە فەرەنساش کۆمپانیای (داگۆما) لە پڕۆژەی (تۆی ڕیسکیو)دا بۆ ڕزگارکردنی گەمەی منداڵان، بۆی دەرکەوتووە کە خێزانە فەرەنسییەکان ساڵانە نزیکەی ٤٠ ملیۆن گەمەی منداڵان فڕێ دەدەنە سەبەتەی پاشماوە فڕێدراوەکانەوە.



**عەبدولڕەحمان سدیق**

بۆ گوڵانی نووسیوە

بەپێی زانیارییەکانی بەرنامەی نەتەوە یەکگرتووەکانیش بۆ ژینگە، گرفتەکە لەوەدایە کە پلاستیک بە ڕێژەی ٩٠٪ لەپێکهاتەی گەمەی منداڵاندا هەیە و، تەنانەت لە پێچانەوەشیاندا.

بۆیە بەپێی هەندێك لە خەمڵاندنەکان هەر یەك ملیۆن دۆلاری بەدەستهاتوو لە پیشەسازیی گەمەی منداڵاندا، نزیکەی ٤٠ تۆن لە پلاستیکی تێدا بەکار دەهێنرێت.

ئەمەش بە مانای ئەوە دێت کە بڕی ئەو پلاستیکەی ئێستا لەم پیشەسازییەدا بەکار دەهێنرێت، ساڵانە دەگاتە نزیکەی ٥ ملیۆن تۆن و، بە شێوەیەکی گشتییش نزیکەی ٨٠٪ی گەمەی منداڵان چارەنووسی فڕێدانە بۆ نێو سەبەتەی خاشاك.

هەنگاوەکان بەرەو دروستکردن و بەکارهێنانی گەمەی ژینگەدۆست بۆ منداڵان:

یەکەم: ئەوەی جێگەی دڵخۆشییە، لە ئێستادا بەشێك لە منداڵان خۆیان گەمەی لە پلاستیك دروستکراو ناکڕن و، تەنانەت بە دیارییش بیاندرێتێ وەری ناگرن.

دووەم: بەشێك لە دروستکارانی گەمەی منداڵانیش وەك هەستکردن بە بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتیی کۆمپانیاکانیان، ئێستا جۆرێك لە گەمەی منداڵان دروست دەکەن کە لە ڕووی ژینگەییەوە پەسەندکراو بن.

سێیەم: بەشێك لە کۆمپانیاکان ئێستا لە ڕێگەی ڕیسایکلینی گەمە بەکارهاتووەکان و لە قوتوی بەکارهاتووی شیر و ساردەمەنییەکان، گەمەی نوێی منداڵان دروست دەکەن.

چوارەم: هەندێك لە کۆمپانیاکان گەمە بەکارهاتووەکان وەردەگرن و، ڕیسایکلینی دەکەن بۆ دووبارە دروستکردنی کانزا و پلاستیك لێیان و، گۆڕینی کاغەز و تەختەکانیش بۆ پەین.

پێنجەم: لە ئێستادا بەشێکیش لە خەڵك گەمە بەکارهاتووەکان دەبەخشن، لە بڕی ئەوەی فڕێی بدەن، ئەمەش ڕەفتارێکی باشە لە ئابووریی بازنەییدا، کە پشت دەبەستێت بە دووبارە بەکارهێنانی شتومەکەکان و درێژکردنەوەی تەمەنی بەکارهێنانیان.

شەشەم: هەندێك لە خوێندنگە و قوتابخانەکانیش هاوشێوەی کتێبخانە شوێنیان بۆ جۆرەکانی گەمە تەرخان کردووە و، قوتابی دەتوانێت بە خواستن و بۆ ماوەیەکی دیاریکراو گەمەی دڵخوازی خۆی وەربگرێت و پاشان بیگەڕێنێتەوە.

حەوتەم: هەندێك لە کۆمپانیاکانی تایبەت بە دروستکردنی گەمەی منداڵان، خزمەتگوزارییەکی نوێ پێشکەش بە خێزانەکان دەکەن لە ڕێگەی خواستنی سندوقێك پڕ لە گەمەی جۆراوجۆری دڵخوازی خۆیان، بەرامبەر بە وەرگرتنی بڕێك پارە بۆ ماوەی مانگێك و، پاشان گێڕانەوەی سندوقی گەمەکان.

هەشتەم: بەشێك لە خێزانەکانیش لە ئێستادا وەك هەستکردن بە بەرپرسیارێتییان، منداڵەکانیان هان دەدەن بۆ کڕینی گەمەی ناپلاستیکی و کوالێتی چاك و، تەمەن درێژ و، ڕۆشنبیرکردنی منداڵەکانیشیان بە خستنەڕووی سوود و زیانەکانی جۆرەکانی گەمە لەسەر ژینگە و پێکهاتەکانی.

# لێبوردەیی و پێکەوەژیانی ئاشتییانە لە ئایەتەکانی قورئانی پیرۆزدا

چەمکی پێکەوەژیان و ئاشتەوایی یەکێکە لە بنەماکانی ئیسلام، بەو پێیەی یاسایەکی خودایە و ئامانجی پاراستنی ژیانی مرۆڤ و کۆنترۆڵکردنی لەسەر بنەمای مافی ڕێزگرتن و دداننان بە مافی ئەوانی دی بە ژیانێکی شایستەیە. بنکەیەکی لێبوردەیی و پێکەوەژیانییە کە ڕەگ و ڕیشەی ئیمانی هەیە کە لە ڕێگەی زنجیرەیەك ڕێنمایی خوداییەوە هاتووە، بۆیە پێغەمبەران(دروودی خوایان لە سەر بێت) هەڵگری بانگەوازی خودای گەورەن بۆ بڵاوکردنەوەی بانگەوازی یەکتاپەرستی و ڕێنماییکردنی گەلان و هۆزەکان، کە ئامانجی سەرەکییان لێبوردەیی و پێکەوەژیانە، نەك ململانێ و شەڕ، چونکە مرۆڤ جەوهەری پرۆسەی پێکەوەژیان و ئاشتییە، خودای گەورە مرۆڤی جێنشین کردووە لەسەر زەوی و جیای کردووەتەوە بۆ ئەوەی بەهای مرۆیی خۆی نیشان بدات.

خودای گەورە مرۆڤی جێنشین کردووە لەسەر زەوی و جیای کردووەتەوە بۆ ئەوەی بەهای مرۆیی خۆی نیشان بدات

مرۆڤ دەبێت پێکەوەژیان لەژێر سێبەری قورئانی پیرۆزدا بەرپا بکات و هەوڵ بدات خزمەت بە ئامانجە گشتییەکان بکات. چونکە لێبوردەیی و پێکەوەژیانی ئاشتییانە لەگەڵ ئایینەکانی دیکەدا بەهایەك پێکدەهێنێت کە ڕەگ و ڕیشەی لە ڕۆحی مرۆڤدا هەیە، کاتێك کە بڕگە و بەها هاوبەشەکان بەدی بهێنێت.

ئیسلام پەرۆشە بۆ پتەوکردنی پەیوەندییەکانی دراوسێیەتیی باش لەگەڵ هەموو کۆمەڵگەکاندا، هەروەها لێبوردەیی و پێکەوەژیان بە یەکێك لە تایبەتمەندییە گرنگەکانی دەزانێت، ئەمەش لە ڕێگەی حوکم و فێرکارییە کۆمەڵایەتییەکانیەوە دەبینرێت. بۆیە شەریعەتی ئیسلامی پەیوەندیی موسڵمانان لە نێوان خۆیاندا ڕێك دەخات و هەروەها جەخت لەسەر کولتووری لێبوردەیی لەگەڵ پەیڕەوانی ئایینەکانی دیکە دەکاتەوە.

خودای گەورە پەیوەندییەکانی مرۆڤی لە نێوان خۆیاندا لەسەر بنەمای برایەتی و خۆشەویستی داناوە. خوای گەورە لە قورئانی پیرۆزدا ئاماژەی بە برایەتی کردووە. «إِنَّمَا الْمُؤْمِنُونَ إِخْوَةٌ» (الحجرات:١٠) ژياننامەی پێغەمبەر (سەلامی خوای گەورە لێ بێت) لەسەر ئەوە بووە کە قورئانی پیرۆز ئامۆژگاریی موسڵمانان دەکات کە هاوکاری یەکتر بکەن بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان. خوای گە ورە لە قورئانی پیرۆزدا دەفەرموێت: «وَتَعَاوَنُواْ عَلَى الْبرِّ وَالتَّقْوَى وَلاَ تَعَاوَنُواْ عَلَى الإِثْمِ وَالْعُدْوَانِ» (المائدة:٢)..

جۆرەکانی لێبوردەیی و پێکەوەژیان:

١- لێبوردەیی و پێکەوەژیان لە نێوان تاکەکاندا: کە ئەمە دەبێت پەیوەندیی نێوان تاکەکان لەگەڵ یەکتردا بە جۆرێك بێت کە ڕێزی یەکتر بگرن و، مامەڵەیەکی میهرەبان بکەن و چاوپۆشی لە هەڵەی ئەوانی دی بکەن. خوای گەورە لە



مامۆستا عەزیز جەبار مەنتک

بەرپرسی ناوچەی بنەسڵاوەی یەکێتیی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان

قورئانی پیرۆزدا دەفەرموێت: «خُذِ الْعَفْوَ وَأْمُرْ بِالْعُرْفِ وَأَعْرِضْ عَنِ الْجَاهِلِينَ» (الاعراف١٩٩). کە ئەم ئایەتە دابەزیوە، پێغەمبەری خودا پرسیاری لە جبرائیل کرد و لەو بارەیەوە فەرمووی: «ئەی محەمەد (سەلامی خوای گەورە ی لەسەر بێت) خودا فەرمانت پێ دەکات کە لەو کەسانە خۆش بیت کە ستەمیان لێ کردوویت، یان وتەی نەشیاویان بە تۆ گوتووە، بیانبەخشە و لێیان ببوورە.

٢- لێبوردەیی و پێکەوەژیان لە نێوان خێزاندا: ئەم جۆرە لێبوردەییە بەشێکە لە شەریعەتی ئیسلامی بە مەبەستی جێبەجێکردنی ئەرکی خێزان لە پێکەوەژیانی باش کە سۆز و بەزەیی و خۆشەویستی لە نێوانیان دروست دەکات. خوای گەورە لە قورئانی پیرۆزدا دەفەرموێت: «وَعَاشِرُوهُنَّ بِالْمَعْرُوفِ ۚ فَإِن كَرِهْتُمُوهُنَّ فَعَسَى أَن تَكْرَهُوا شَيْئًا وَيَجْعَلَ اللَّهُ فِيهِ خَيْرًا كَثِيرًا» (النساء١٩)، بە نەریتێکی پەسەند و جوان هاوکارییان بکەن و مامەڵەتان چاك بێت لەگەڵیاندا، وەکو ئێوە چاوەڕوانی چاکە لەوانە دەکەن. ئینجا ئەگەر بە هۆی لاسارییانەوە ژیان لەگەڵیاندا نەگونجا، ددان بە خۆتاندا بگرن و ئێوە هەر چاك بن. چونکە گەلێ شتی وا هەیە، ئێوە خۆشتان لێ نایەت، کەچی خوا خێر و چاکەیەکی زۆری بۆ ئێوە تێدا داناوە.

٣- لێبوردەیی و پێکەوەژیان لە نێوان گەلاندا: ئەوە لێبوردەییە کە قورئانی پیرۆز لە دیدگای خۆیدا کە بڕیاری لەسەر داوە سەبارەت بە بیر و باوەڕ، دووپاتی دەکاتەوە کە هیچ ڕێگەیەك نییە بۆ سەپاندنی بیر و باوەڕێك بە زۆرەملێ. خوای گەورە لە قورئانی پیرۆزدا دەفەرموێت: «لا إِكْرَاهَ فِي ٱلدِّينِۖ قَد تَّبَيَّنَ ٱلرُّشْدُ مِنَ ٱلْغَيِّ» (٢٥٦البقرة). چونکە قورئان هەموو بەڵگەکانی ڕوونە و لە ڕووی دەروونییەوە بۆ شوێنکەوتووانی ڕوونی کردووەتەوە کە فرەچەشنی و فرەڕەنگی ئایینی قبووڵ بکەن و جیاوازیی نێوانیان شتێکی سرووشتییە. خوای گەورە لە قورئانی پیرۆزدا دەفەرموێت: «أَفَلَمْ يَيْأَسِ الَّذِينَ آمَنُوا أَنْ لَوْ يَشَاءُ اللَّهُ لَهَدَى النَّاسَ جَمِيعًا» (الرعد٣١). ئایا ئەوانەی باوەڕیان هێناوە، تا ئێستاش بێ هیوا نەبوون لە بڕواهێنانی ئەو کافر و بێ باوەڕانە؟ با چاك بزانن کە ئەگەر خوا ویستبای بە زۆر خەڵك موسڵمان بکا، بێگومان تەواوی ئادەمیزادی دەخستە سەر ڕێی ڕاست و، سەرجەم ڕێنمایی دەکردن بۆ راستەڕێ، بەڵام ویستی بەو جۆرە نییە کە بە زۆر باوەڕ بە خەڵکیی بهێنی، ئەمەش لە چوارچێوەی جەختکردنەوەیەتی لەسەر موعجیزەیی قورئان و ئاماژەدان بە ڕێگاکانی چاکە و سەرکەوتن بۆ هەر کەسێك کە بیری لێ دەکاتەوە.

**مرۆڤ دەبێت پێکەوەژیان لە ژێر سێبەری قورئانی پیرۆزدا بەرپا بکات و هەوڵ بدات خزمەت بە ئامانجە گشتییەکان بکات**

لە ئێستادا ڕێژەی ئەو منداڵانەی قسەکردنیان دوا دەکەوێت، ڕۆژ دوای ڕۆژ لە زیادبووندایە، پسپۆڕانی بواری پەروەردەش شاشەکان بە هۆکاری سەرەکی دادەنێن و جەختیش لەوە دەکەنەوە کە دایکان و باوکان تاقەتی ئەوەیان نییە، گوێ لە منداڵەکانیان بگرن یان گفتوگۆیان لەگەڵ بکەن، لە بەرامبەردا ئایپادێکی دەخەنە بەردەست و دڵی خۆشیان بەوە دەدەنەوە فێری زمانی ئینگلیزی دەبێت.پرۆفیسۆرێکی بەشی پەروەردە و دەروونزانیش پێیوایە کاتێك منداڵ لە ژینگەی خێزانی بە کوردی دەدوێ و لە ژینگەی قوتابخانە بە زمانێکی دیکە، ئەو کات دەبێتە هۆی دواکەوتنی زمان. بەشداربووانی ئەم راپۆرتەی گۆڤاری گوڵان لە دیدی زانستییەوە بابەتەکە شەن و کەو دەکەن.

گوڵان: کۆمەڵایەتی

# شاشە زیرەکەکان و بە دوو زمان فێرکردن بە هۆکاری دواکەوتنی قسەکردنی منداڵان دادەندرێت



پ.ی.د. جوان بەهادین مامۆستای زانکۆیە لە کۆیە ــ بەشی پەروەردە و دەروونزانی و سەرتا باسی ئەوە دەکات کە «زمان ئەو ئەندامەیە کە لەلایەن مرۆڤەوە بەکاردێت وەك کەرەستەیەك بۆ پەیوەندیکردن بە کەسانی دیکەوە و هەر لە ڕێگەی بەکارهێنانی زمانەوە دەتوانرێت ئاستی ژیری و ڕۆشنبیری کەسەکان دیاری بکرێت، لەلای منداڵیش توانستی بەکارهێنانی زمان وابەستەیە بە توانستە عەقڵییەکانیەوە». هاوکات دەڵێت: «لە ئێستادا دیاردەی «بێدەنگیی منداڵ» لە کۆمەڵگەی کوردیدا بوەتە سیمایەك و هەندێك جار دایك و باوکان بە (منداڵێکی عاقڵ) ناوزەندی دەکەن و پێیان وایە کە حاڵەتێکی زۆر ئاساییە، بەڵام لە بنەڕەتدا بابەتێکی مەترسیدارە و منداڵ کەرەستەی پەیوەندی مرۆییەکەی لاوازە و پێویستە چارەسەر بکرێت. ئەگەرچی زۆر دەمێکە توێژینەوەکان سەلماندوویانە کە فێربوونی دوو زمان لە یەك کاتدا و بەتایبەتی لەو کاتەی کە سەرەتای زەنگینکردنی گەنجینەی زمانەوانی بێت، واتە منداڵ لە سەرەتای تەمەنیدا ئەگەر هەوڵ بدرێت دوو زمانی جیاواز فێر بکرێت، هەر بۆیە لە کاتێکدا کە منداڵ لە ژینگەی خێزانی بە کوردی دەدوێن و لە ژینگەی قوتابخانە بە زمانێکی دیکە، ئەو کات دەبێتە هۆی دواکەوتنی زمانی و گرفت دروست دەبێت لە گفتوگۆی ژیانی ڕۆژانەی». گوتیشی: «هۆکارێکی دیکەی بەهێز کە بووەتە هۆی دواکەوتنی زمانیی لەلای منداڵەکانمان، سەرقاڵبوونی منداڵە بە شاشەکانەوە لە چەند لایەکەوە، چونکە بەکارهێنانی شاشەکان بە شێوەیەکی ئاسایی ڕێگری دەکات لە سازدانی گفتوگۆ لەگەڵ کەسانی دەوروبەری، لەلایەکی دیکەوە ئەو پرۆگرامانەی کە لە ئامێرە زیرەکەکاندان بە زمانی ئینگلیزین و زۆرینەی کات ئامادەکراوە بۆ فێربوونی وشەی ئینگلیزی، هەر بۆیە منداڵەکانمان ناتوانن ڕستەیەکی تەواو دروست بکەن بە زمانی کوردی و وشەی ئینگلیزییەکانیش بە تێکەڵی لەگەڵ زمانی کوردی بەکاردێنن و لە سەرئەنجام ڕستەی بێ واتا دەردەبڕن. بۆ نموونە منداڵێك دەڵێت (حەزم لە وایتەکەیە، بەڵام ڕێد ناخۆم.) لەم نموونەیەدا منداڵەکە دەیەوێت بڵێ: (حەزم لە برنجی سپییە، بەڵام شلەی سوور ناخۆم) کە خۆم گوێم لێی بوو لە یەکێك لە منداڵەکان کە لەگەڵ دایکی دەدوا لەکاتی نانخواردندا.

ئەو کەسایەتییە ئەکادیمییە لە درێژەی وتەکانیدا هێمای بۆ ئەوە کرد: «بەپێی دەرئەنجامەکانی توێژینەوەیەکی زانستی کە لەسەر منداڵانی باخچەکانی ساوایان ئەنجامی داوە، دەرکەوتووە کە بەکارهێنانی ئایپاد کاریگەری هەیە لەسەر هەر چوار بوارەکانی (دەروونی، زمانی، کۆمەڵایەتی، جەستەیی)

**دیاردەی «بێدەنگیی منداڵ» لە کۆمەڵگەی کوردیدا بووەتە سیمایەک و هەندێک جار دایک و باوکان بە (منداڵێکی عاقڵ) ناوزەندی دەکەن و پێیان وایە کە حاڵەتێکی زۆر ئاساییە، بەڵام لە بنەڕەتدا بابەتێکی مەترسیدارە و منداڵ کەرەستەی پەیوەندی مرۆییەکەی لاوازە و پێویستە چارەسەر بکرێت**

**بەکارهێنانی شاشەکان بە شێوەیەکی ئاسایی ڕێگری دەکات لە سازدانی گفتوگۆ لەگەڵ کەسانی دەوروبەری**

**بەکارهێنانی ئایپاد کاریگەری هەیە لەسەر هەر چوار بوارەکانی (دەروونی، زمانی، کۆمەڵایەتی، جەستەیی) منداڵەکان**



منداڵەکان، لە ڕووی زمانییەوە کاریگەری هەبوو لەسەر توانستی گفتوگۆی منداڵەکان بە جۆرێك بووەتە هۆی ئەوەی کە بە ڕەوانی بە زمانی کوردی نەدوێن، هەر بۆیە پێویستە دایکان و باوکان خەمساردانە ئامێرە زیرەکەکان نەدەنە منداڵەکان و بێدەنگیی منداڵەکانیان بە گرفت دابنێن نەك بە عاقڵی و سەلاری». گوتیشی «ئەگەر بمانەوێ چارەسەری کەمدوویی منداڵەکانمان بکەین، پێویستە لە پێشدا ڕێنمایی دایکان و باوکان بکەین کە کاتەکانی بەکارهێنانی ئامێرە زیرەکەکان کەم بکەنەوە، هەروەها کات بۆ هاوڕێیەتی لەگەڵ منداڵەکانیان تەرخان بکەن و یاری ئاسایی بۆ منداڵەکانیان فەراهەم بکەن و بیانبەنە خولەکانی بەهێزکردن، هەروەها منداڵەکان هان بدەین بۆ یاریکردن لە ژینگەی سرووشتی و دەرەوەی ماڵ».

ڕەحمان عەلی پسپۆڕ و شارەزا لە ئۆتیزم و گرفتە ژیرییەکان، هێما بۆ ئەوە دەکات: «زمان یەکێکە لە خەسڵەتە گرنگەکانی مرۆڤ بە گشتی، کە ڕۆڵی هەیە لە دروستبوونی پەیوەندی لەگەڵ تاکەکان و پێشڤەچوونی مرۆڤایەتی، زمان دوو لایەن دەگرێتەوە، لایەنی وەرگرتن و لایەنی قسەکردن و بەکارهێنانی زمان، سەرەتا بە وشە و دوو وشە منداڵ دەربڕنی دەبێت، دواتر دەبێتە ڕستە و دەگاتە قۆناغێك کە منداڵ بە باشی قسە بکات و چیرۆك بگێڕێتەوە، کۆمەڵێك فاکتەر بۆ گەشەی زمانی منداڵ بوونی هەیە، یەکێك لەوانە بۆماوەییە، واتە خێزان هەیە منداڵەکەی زوو قسە دەکات، هەشە بە پێچەوانەوە درەنگ قسە دەکات، هاوکات ژینگەی خێزان ڕۆڵێکی کاریگەری لە گەشەکردنی زمانی منداڵ هەیە، کە ئایا دایك و باوك تا چەند کات بۆ گفتوگۆ کردن و گوێگرتن لە منداڵەکەیان تەرخان دەکەن. زۆرجار کچان لە کوڕان زووتر فێری قسەکردن دەبن، بە حوکمی ئەوەی کچان هەردوولای مێشکیان بەکاردێنن، بەڵام کوڕان یەك لای مێشکیان. هەر کاتێکیش منداڵ لە ڕووی زمانەوە دواکەوت، کۆمەڵێ نیشانەی لێ دەردەکەوێت، ئەو نیشانانەش هەندێکجار ڕەنگە ئاماژە بن بۆ بوونی گرفتێك لای منداڵەکە».

هاوکات دەڵێت: «شاشە زیرەکەکان یەکێکە لەو هۆکارانەی کە کاریگەرییەکی خراپیان لەسەر منداڵ لە ڕووی زمانەوە هەیە، تەنانەت ئەو منداڵانەی کە هیچ گرفتێکی عەقڵییان نییە، کاتێك ئالوودەی شاشە زیرەکەکان دەبن، لە ڕووی زمانەوە دوا دەکەون، بۆ نموونە لە قسەکردن دوادەکەون و تێکەڵاوی دەوروبەر نابن و ناتوانن لەگەڵ منداڵانی دیکە یاری بکەن، ناتوانن گوزارشت لە ویستەکانیان بکەن تەنیا بە هاوار کردن و گریان نەبێت، فێری هەندێ زاراوە دەبن کە هیچ سوودێکی بۆ ئەوان نییە، واتە ئالوودەبوونی منداڵ بە شاشە زیرەکەکان وادەکات هەندێ دەستەواژە دووبار بکاتەوە، هاوکات منداڵ فێری زمانی بیانی دەکات کە لە ژینگەکەی خۆی ئەو زمانە بوونی نییە، نموونەی زمانی ئینگلیزی لە کاتێکدا زمانی



**پێویستە دایکان و باوکان خەمساردانە ئامێرە زیرەکەکان نەدەنە منداڵەکان و بێدەنگیی منداڵەکانیان بە گرفت دابنێن نەک بە عاقڵی و سەلاری**

**زۆرجار کچان لە کوڕان زووتر فێری قسەکردن دەبن، بە حوکمی ئەوەی کچان هەردوولای مێشکیان بەکاردێنن، بەڵام کوڕان یەک لای مێشکیان**

**تەنانەت ئەو منداڵانەی کە هیچ گرفتێکی عەقڵییان نییە، کاتێک ئالوودەی شاشە زیرەکەکان دەبن، لە ڕووی زمانەوە دوا دەکەون**

**توێژینەوەکان هۆشداری ئەوە دەدەن کە منداڵ تا تەمەنی سێ ساڵی نابێت هیچ بەرکەوتنێکی لەگەڵ شاشەکان هەبێت**

**شاشەکان ئەو مەترسییە گەورەیە نین وەک هەمووان بە شێوەی دێوەزمەیەک دەیبینن، بەپێچەوانەوە دەکرێت بۆ مەسەلەی پەروەردە و فێرکردن سوود لە دیوە ئەرێنییەکەی وەربگرین**

**کێشەی دایک و باوکان ئەوەیە ئاشنا نین بە پێداویستییەکانی منداڵان لە تەمەنە جیاجیاکان، بەتایبەت لە تەمەنی ژێر سێ ساڵی و نازانن چ کار و چالاکییەکی لەگەڵ ئەنجام بدەن**

دایکی کوردییە، توێژینەوەکان هۆشداری ئەوە دەدەن کە منداڵ تا تەمەنی سێ ساڵی نابێت هیچ بەرکەوتنێکی لەگەڵ شاشەکان هەبێت. ئەگەر لە تەمەنی سێ ساڵی بەرکەوتنی هەبوو لەگەڵ شاشەکان، نابێت ماوەکەی لە کۆی گشتی رۆژانە بگاتە نیو سەعات، بەڵام لە دوای تەمەنی پێنج ساڵی ئەگەر بە شێوەیەکی رێکخراو شاشە زیرەکەکانی بەکارهێنا، سوودی لێ دەبینێت».

سوزان سۆفی راهێنەری فەلسەفەی مونتیسوری، رای وایە: «هەموو شتێك دوو رووی ئەرێنی و نەرێنی هەیە، ئامێرە ئەلکترۆنییەکانیش وەك هەموو شتەکانی دی دوو روویان هەیە ئەرێنی و نەرێنی. بۆ نموونە چەقۆ دەتوانی بۆ رایکردنی کاری رۆژانەمان بەکاری بهێنین، لەهەمان کاتیشدا بۆ هەرەشەش بەکار دێت. کەواتە ئێمەین بریار دەدەین لەسەر بەکارهێنانی هەر شتێك. شاشەکان ئەو مەترسییە گەورەیە نین وەك هەمووان بە شێوەی دێوەزمەیەك دەیبینن، بەپێچەوانەوە دەکرێت بۆ مەسەلەی پەروەردە و فێرکردن سوود لە دیوە ئەرێنییەکەی وەربگرین». گوتیشی: «منداڵانی ئەو سەردەمە نەوەی تەکنەلۆژیان و ئەنتەرنێت و و مۆبایل و تابلێت بەشێکن لە ژیانیان و ناکرێت لێیان دوور بکەینەوە، لە جیاتی ئەوەی بە ترسەوە سەیری بکەین، پێویستە بزانین چۆن ئاراستەیان دەکەین بۆ بەکارهێنانی. هەڵبەتە دانانی منداڵان لە تەمەنێکی ساوادا لەبەردەم شاشەکان کاریگەریی گەورەی دەبێت لەسەر دواکەوتنی گەشەی زمانیان، بەتایبەتی ئەگەر ئەو بابەتانەی منداڵەکە سەیریان دەکات، بە زمانی بیانی بن، لێرەدا تێکەڵبوونێکی زمانیان بۆ دروست دەبێت لە نێوانی زمانی دایك و زمانە بیانییەکە، ئەو کاتە منداڵەکە هەست دەکات لە ناو خێزانەکەی خۆی نامۆیە و ناتوانێت پەیوەندییان لەگەڵدا ببەستێت و ناچار روو لە شاشەکە دەکاتەوە، ئەو کاتەش دایك و باوك رێگاچارەیان نابێت و بە مەبەستی ژیرکردنەوەی منداڵەکە و خافڵاندنی دەیخەنەوە بەر شاشە. لێرەدا کێشەکە گەورەتر دەبێت و گەشەی زمانی منداڵەکەش بەرە بەرە روو لە کزی دەکات. بەڵام ئەگەر بە شێوەیەکی زانستییانە شاشەکان بەکار بهێنرێن، هەڵبەتە لە جیاتی زیان، سوودیشیان دەبێت. شارەزایانی پەروەردە دەڵێن: دیراسەکان دەریانخستووە، تا تەمەنی دوو ساڵی نابێت منداڵان بخرێنە بەر ئامێرە ئەلکترۆنییەکانەوە بە هۆی زیانی تیشکەکەیان بۆ گەشەی مێشکی منداڵەکە و، دوای دوو ساڵ دەکرێت رۆژانە نیو سەعات بەکاری بهێنێت، ئەویش لەژێر چاودێریی دایك و باب، نەك بدرێتە دەستی و لێی بگەرێی. دەکرێت بە مەبەستی فێرکاری، یان چێژوەرگرتن لە هەندێك گۆرانیی منداڵانە بەکار بهێنرێت، هەتا ئەگەر یارییش بێت. دواتر ماوەی یەك سەعات زیاتر نەبێت و تا ئەو کاتەی منداڵەکە پێویستیی بە کاتی زیاتر دەبێت بۆ بەکارهێنانی دروست، ئەویش بە گوێرەی پلانێکی دارێژدراو لە نێوان پەروەردەکار و منداڵ».

ئەو راهێنەرە جەخت لەوە دەکاتەوە کە «کێشەی دایك و باوکان ئەوەیە ئاشنا نین بە پێداویستییەکانی منداڵان لە تەمەنە جیاجیاکان، بەتایبەت لە تەمەنی ژێر سێ ساڵی و نازانن چ کار و چالاکییەکی لەگەڵ ئەنجام بدەن و چۆن ئارەزووی لە رادە بە دەری منداڵەکانیان بۆ پشکنینی دەوروبەریان تێر بکەن. لێرەدا خۆیان دەخەنە بازنەی ئیسراحەت و مۆبایلەکە دەدەنە دەست منداڵەکە، یان تەلەفزیۆنەکەیان بۆ دادەگیرسێنن، بێ ئاگان لەوەی کە چوار هەستەکانی تری منداڵەکە پەك دەخەن لە پشکنین و دۆزینەوە و ئاشنابوون بە ژینگەی دەوروبەریان دووریان دەخەنەوە و دواتر پەیوەندیی کۆمەڵایەتییان لاواز دەبێت و دەچنە ئەو جیهانەی کە بۆ خۆیان دروستی دەکەن. لێرەوە کێشەکان سەرهەڵدەدەن. تا منداڵەکان تەمەنیان بچووکە دایك و باوك هەست بە بوونی کێشە ناکەن بە بیانووی ئەوەی جارێ بچووکە و گەورە بێت ئاسایی فێر دەبن، بەڵام بەداخەوە کاتێ گەورە دەبن کێشەکان لەگەڵیان گەورە دەبن و تا ئەوان ئەو دکتۆر و ئەو پسپۆر و شارەزا بەسەر دەکەنەوە و دەستنیشانی حاڵەتی منداڵەکە دەکەن، کار لەکار دەترازێت و گەشەی منداڵەکە زیاتر بەرەو دواوە دەچێت. واتە تا دەست بە چارەسەر دەکەن، زۆر دوا دەکەون. کەواتە بەر لە منداڵ هێنانە دونیا پێویستە دایکان و باوکان خۆیان شارەزا، یان ئاشنا بکەن بە چۆنیەتی پەروەردەکردنی منداڵ و دابینکردنی پێداویستییەکانیان لە تەمەنە جیاجیاکان و خۆیان و منداڵەکانیان لە زۆر کێشە بە دوور بگرن.»



بەهار مەحموود:

# تائێستا لە زانکۆ و پەیمانگە حکومییەکان قوتابی نابیست وەرناگیرێت

**بەهار مەحموود محەمەد، لێپرسراوی یەکەی بەشی زمانی ئاماژەیە لە پەیمانگای هیوای نابیستان و سەرۆکی ڕێکخراوی زمانی ئاماژەیە بۆ گەشەپێدانی مرۆیی و ماوەی ٣٥ ساڵە لەگەڵ نابیستان کاردەکات و مامۆستا و هاوڕێیەکی نزیکی نابیستەکانە. دانەری دوو فەرهەنگە سەبارەت بە زمانی ئاماژەی یەکگرتوو، لە خزمەتکردنی کەمئەندامانیدا کاری خۆبەخشی زۆری کردووە، لە ئێستاشدا لێپرسراوی یەکەی بەشی زمانی ئاماژەیە لە پەیمانگای هیوای نابیستان. لەم دیمانەیەشدا لەگەڵ گۆڤاری گوڵان، باس لە چۆنیەتی ئاوێتەبوونی لەگەڵ کەسانی نابیست دەکات و تیشك دەخاتە سەر ئەو گرفتانەی کە ڕووبەڕووی ئەم توێژە دەبنەوە. بەهار مەحموود لە دیدارێکی لەگەڵ گۆڤاری گوڵان باس لە ڕەوشی نابیستان و گرفتەکانیان دەکات.**

**گوڵان: کۆمەڵایەتی**

لە وەڵامی ئەو پرسیارەدا کە ئایا نابیست لە چ تەمەنێك پەیوەندیتان پێوە دەکات و تا چ قۆناغێك لە پەیمانگەکەتان دەمێنێتەوە؟ گوتی: «وەك ئاشکرایە تەنیا لە شاری سلێمانی نزیکەی دوو هەزار نابیست هەن، بەڵام لەساڵی ٢٠١٢ وە تاکو ئێستا هیچ نابیستێك تۆمار نەکراوە، نابیستان لە قۆناغی باخچەی ساوایان تا پۆلی نۆی بنەڕەتی لە پەیمانگەکەمان دەخوێنن، منداڵی ئاسایی لە تەمەنی چوار ساڵی دەچێتە باخچەی ساوایان، بەڵام کەسانی نابیست لە تەمەنی سێ ساڵییەوە دەچنە باخچە، چونکە منداڵی ئاسایی لە چوار ساڵی بەلایەنی کەمەوە کۆمەڵێ وشەی باش فێر بووە، بەڵام منداڵی نابیست تەنیا چەند هێمایەکی کەم لەلایەن ئەندامانی خێزانەکەی بۆ بەڕێکردنی کاری ڕۆژانە فێر بووە. ئێستاش بە خۆشحاڵییەوە ماوەی دوو ساڵە قوتابی نابیست لە پەیمانگەی تەکنیکی کوردستان وەردەگیرێن، تا ئێستا سێ قوتابیمان لەو پەیمانگەیە وەرگیراون، دوو لەوانە یەکەم دوو نابیست بوون لەسەر ئاستی کوردستان و عێراق قۆناغی دیپلۆمیان تەواو کرد، بەڵام بەداخەوە تائێستا لە زانکۆ و پەیمانگە حکومییەکان کار بۆ ئەوە نەکراوە قوتابی نابیست وەربگیرێت، هەرچەندە مامۆستای زمانی ئاماژەیان نەبوو، هەروەها سیستەمی خوێندنیان ئینگلیزی بوو، بەڵام توانییان بە هەوڵ و تێکۆشان قۆناغەکە بە سەرکەوتوویی ببڕن».

ئایا سەرەکیترین کێشەکانی ئەمڕۆی نابیستان چییە و دەبێت چییان بۆ بکرێت؟ لە وەڵامی ئەم پرسیارەدا بەهار مەحموود گوتی: «ئێستا گەورەترین کێشەی نابیستان ئەوەیە کەم کەس لە زمانی ئاماژە تێدەگات و وەرگێڕمان نییە، ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ نەبوونی فەرهەنگێکی زمانی ئاماژەی تێروتەسەل، ئێمە لە هەرێمی کوردستان یەك فەرهەنگمان هەیە کە لە ٢٥٠٠ وشە پێکهاتووە، وەك ئاماژەشم پێ دا، لە دامودەزگاکان و نەخۆشخانەکان و کەناڵەکانی ڕاگەیاندن وەرگێڕمان نییە، هاوکات ئەو مەنهەجەی خوێندن کە بۆ نابیستان دانراوە، بۆ ئەوان گونجاو نییە و پێویستی بە چاکسازی و تازەگەری هەیە».



## گوڵشەن ساڵح:

# بە خانمانی خاوەن پێداویستیی تایبەت دەڵێم لەو گۆشەگیرییە وەرنە دەرەوە

**گوڵشەن ساڵح ناسراو بە گوڵشەنی گوڵفرۆش، کچێکی خاوەن پێداویستیی تایبەتە و دانیشتووی قەزای سەیدسادقە و جەخت لەوە دەکاتەوە کە لە دەستدانی قاچەکانی هیچ کات نەبووەتە بە بەربەست لەبەردەم خەونەکانی و بەمجۆرە باس لە ژیانی ڕۆژانە و ئەزموونی کارکردنی بۆ خوێنەرانی گۆڤاری گوڵان دەکات.**

**گوڵان: کۆمەڵایەتی**

گوڵشەن ساڵح ناسراو بە گوڵشەنی گوڵفرۆش، خانمێکی تەمەن ٢٥ ساڵەی خاوەن پێداویستیی تایبەتە و دانیشتووی قەزای سەید سادقە، وەك خۆی باسی دەكات دوای تەواوكردنی قۆناغی ئامادەیی دەستی بە كاركردن كردووە و ماوەی چوار ساڵە دووكانێكی گوڵفرۆشی بەڕێوە دەبات.

ئەو خاتوونە سەبارەت بە چۆنیەتیی لەدەستدانی قاچەكانی دەڵێت: «چەند ساڵێك بەر لە ئێستا بە هۆی ڕووداوێك قاچەكانم لەدەست دا، ئەویش بە هۆی ڕووداوێكەوە لە ماڵەوە وام لێ هات، لە ماڵی خۆمان ژوورێكمان هەبوو، ڕووخا بەسەرمدا و ئیتر لە وكاتەوە نەمتوانی لەسەر پێیەكانم بوەستم و ڕێ بكەم. لە دوای ئەوە نەمتوانی نە لە ژیان و نە لە خوێندن بەردەوام بم».

ئەو خاتوونە گوڵفرۆشە وەك خۆی باسی كرد، دوای ئەو ڕووداوەی كە بووە هۆی لە دەستدانی قاچەكانی، تا ماوەیەك نائومێد بووە، بەڵام دوای شەش ساڵ بڕیاری داوە: «دووبارە خۆم تێكەڵی ژیان بكەمەوە و دەستم كردەوە بە خوێندن تا ئەو ئاستەی خۆم ویستم كە ١٢ی زانستی بوو». هاوكات دەڵێت: «سپاس بۆ خوا ژیانی منداڵیم وەك هەموو منداڵێكی دیكە سادە و ساكار بوو. لە خێزانێكی مامناوەندیی ئەم شارە بووم. لە ژیانی هەموومان سەختی هەیە، بەلام گرنگ كۆڵنەدان و بەرگەگرتنمانە. كاتێك بڕیارم دا بخوێنم زۆر سەخت بوو. خوێندنگا هەبوو ڕێگەی پێ نەئەدام بخوێنم، خوێندنگاش ئەوپەڕی ئاسانكاری بۆ دەكردم تا كۆڵ نەدەم، منیش كۆڵم نەدا تا ئەو ئاستەی حەزم بوو لە خوێندن بەردەوام بووم». گوتیشی: «بڕوای زۆرم بە تواناكانم هەیە، ئەگەر بڕوام بە تواناكانی خۆم نەبێت، هەوڵ نادەم، بەڵام بڕوام بە خۆم هەبوو، بۆیە هەوڵم دا و ویستم خاوەن كاری خۆم بم».

لە وەڵامی ئەو پرسیارەدا كە زیاتر چ كەسانێك پاڵپشت و هاندەری بوون؟ گوتی: «خێزانەكەم هاوكار و پاڵپشت و هاندەری سەرەكیم بوون بۆ هەر هەنگاوێك كە لە ژیان دەینێم، خۆیشم بڕوام بە ئیرادەی خۆم هەیە».

گوڵشەنی گوڵفرۆش وەك خانمێكی خاوەن پێداویستی تایبەت ئاماژەی بەوە كرد كە «ژنانیش دەتوانن هاوشێوەی پیاوان لە بازاڕی كاردا ڕۆڵیان هەبێت»، جەختی لەوەش كردەوە: «كەسانی خاوەن پێداویستی تایبەتیش لە بەگەڕخستنی تواناكانیان دەتوانن هاوشێوەی كەسانی ئاسایی سوودبەخش بن بۆ كۆمەڵگە».

لە وەڵامی ئەو پرسیارەدا كە چ پەیامێكت بۆ كەسانی خاوەن پێداویستیی تایبەت هەیە؟ گوتی: «لێرەوە بە خانمانی خاوەن پێداویستیی تایبەت دەڵێم لەو گۆشەگیرییە وەرنە دەرەوە با بە كارێكی جوان ژیان جوانتر بكەین».



## چاوان خەلیل بۆ گوڵان:

# هونەری جاران ڕۆحییەتی کارکردنی زیاتر بوو

**چاوان خەلیل لە هەڵەبجە لەدایکبووە، پەیمانگای هونەرەجوانەکان بەشی شانۆی لە هەڵەبجە تەواو کردووە، دواتر بەشی شانۆی لە کۆلێژی هونەرەجوانەکانی زانکۆی سەلاحەدین تەواو کردووە، هەر لە هەولێر دادەنیشێت و کار و پڕۆژە هونەریەکانی ئەنجام دەدات، لە نزیکەوە چەند پرسیارێکمان ئاراستەی کرد، ئەویش بەم شێوەیە وەڵامی پرسیارەکانی گوڵانی دایەوە.**



*** کاتێ باس لە ڕەوشی شانۆی کوردی لە حەفتاکان و هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو دەکرێت، هەست بە چی دەکەیت؟**

- هەموو قۆناغەکانی مێژووی شانۆ بۆ شانۆکار گرنگیی خۆی هەیە، چونکە هەر ڕابردووە کە ئەمڕۆ بەرهەم دەهێنێ بە هەموو باشە و خراپەکانیەوە، بۆیە مێژووی ئەو ڕۆژگارانەی ڕابردوو کە ئێمە مانان نەبووین و تەنیا خوێندوومانەتەوە، یان مامۆستا و هونەرمەندانی بەئەزموونی ئەو ڕۆژگارانە بۆمان باس دەکەن، لەڕاستیدا جیاوازییەکی زۆر بەدی دەکرێ، بەتایبەت لە ڕووی ڕۆحی کارکردنەوە، کە زیاتر لەوەی ئێستە هەیە، ئەو سەردەمە زیاتر کار دەکرا، ئەوجۆرە لە کارکردنیش بەشێکی زۆری دەچووە خانەی بەرگری و هەستی نیشتمانی و دژایەتیی زوڵموزۆری دەسەڵاتێکی وەك حیزبی بەعس، کە خۆی بۆ خۆی شانۆیەکی جەماوەریی دەخولّقان، بەڵام ئەوەی ئێستە هەر گرووپ و دەستەو سەنتەر و تیپێك بەپێی پرەنسیپ و باوەڕی خۆی و بە ستایلی خۆی کار دەکات، ئەمەش دوو

لایەنەیە، لایەنێکیان فرە فۆڕمی و فرە چەشنیمان بۆ دەخوڵقێنێت و، جۆرێك پەرتەوازەیی لە شانۆی نیشتمانیدا بەدی دەکرێت و بە نارِوونی ناونیشانی شانۆکەمان دەڕوات.

*** شانۆی کوردی پێویستی بە چییە بۆ ئەوەی لەو چەقبەستووییەی ئێستا دەر بچێت؟**

- شانۆی کورد چەقی نەبەستووە، ئەوە خودی شانۆکارانە بەگشتی چەقیان بەستووە، چونکە دواجار ئەوە شانۆکارە کە قەیران، یان چەق بەستووەیی بۆ شانۆ دروست دەکات، بە بۆچونی من یەکگرتنی شانۆکاران وەك جۆرێك لە دۆستایەتی شانۆکاران لە چوارچێوەی دیدارێکی فراوانی شانۆیدا رێکخستنەوە بخرێتەوە، رێکخستنەوە بۆ هەموو بەرهەمەکان بکرێت و لە رووی شانۆی نیشتیمانییەوە جۆرێك لە رێنمای و مەرج و پێوەری کولتووری و شارستانی و یاد و یادەوەری دابرێژرێت، تا لە چەند ساڵی ئایندە ئێمەش ببینە خاوەنی شانۆیەکی نەتەوەیی و نیشتمانی.

*** ئایا کۆلێژ و پەیمانگەکان چ رۆڵێکیان هەبووە لە پێشخستنی شانۆی کوردیدا؟**

- لە ئێستەدا بەداخەوە بە زۆرهۆکار و بەشێوەیەکی گشتی، شکستی ناوەندە هونەرییەکان لە رووی رێژەی بەشداریکردنی تاکی نێو کۆمەڵگە، وەك پەیمانگە و کۆلێژەکان بەدی دەکرێت، کە خوازیار خوێندنی هونەر هەڵبژێرێت. لە رابردوو و لە کە ئەم ناوەندانە لە بنەڕەتدا رۆڵی گەورە دەگێرِن لە دروسکردنی کادیری هونەریدا، بەڵام لە رێنمایی و سیاسەتی وەزارەتی پەروەردە و خوێندنی باڵادا پێگەیاندنی مامۆستای هونەر بیرۆکەکەی رووبەڕووی چەندین گرفت بوونەتەوە.

*** ئایا وەك پێویست پشتیوانی لە شانۆکارە لاوەکان دەکرێت؟**

- لەسەرئاستی تاك رەنگە پشتیوانیی چەند کەسێك وەك شانۆکار و گەنج کرابێت، بەڵام بەگشتی شانۆکاران لە ژیانێکی زۆر ناهەموار و نارەحەتدا دەژین، کە زۆرجار بەهۆی بژێوی ژیان و گەڕان و هیلاك بوون، شانۆ و هونەر دەبێتە پلانی دووەم و سێیەم، کە بەداخەوە لە ئێستەدا بەهۆی سەختیی ژیانەوە چەندین شانۆکاری بەتوانا وازیان لە شانۆ هێناوە و، تەنانەت هەشیانە کرێکاری دەکات!

*** وەك شانۆکارێك، پێتوایە جەماوەر پێویستی بە چ جۆرە نمایشێك هەیە؟**

- جەماوەر پێویستی بەوشانۆیە هەیە کە کۆژانەکانی خۆی تێدا ببینێتەوە.

*** زیاتر حەز لە چ رۆڵێك دەکەیت لە شانۆدا؟**

- ئەو رۆڵانەی شانۆ پێت دەبەخشێت، هیچی لە هیچی کەمتر یان زیاتر نییە، بەڵام باشترین و گونجاوترین رۆڵ بۆ من ئەویە کە کارەکتەری خۆم و کارەکتەری شانۆییم بکاتەوە بە یەك، تا بتوانم بە باشترین شێوە و بە دڵ ئەو رۆڵە بگێڕم .

*** ئایا لە بواری شانۆدا ئافرەتانی شانۆکار بە رۆڵی خۆیان هەستاون ؟**

- ئافرەتانی شانۆکاری کورد لە زۆر رووە قوربانین، چونکە مامەڵە و واقیعی کۆمەڵگەی کوردی هێشتا زۆری ماوە بۆ ئەوەی کچانی شانۆکار وەك کوڕانی شانۆکار بتوانن ئازادانەتر مامەڵە بکەن، ئەڵبەت کەمێ پێشکەوتن بەدی دەکرێت، بەڵام لە ئاست پێویستدا نییە، بەداخەوەش بە چەندین هۆکاری کۆمەڵایەتی و خێزانی و دابوونەریتەوە چەندین شانۆکاری ئافرەت لە شانۆ دوور کەوتوونەتەوە.

*** رێچکەشکاندن، یان بوێریی ئافرەتی کورد لە بواری نواندندا لای تۆ چی دەگەیەنێت؟**

- بابەتەکە بوێری و رێچکە شکاندن نییە، چونکە ئەگەر بەو شێوەیە بێت، رەنگە بەشێك لە شانۆکاری ئافرەت ببنە قوربانیی ئەو بوێری و رێچکەشکاندنە، بە رای من ئەوە بابەتی باوەڕ و قەناعەت و خەونی مرۆڤە کە دەیگەیەنێتە ئەو ئاستەی قوربانی بۆ ئامانجەکەی بدات.

*** بەدەستهێنانی خەڵاتی باشترین ئەکتەری کچ لە خولی دووەمی فێستیڤاڵی شانۆی کەرکوك بۆ تۆ چی دەگەیەنێت؟**

- بە راستی منیش یەکێکم لەو هەموو ئافرەتانەی بۆ شانۆ قوربانیم داوە و ماندووبوونم چەشتووە، بۆیە خەڵاتی فێستیڤاڵێکی وەك شانۆی کوردی لە کەرکوك بۆ من نەك هەر جێگەی شانازییە، بگرە جۆرێکە لە ئومێد بۆمن و بۆ زۆر شانۆکاری دیکەی ئەم نیشتمانە.

*** چاوان چ پەیامێکی هەیە کە لە رێگای شانۆوە بیگەیەنێت؟**

- لە شانۆدا باشترین پەیام ئەوەیە کە ئازارەکان پیشان بدرێن و جوانییەکانیش بهێنرێتەوە سەر تەختی شانۆی ژیان.

*** لە نێوان راگەیاندن و سینەما و شانۆ و دراما، کامیان هەڵدەبژێریت و بۆچی؟**

- هەریەکەیان گرنگیی خۆی هەیە، بەڵام من شانۆکارم و شانۆ هەڵدەبژێرم.

*** ئایا هیچ پرۆژەیەکی هونەریت لە بەردەستدایە بۆ ئایندە کاری لەسەر بکەیت؟**

- لە ئێستادا هیچ بەرنامەو پلانێکی کاری نوێم نییە، بەڵام بۆئایندە نازانم چی کارێك دەبێت و چۆن دەبێت.



## کەیت وینسلێت:

# جوانی لە هۆلیوود ئەفسانەیە

کەیت وینسلێت خانمە ئەکتەری ناسراو و پاڵەوانی فیلمی تایتانیك بە راشکاوی باسی جوانی و پیربوونی دەکات و دەڵێت: «جوانی لە هۆلیوود جگە لە ئەفسانە هیچی دیکە نییە».

ئەو خانمە ئەکتەرە تەمەن ٤٥ ساڵە لە چاوپێکەوتنێکیدا لەگەڵ گۆڤاری ڤۆگی بەریتانی دەڵێت: «دەمەوێت بە هەموو ئافرەتان بڵێم کە هەوڵ بدەن ستانداردەکانی جوانکاریی هۆلیوود وەربگرن و شێوەی ئەوانیان هەبێت، جوانیی هۆڵیوۆد ئەفسانەیە، راستگۆیانە تەنیا ئەفسانەیە».

ئەو خانمە ئەکتەرە باسی لە ئەزموونی خۆی کرد لە بواری کاتبەسەربردندا و، ئاشکرای کرد کە ئەو ژنانەی کە بە فەرشی سووری سەرنجڕاکێشدا دەڕۆن، چەندین کاتژمێر لەسەر کورسییەکی ماکیاژ بەسەر دەبەن، کە لەلایەن تیمێکی ماکیاژکارانی پیشەگەرەوە دانراوە، هەروەها چەندین جار لە هەفتەی پێش چالاکییەکەدا چارەسەری جوانترکردنی دەموچاو ئەنجام دەدەن.

کەیت باسی لە گرنگترین شت کرد بەلای ئەوەوە و گوتی: «بۆ من نهێنیی پیربوون لە هەر تەمەنێکدا، لە راستیدا ئەوەیە کە تۆ کێیت و قبوڵکردنی ئەوەیە کە ناتوانین کات بگەڕێینەوە بۆ دواوە، چونکە جوانی لە ناخەوە دێت نەك لە رەخنە لەخۆ گرتن».

وینسلێت ئاماژەی بەوەش کردووە، کە ئەو پێیوایە گرنگیدان بە جەستە، بە خواردنی خۆراکی تەندروست و خواردنەوەی ئاوی زۆر یارمەتیدەرە، بەڵام پێویستە هەموو شتێك بە ئاستێکی مامناوەند ئەنجام بدرێت، ئەو بە گاڵتەجارییەوە گوتی چیتر ناتوانێت خۆی لەوە کار رزگار بکات کە پێشتر ئەنجامی داوە، ئەویش خواردنەوەی زۆری شەرابی سوورە، کە دوای چوار ڕۆژ ئینجا پێستی چاکبووەوە، هەروەها باسی سێ شت دەکات کە ناتوانێت دەستبەرداریان ببێت ئەوانیش هاوسەرەکەی، منداڵەکانی و تا رادەیەك خواردنی پەنیر.

لەلایەکی دیکەوە ئەو خانمە ئەکتەرە ئەوەشی گوتووە کە پێویستە ئافرەتان بە تێپەڕبوونی تەمەن ددان بەخۆدا بگرن و ئارام بن، چونکە هەموو ئەمانە شایانی ئەوەن و هیچ بیرۆکەیەکت نییە، کە لە ناوەڕاستی چلەکانی تەمەندا چەندە سەرقاڵیت.

# کۆمپانیای ئۆپرا:
## سکاڵا لەسەر بەرنامەی پۆدکاست ئۆپێرامیکس تۆمار دەکات



کۆمپانیای ئۆپرا وینفری سکاڵا لەسەر بەرنامەی پۆدکاست کە بە ناوی ئۆپێرامیکس تۆمار دەکات، گوایا کە گوێگران بەلاڕێدا دەبات و پێیان وایە سپۆنسەری کردووە، یان پەسەندی کردووە.

لە سکاڵایەکدا کە لە دادگای فیدراڵیی مانهاتن تۆمار کراوە، خاوەنی کۆمپانیای هارپۆ یگەیاندووە، داوای قازانج لە نووسەرانی بەرنامەکان (کێلی کارتەر-جاکسۆن و لیا رایت-ریگۆر) ناکات، هەروەها نایەوێت پۆدکاستەکە پەخشی بوەستێت، بەڵکو کۆمپانیاکە دەیەوێت ناوەکە بگۆڕێت و، دەڵێت پۆدکاستەکە و ڕووداوە ڕاستەوخۆکانی (ئۆپێرا) و (او) براندەکانی خاوەندارێتی هارپۆ تێك دەدەن و بە هەڵە سوود لەو ناوبانگە باشە وەردەگرن، کە وینفری دەیان ساڵە لە دروستکردنیدا بەسەری بردووە.

ماڵپەڕی (ئۆپێرامیکس) نووسەران جاکسۆن و ریگۆر وەك مێژوونووس و هاوڕێ وەسف دەکات، کە کاردەکەن بۆ ئەوەی ڕۆشنایی بخەنە سەر هەندێك لە بەناوبانگترین ئەڵقەکانی بەرنامەی گفتوگۆی وینفری، باس لە کاریگەرییە کولتوورییەکانی (شاژنە گفتوگۆکان) دەکەن.

لە چاوپێکەوتنێکی مانگی نیساندا لەگەڵ کەناڵی (NPR) ڕیگۆر وینفری بە دامەزراوەیەکی وەسف دەکات، کە لەسەر دوو قاچ دەڕوات، ئاماژەی بەوەش کردووەکە ئەمە ژنێکی ڕەشپێستە لە ساڵانی هەشتاکانی سەدەی ڕابردووەوە زاڵ بووە بەسەر زۆرڕێك لە فەزا و گۆڕەپانەکاندا.

ڕیگۆر لەوبارەیەوە دەڵێت: «وینفر بیانووی نییە لە ڕەخنەی بنیاتنەر، یان هەبوونی تێبینی، یان هەر شتێکی لەو جۆرە، بەڵکو ددانپێدانانێکە بەو دامەزراوەیەی کە ئۆپرا وینفری دەربارەی وێنە و براندی ئۆپرا وینفری بنیاتی ناوە.






# دواڕۆژەکانی بابلۆ
# تێکەڵەیەک لە تەکنیکە شانۆییەکان

## ڕەخنەی شانۆیی

٢–٢



موحسین محەمەد

بۆ گوڵانی نووسیوە

ژمێریار سی هەزار دۆلاری باجەکە بدزێت، دەریا کچێکە بە درۆ خۆی کردووەتە کچی بابلۆ، بۆئەوەی شوو بە ژمێریار بکات، دواتریش دەردەکەوێت، کە کچی شاگولە و، پێشتر خزمەتکار بووە لەماڵی بابلۆدا، ئەویش دەستدرێژیی کردووەتە سەری و کچێکی لێی بووە، گوایە خۆشی ویستووە، ژنە راستەقینەکەی کە ئەمە دەزانێت، ئاسایی وەری دەگرێت و باوەشی بۆ دەکاتەوە و دەیباتە ناو ماڵەکە، ل ەکێشەی کۆمەڵایەتی ڕۆژئاواییدا دوو ژن لە ماڵێکدا قەبوڵکراو نییە، لە کۆمەڵگەی کوردەواریشدا گرێیەکە ناکرێتەوە و ئاڵۆزتر دەبێت، لەبەرئەوەی بونیادی چیرۆکی شانۆگەرییەکە دەقئاوێزان و ئامادەکراوە، ڕەسەن نییە، بۆیە دەکەوێتە ناو هەر چوار بنەماکەی ئەو جۆرە کۆمێدیایە، چیرۆکی شانۆیی ڕسەن پێویستی بە ئامادەکرن، یان دەقئاوێزان نییە. شوان کەریمی دەرهێنەر لە پێناوی نمایشێکی تۆکمە، دەقێکی پڕ لە تێئاخنین کۆدەکاتەوە، بەکەرستەکانی نمایش بونیادی هونەری دادەپۆشێت، لەمەدا زۆر سەرکەوتوو بوو، کوالێتی شانۆگەرییەکەی زۆر بەرزکردەوە. بەداخەوە گوتاری تراژیدیی کۆتایی قارەمانی شانۆگەرییەکە (ڕێشان حەمۆ ) جەستەیەکی دیکە بوو بەسەر بونیادی نمایشەوە، ئەو گوتارە درێژەی بونیادە کۆمێدییەکەی سەرەو ژێر کرد، دەتوانم بڵێم خراپترین تێئاخنین، ئەو بەشە تراژیدییە بوو، کە دەبوایە کورت و پوخت بوایە و، ریتمە کۆمیدییەکەی نەسڕیبایەتەوە، بەڕاستی ڕێشان لە گوتارە تراژیدییەکەدا زۆر ڕاستگۆتر بوو لە ئەدا کۆمیدییەکانی، کە سەرەتاکەی زۆر وشکوبرنگ بوو. بێگومان کە دەقی شانۆیی ئەو هەموو تێئاخنینەی (اقحامات) تێدا بێت، بونیادی نمایش پڕ دەبێت لە تێئاخنین و دروستکاری و زیادەڕۆیی، ئەگەر لە سەرەتای شانۆگەرییەکەوە شۆڕ بینەوە بۆ کۆتایی، لە زۆر شوێن زەقیی زۆری پێوە دیار بوو، بەتایبەتی هەندێ لەو شوێنانەی کە مۆسیقاو گۆرانی کەلێنەکانی پڕ دەکردەوە، لەو سەت خولەکەی نمایشدا زیادەڕۆیی و کاتکوشتنی پێوە دیاربوو، بەتایبەتی ژەنینی جازەکە زۆر بوو، کە دەیویست شارەزایی ئەکتەرەکە لە ژەنینی جازەکەدا زاڵ بکات، کە کاسکەر بوو. لە دیمەنی گەڕان بەدوای شێتەکەدا، خزمەتکارەکە دەبەن، کەچی خۆی هەواڵی داوە کە شێتێك لە ماڵەکەدا هەیە! ئەو گەمە شانۆییە ڕیتمی ململانێیەکەی بەرزکردەوە، هەر کەسەو دەیویست خۆی ڕزگار بکات، کە شێتەکە نییە، شتێکی هونەریی زۆر جوان بوو، بەڵام کەموکووڕیی ئەو دیمەنەش لەوەدا بووە کە دەبوایە پۆلیسێکی نەخۆشخانەیان لەگەڵ بوایە، چونکە هێزی پۆلیس ترسەکە گەرموگوڕ دەکات، لە نێو سەعاتی یەکەمدا کۆمێدیاکە زۆر وشك بوو، بەڵام دواتر بەهۆی کردار و جووڵەی خێرای جانتاکان و هاتنە ناوەوەی چیرۆکی نوێ، بونیادی کۆمیدیاکەی گەرمتر کرد. یەکێك لە خاسیەتەکانی ئەو جۆرە کۆمێدیایە دروستکردنی قەرەباڵغییەکی زۆرە لە بونیادی نمایشدا، لە بابلۆدا ئەمەمان بینی، چەندین چیرۆك و چەندین کەسایەتیی جیاواز زۆر بەخێرایی گرێی نوێیان پێك دەهێنا، لەوانە: لەناکاو داوا لە خزمەتکارەکە دەکرێ ببێتە زاوای بابلۆ، کە بە چەواشە سکی پڕە، بەڵام کابرا لە ڕووداوێکدا لەپیاوەتی کەوتووەو منداڵی نابێت، بۆیە ریسەکە لە بابلۆ دەبێتەوە بە خوری. کە خزمەتکارەکە حەبەکە بۆ بابلۆ دەهێنێت، بەڵام ئەو نایەوێت بیخوات، خزمەتکارەکە لەبەرئەوەی حەبەکەی هەڵپچڕیوە خۆی دەیخوات، ئەوەش زیادەڕۆیی و تێئاخنینێکی دیکە بوو لەو کەسایەتیەدا. گۆڕینەوەی جانتاکان کە گوایە پڕن لە پارە و دواتر دەردەکەوت پڕن لە شڕوشیتاڵ، گەمەی کۆمێدیاکە بوو، لە کۆمێدیادا هەمیشە کەسایەتیی گەمژە هۆکاری دروستبوونی چیرۆك و پێکەنین، بەڵام بۆ کەسێکی وەك بابلۆ لە دواڕۆژەکانی ژیانیدا دەچێتە خانەی دژەیەکی و زیادەڕۆیی کە گرێی سەرەکیی شانۆگەرییەکەیە. ئایا دواڕۆژەکانی کەسێکی سەرکەوتوو ئەوها سەرەوژێر دەبێت؟ نووسەر و دەرهێنەر دەبێ لە ڕەوتی دەق و دەرهێناندا مەنتقییەتی ئەو ڕۆژانەمان نیشان بدات. ژنەکەی بابلۆ زۆر گەنج بوو، کەچی خۆی زۆر گەورتر بوو. بابلۆ لەوبڕوایەدایە، لە دواڕۆژەکانی ژیانیشیدا هەر کەسێکی سەرکەوتووە ونادۆڕێت، بەڵام لەبەرئەوەی هەموو ژیانی فێڵ و خیانەت بووە، دواجار دەڕوخێ و دەیبەن بۆ شێتخانە، ریتمی گێڕانەوە واقعیەکە لە ماڵەکەدا ئەوهای ئاماژە دەکرد. بیرۆکەی سەرەکیی شانۆگەرییەکە کە بە ئەدایەکی هونەری پەسندکراو هەموو شتەکانی داپۆشی. خۆزگە چیرۆکەکە لەسەرەتادا بەو شێوەیە دەبوو: بابلۆ لەماڵەکەیدا گرووپە مۆسیقییەکەی بەکرێ دامەزراندووە تا بیسەلمێنێت کە لەکۆتایی ژیانیدا کەسێکی سەرکەوتووە، ئینجا لێرەوە لە ڕێگەی گرووپە مۆسیقیەکەوە بچێتە ناو ژیانی بابلۆی دەوڵەمەند، لە راستیدا ئەو ئاماژەیە هەبوو، هەمیشە بابلۆ کە لە کێشەیەك ڕزگاری دەبوو، ڕووی دەمی دەکردە موسیقییەکان، باسی بردنەوە و سەرکەوتنی خۆی دەکرد لە تەنگژەکەدا. دیمەنی یەکەم، بوونی ڕۆبەکە کە گوایە بابلۆ لە خەودایە، ڕەنگە هەموو ئەوانەی ڕوودەدەن تەنیا خەونێك بێت، ئەومە سەرەتای شانۆگەرییەکەی وشك کرد، بەڵام ئەگەر هەر لەسەرەتاوە بابلۆ لەگەڵ گرووپە مۆسیقییەکەدا بکەوتبایە ململانێ، وەکو: من ئێوەم بەکرێ گرتووە دەبێ هاوکارم بن، کە کەسێکی سەرکەوتووم، هەرگیز نادۆڕێم، ئەو سەرەتایە زۆر گونجاوتر دەبوو، بەتایبەتی بۆ ئەو شوێنەی کە گوایە کچی بابلۆ سکی پڕە، مۆسیقییەکان لەسەر یەك و خێرا ترس و چاوەڕوانی دەژەنن، بابلۆش بە تووڕەیی ئاوڕدەداتەوە دەڵێت: «دەبەسە زانیمان خەتەرە». دیمەنی کۆتایی تراژیدییەکەی بابلۆ گوایە بەدار لەسەری دراوە، دوچاری نەخۆشیی دەرونی هاتووە، هەموو ئەوەی لە سەرەتاوە نمایشکرا، بووە وەهمێك لە زەینی بابلۆ بە بینینێکی واقیعی، هەڵەیەکی گەورەیە، لەبەرئەوەی مێشکی کەسێك کە زەبرێکی بەردەکەوێت دوچاری نەخۆشیی لەبیرچوونەوەی یادەوەریی دەبێت، نەك نەخۆشی واهیمە، کە هۆکاری خۆیی هەیە، لەوانە بەرزبوونەوەی گوشاری دەروونی نەك زەبر بەهۆی دار، تێکەڵبوونی ئەو دوو بابەتە لەگەڵ بابەتی سەرەتا کە دەڵێت، ئەمە خەوە، ڕەنگە ئەوەی ڕوو دەدات لە شانۆگەریەکەدا خەونێك بێت، جۆرێکە لە تەکنیکی شانۆیی بە مەبەستی گەیشتن بە بینەر و سەرلێشێواندنی بەهەڵەی زانستی، بۆیە شانۆگەرییەکە دەچێتە خانەی بینەر ئەوهای دەوێت، لێرە من مەبەستم کۆمێدیای بازرگانیی گاڵتەجاڕی نییە، بەڵکو کۆمێدیایەکی ئامانجدارە بە تەکنیکە هونەرییەکانی کۆمیدیا. لەدەرفەتێکی دیکەدا، دێمە سەر بابەتی پێوانە نوێیەکانی ئەو شانۆییە لە هەوێردا.

**یەکێك لە خاسیەتەکانی ئەو جۆرە کۆمێدیایە دروستکردنی قەرەباڵغییەکی زۆرە لە بونیادی نمایشدا، لە بابلۆدا ئەمەمان بینی، چەندین چیرۆك و چەندین کەسایەتیی جیاواز زۆر بەخێرایی گرێی نوێیان پێك دەهێنا**

**شانۆگەرییەکە دەچێتە خانەی بینەر ئەوهای دەوێت، لێرە من مەبەستم کۆمێدیای بازرگانیی گاڵتەجاڕی نییە، بەڵکو کۆمێدیایەکی ئامانجدارە بە تەکنیکە هونەرییەکانی کۆمیدیا**

هیمداد جەلال
یاریزانی بۆکسینگ:

# ئەگەر پاڵپشتی بکرێن یاریزانە کوردەکانی خۆمان وەکو شێر بەهێزن



پارێزگای هەولێری هەمووکات پێشەنگ بووە لە گرنگیدان بە یارییە جۆراوجۆرەکان، بەشێك لە یانەکانی شارەکەش گرنگی زۆر بە یارییە تاکەکان دەدەن، بۆ ئەوەی بتوانن بەم یاریزانانە لە پاڵەوانێتییە جیهانییەکاندا ئاست و ئەنجامی گەورە بەدەست بهێنین، یەکێك لە یاریزانە بەتواناکانی شاری هەولێریش (هیمداد جەلال)ـە کە دەیەوێت لە رێگەی بۆکسینگەوە بتوانێ خۆی بگەیەنێتە ئاستێکی بەرز و، بەردەوامی بدات بە ئەنجامە باشەکانی لە سەر ئاستی کوردستان و عێراق و وڵاتە عەرەبییەکانیش، هیمداد لە دایکبووی ساڵی ١٩٩٦ی شاری هەولێرە، جگە لە هۆڵی ئەسپارتە بۆ هیچ یانەیەك یاری نەکردووە، لە نزیکەوە چەند پرسیارێکمان لێ کرد، بەم جۆرە وەڵامی پرسیارەکانی گۆڤاری گوڵانی دایەوە.

دیمانە: کارزان کانەبی



*** بە شێوەیەکی گشتی لە شارەکانی کوردستان ئاستی یاریی کیك بۆکسێنگ چۆن دەبینیت؟**

- ئاستێکی باشی هەیە، پێویستە لە سەر لایەنی بەرپرسی وەرزشی کە گرنگیی زیاتر بەم یارییە بدەن، بۆ ئەوەی بچێتە قۆناغێکی باشتر.

*** کەمیی پاڵەوانێتی تا چەند دەبێتە هۆکار بۆ ئەوەی ئاستی ئەم یارییە بەرەوپێش نەچێت؟**

- تا چەند پاڵەوانێتی زیاتر بکرێتەوە، یاریزان حەزی زیاتر دەبێت و خۆی بە باشی ئامادە دەکات، بۆیە کردنەوەی پاڵەوانێتی بۆ یاریزانان سوود و گرنگیی خۆی هەیە.

***پێت باشە چی بکرێت بۆبەرەوپێشبردنی ئەم یارییە لە کوردستان، بۆ ئەوەی بگاتە ئاستێکی بەرز؟**

-کردنەوەی ئەکادیمیای بۆکسێنگ لە پایتەختی کوردستان لەسەر دەستی باشترین کاپتنی کوردستان، ئەوە دەبێتە هەنگاوێکی باش بۆ ئەوەی ئەم یارییە زیاتر بچێتە پێش.

***گرفتی ئەم یارییە لە چیدا دەبینیت؟**

-کێشەی ئەو یارییە لە کوردستان خەڵکی بە هەڵە لە یاریی بۆکسێنگ تێگەیشتووە، وا دەزانین شەڕە، بۆیە هەموو کەسێك نابێت بە یاریزانی باش و واز دەهێنن.

***چ هەستێکت هەیە کاتێ وەرزشێك دەکەیت هەم شەڕ و وەرزشە؟**

-هەستێکی خۆشم هەیە، بەڵام چونکە مێشك خێرا دەبێت زۆر دڵخۆشم کە یاریزانی بۆکسێنگم.

***بە نیازی چیت بۆ داهاتووی خۆت وەکو یاریزانێك ؟**

- دەمەوێت ببم بە پاڵەوانی جیهانی لە یاری بۆکسینگ، پشتیوان بە خوای گەورە لە داهاتوو شان بە شانی یاریزانانی دەرەوە یاری دەکەم.

***بڕیارت نەداوە قوتابخانەیەکی گەورە بکەیتەوە بۆ ئەم یارییە؟**

- لە ئێستادا نەخێر، چونکە کەم کەس هەیە حەز بەو یارییە بکات بۆیە ئەوە کەمێك قورسە.

***داواکاری و پێشنیارت بۆ لایەنی بەرپرسی وەرزش چییە؟**

- هیوادارم هاوکاریی یاریزانانی کورد بکەین، یاریزانە کوردەکانی خۆمان وەکو شێر بەهێزن ئەگەر پاڵپشتی بکرێن، ئەم یارییە ماوەی چوار ساڵە خەڵکی کوردستان پێ ئاشنا بووە.

***لەگەڵ ئەوەیت یانەکانی کوردستان پشت بە ڕاهێنەرانی بیانی ببەستن؟**

- ئەوە سوودی بۆ ئێمە دەبێت، ڕاهێنەری بیانی پاڵپشتێکە بۆ ئەوەی ئێمەش وەکو یاریزانە بیانییەکان بین.

***خەونی وەرزشیت چییە وەکو ك یاریزانێك؟**

- خەونی من ئەوەیە لە ئۆڵۆمپیاتی جیهانی بەشداری بکەم وەکو یاریزانێکی کورد و ئەنجامی شایستە بە دەست بهێنم.

*** بەهیوای ئەوەنیت هەڵبژاردەی کوردستان دروست بکرێت؟**

- هەموو یاریزانێك حەز دەکات لە هەڵبژاردەی وڵاتەکەی یاری بکات، بۆ ئەوەی بە باشی بتوانێت وەرزشەکەی بکات، لە کوردستان ئەو شتە نییە هەموویان بۆخۆیان و کەسی خۆیان بە کار دە هێنن.

***باشترین ئەنجامەکانت وەکو یاریزان؟**

- بەشداریی پاڵەوانێتیی عێراقیم کردووە و ئاستم باش بووە، لە شاری سلێمانیش بەشداریی پاڵەوانێتی جیهانیم کرد ئەنجامم باش بوو.

***بە چ یاریزانێکی جیهانی سەرسامیت لەم یارییە؟**

-یاریزانی جیهانی زۆرن، بەڵام من بەخۆم سەرسامم، چونکە تایبەتمەندیی خۆم هەیە، هەموو یاریزانێك نییەتی.

***گرێبەستت پێشکەش کراوە لەلایەن یانەکانی دیکە؟**

-نەخێر.

***ئەگەر شتێکت ماوە لە کۆتاییدا؟**


- زۆر سوپاس بۆ گۆڤاری گوڵان، سوپاس بۆ کاپتن عومەر و هۆڵی سپارتە کە هەموو کات پاڵپشتم بوون.

# ویلیان
# روو دەکاتەوە ئەوروپا

ویلیان یاریزانی پێشووی ئەرسێناڵ و چێڵسی رایگەیاند بەهۆی ئەوەی هەڕەشەی کوشتنی لێکراوە گرێبەستەکەی لەگەڵ یانەی کۆرەنتیانزی بەڕازیلی هەڵوەشاندەوە و دەگەڕێتەوە ئەوروپا، کە ئەم یاریزانە ٣٤ساڵیە لە هاوینی رابردوو بە گرێبەستێکی سەربەست رووی لە کۆرەنتیانز کرد، بەپێی سەرچاوەکانیش لە دەرگای یانەی فولهامەوە دەگەڕێتەوە خولی نایابی ئینگلیزی.

ویلیانی بەرازیلی لە لێدوانێکدا، کە لە پێگەی گلۆبۆی بەرازیلی بڵاوبووە دەڵێت: من بە هۆکاری تایبەت گرێبەستەکەم لەگەڵ کۆرەنتیانز هەڵوەشاندەوە، بە دیاریکراوی بەهۆی ئەو هەڕەشانەی لە تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان لەلایەن هاندەرانەوە لەسەرم بوون، تەنانەت هەندێکیان هەڕەشەیان لە منداڵەکانم دەکرد، هەڕەشەکان بەردەوام بوون، هەر جارێک کۆرەنتیانز بدۆڕێ یان بەشێوەیەکی خراپ یاریم بکردبایە لە لایەن کەسانێک رووبەڕووی هەڕەشە دەبوومەوە، تەنانەت خێزانەکەشم بێبەش نەبوون لەو هەڕەشەیەی لێم دەکرا، خێزانەکەم و کچەکانم سەرەتا ترسێندران، دواتر هەڕەشەیان لە دایکم و باوکم و خوشکەکەم دەکرد، بۆیە بڕیارمدا لە کۆرەنتیانز جیاببمەوە.

ویلیان لە یانەی کۆرنتیانزی بەرازیلی پێگەیشتووە، دواتر لە ٢٠٠٧ ئەو یانەیەی جێهێشت و لە دەرگای یانەی شاختار پەیوەندی بە خولەکانی ئەوروپا کرد، دوای ١٤ ساڵ یاریکردن لە خولەکانی ئەوروپا هاوینی ساڵی رابردوو گەڕایەوە یانەی کۆرنتیانز بە ئامانجی ئەوەی کاروانی وەرزشی لەو یانەیە تەواو بکات، بەڵام رێگەیان نەدا و رەنگە جارێکی دیکە بگەڕێتەوە خولەکانی ئەورووپا.







# مانچستەر سیتی یاریزانێکی ئیسپانی گواستەوە

یانەی مانچستەر سیتی بەفەرمی گواستنەوەی سێرخیۆ گۆمێز، یاریزانی لاوی ئیسپانی و یانەی ئەندەرلێختی بەلژیکی بۆ یانەکەی راگەیاند.

مانچستەر سیتی لەسەر ماڵپەری فەرمی خۆی گواستنەوەی یاریزانەکەی راگەیاند و گۆمێزی ٢١ ساڵ، درێسی ژمارە ٢١ـی لە یانەکە وەرگرت.

بەپێی راگەیەندراوی پاڵەوانی خولی نایابی ئینگلیزی، گرێبەستی یاریزانە ئیسپانییەکە بۆ چوار ساڵ دەبێت، تیکسیکی بێگرستاین، بەڕێوەبەری وەرزشیی یانە ئینگلیزییەکە خۆشحاڵی خۆی بە گواستنەوەی یاریزانەکە پێشاندا و گوتی: گۆمێز بەهرەمەندێکی بەتوانایە و دڵخۆشین توانیمان گرێبەستەکەی تەواوبکەین.

یاریزانە ئیسپانییەکە وەرزی رابردوو لە یانەی ئەندەرلێخت لەژێر سەرپەرشتی ڤینسێنت کۆمپانی، کاپتنی پێشووی مانچیستەر سیتی یاری دەکرد و بەشداری لە ٤٩ یاری یانەکەیدا کرد و بووە باشترین یاریزانی وەرز لە یانە ئەندرلەخت.

گۆمێز خەڵکی بەرشلۆنە و دەرچووی ئەکادیمیای لاماسیایە، سەرەتا وەک هێرشبەر یاری دەکرد، بەڵام دواتر بووە بەرگریکاری باڵی چەپ.

# ناکۆکی ئێمپاپێ و نەیمار تەشەنەی کرد

میدیاکانی فەرەنسا بەردەوامن لە ئاشکراکردنی نهێنییەکانی پشت پەردەی تایبەت بە ناکۆکی و ئاڵۆزییەکانی نێوان هەردوو ئەستێرەی پاریس سانت جێرمان، کیلیان ئێمپاپێی فەرەنسی و نەیمار جونیۆری بەرازیلی.

میدیاکانی ئەو وڵاتە ئاشکرایانکرد، کە ئەو کاتەی یانەی پاریس سەرقاڵی نوێکردنەوەی گرێبەستی نەیمار بووە، ئێمپاپێ داوای لە کارگێڕی پاریس سانت جێرمان کردووە دەستبەرداری نەیمار ببن و گرێبەستەکەی نوێ نەکەنەوە.

بە گوێرەی ئەو سەرچاوانە، ئێمپاپێ پێیوایە یاریگاکە تەنیا بەرگەی دوو هێرشبەری سوپەر دەگرێت، دوای هاتنی لیۆنێل میسی بۆ یانەکە لە هاوینی رابردوودا، هەروەها ئاماژە بەوەش دەکەن، کە یاریزانە فەرەنسییەکە لە ماوەی ٥ ساڵی رابردوودا زۆر شت لە نەیمار فێربووە، بەڵام ئەو ئێستا تەنیا سەرنجی لەسەر ئەوەیە، کە لە لیۆنێل میسی فێرببێت.

ناکۆکییەکانی نێوان ئێمپاپێ و نەیمار، بە درەوشانەوەی یاریزانە بەرازیلییەکە لە دوو یاری یەکەمی سەرەتای ئەم وەرزە لەگەڵ یانەی پاریس خراپتر کردووە، هاوڕێیەتییەکی خێرا لە نێوان هەردوو ئەستێرەی پاریس سانت جێرماندا دروستبوو، دوای ئەوەی نەیمار لە هاوینی ٢٠١٧ پەیوەندی بە ریزەکانی تیپەکەوە کرد، بەڵام پەیوەندییەکە لە نێوانیاندا لە ماوەی شەش مانگی یەکەمی ئەمساڵدا رووی لە تێکچوون کرد.

پاریس سانت جێرمان گرێبەستی هەردوو ئەستێرە فەرەنسی و بەرازیلییەکەی تاوەکو هاوینی ٢٠٢٥ نوێکردووە، تەنانەت لە گرێبەستەکەی نەیمار بڕگەیەک هەیە، کە بەشێوەیەکی ئۆتۆماتیکی گرێبەستەکەی تاوەکو هاوینی ٢٠٢٧ درێژ دەبێتەوە، مەگەر خۆی بیەوێت لەو یانەیە بڕوات.



# سەنتەری مەلیک گرنگی بە یاریی شەترەنج دەدات

هەر چەندە تەمەنی سەنتەری مەلیك بۆ یارییەکانی شەترەنج کەمە، بەڵام ئاست و ئەنجامی لە سەر ئاستی عێراقی بەرچاوە، سەنتەری مەلیك لە ساڵی (٢٠١٨) لەلایەن چوار یاریزانی نێودەوڵەتیی یاریی شەترەنج دامەزراوە، ئەم سەنتەرە جگە لە پێگەیاندنی یاریزانان، بەردەوام خول و سمیناری تایبەتیان هەیە بۆ یاریی شەترەنج بۆ شاری هەولێر و، ئەنجامەکانیشیان لە سەر ئاستی عێراقی دڵخۆشکەر بووە، لەم بارەشەوە دانا جەمال یەکێك لە دامەزرێنەرانی سەنتەرەکە بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «ئامانجمان لە دروستکردن و کردنەوەی ئەم سەنتەرە زیاتر خزمەتکردنی یاریی شەترەنجە لە شاری هەولێر، بەردەوامیش خول و سیمیناری تایبەت بەم یارییەمان هەیە، تاکو ئێستا نزیکەی (٤٠٠) کەسمان فێری یاریی شەترەنج کردووە، بەهۆی بوونی چەند مامۆستایەکی بەتوانا و راهێنەری بە ئەزموون و، بوونی پرۆگرامێکی سەرکەوتووی ئەکادیمی بە شێوازی (روسی، پۆڵەندی، ئێرانی) توانیومانە لە کەمترین ماوەدا کۆنترۆڵی خولی عێراقی و کوردستان بکەین، جگە لە ئەنجامە باشەکانیشمان نۆ یاریزانی سەنتەرەکەمان بۆ هەڵبژاردەی عێراقی هەڵبژێردراون و لە داهاتوودا نوێنەرایەتیی عێراقی دەکەن لە سەر ئاستی عەرەبی و ئاسیا و بەردەوام دەبین لە خزمەتکردنی یاریزانانمان، بۆ ئەوەی بتوانین زۆترین خزمەت بگەینن بەم یارییە، رکابەریی یانەکانی کوردستان و عێراقی دەکەین بۆ ئەنجامی باشتر، لە بارەی ئاستی کچانیش دانا جەمال گوتی: «لە ئاستی کچان تاکە نوێنەری کوردستان بوون لە شاری بەغدا و توانیمان پلەی سێیەم بەدەست بهێنین، خۆبەخشانە بەردەوام خول و سیمینارمان کرووەتەوە لە سەر ئاستی زانکۆکانی کوردستان، ئەمە سەرەڕای ئەوەی کە هیچ کەس و لایەنێکیش هاوکارییان نەکردوین لە سەرەتای دامەزراندوە تاکو ئێستا، ئەگەر هاوکاری بکرێن، دەبینە گەورەترین بناغەی پێگەیاندنی یاریی شەترەنج لە عێراق و کوردستان».



# کەرکووک لە چاوەڕوانی گەڕانـــــــ

تیپی تۆپی پێی یانەی وەرزشیی کەرکووك بەر لە رووداوەکانی ١٦ی ئۆکتۆبەر، یەکێك بووە لە یانە بەهێزەکانی نێو خولی نایابی یانەکانی کوردستان، بەڵام لە دوای روداوەکانی دوایی ١٦ی ئۆکتۆبەر و ئاوارەبوونی بەشێکی زۆری ئیدارەی یانەکە بۆ هەولێری پایتەخت، تیپەکە سەرجەم چالاکییەکانی وەستان، ماوەی زیاتر لە ساڵێکە جارێکی دیکە ئیدارەی یانەکە دەستی بە بەشداریکردن لە خولەکانی کوردستان و عێراق کردووەتەوە، ئێستاش یانەکە بەفەرمی نوسراوی بۆ فیدراسیۆنی تۆپی پێی کوردستان کردووە، بۆ گەڕانەوەی یانەکە بۆ خولی نایابی یانەکانی کوردستان و، لە چاوەڕوانی وەڵامی یەکێتییەکەن، لەم بارەشەوە نەوزاد قادر سەرۆکی یانەی وەرزشیی کەرکووك بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «یانەی کەرکووك خۆی ئامادە کردووە بۆ هەموو خول و پاڵەوانێتییەك، بەتایبەتی خولی نایابی یانەکانی کوردستان، بەر لە رووداوەکانی ١٦ی ئۆکتۆبەر کەرکووك یەکێك لە تیپە بەهێزەکانی خولی نایابی کوردستان بوو، کێبڕکێی دەکرد لە سەر پلەی یەکەم، دوای رووداوەکان خۆتان دەزانن باڵاخانەی یانەکە داگیر کرا، ئێستا بە مافی خۆمانی دەزانین بەشدار بینەوە لە خولی نایابی کوردستان، بۆ ئەم مەبەستەش نوسراوێك ئاراستەی یەکێتی تۆپی پێی کوردستان دەکەین، داوای مافی



## ـــــەوەیە بۆ خولی کوردستان

خۆمان دەکەین، لە ئێستاشدا زیاتر لە ١٢ یەکێتیی وەرزشیی کوردستان هەیە، ئەگەر ئەوان قارەمانێتییەکانیان لە ئاستی پێویست بێت، بەشداریی یارییەکانی دیکەیش دەکەین، وەکو یانەی کەرکووك بەشدارییەکانیشمان بەردەوام دەبێت، لە بارەی هاوکارییەکانیش نەوزاد قادر گوتی: «نە لە عێراق لە کوردستانیش کەس بەڵێنی هاوکاریکردنی بە یانەی کەرکووك نەداوە، تا ئەوەی هاوکاریی داراییمان بکەن، کەس هاوکاریی یانەی کەرکووك ناکات، ئێمە پشت بە



خۆمان دەبەستین بۆ سەرجەم خول و پاڵەوانێتییەکان، دڵمان بە هیچ کەسێك خۆش نییە، تەنیا پشت بە خۆمان دەبەستین بۆ ئەوەی بتوانین وەرزشی شاری کەرکووك ببەینە قۆناغێکی دیکە و کەرکووکیش لە ریزی یانە گەورەکانی کوردستان و عێراقی، جارێکی دیکە بدرەوشێتەوە لە سەر ئاستی ناوچەکە.



## زاخۆ بەرازیلیەک دەکاتە راهێنەری تیپی لاوان

دەستەی کارگێڕی یانەی زاخۆ بۆ بەشداری لە هەردوو خولی نایابی عێراقی و کوردستان، لە ئێستادا پلان و بەرنامەی تۆکمەیان داناوە بۆ ئەوەی لە داهاتوودا بتوانن پشت بە یاریزانانی کوردی شارەکەیان ببەستن، بۆ ئەم مەبەستە تیپەکە راهێنەرێکی بەرازیلیی هێناوە بۆ پێگەیاندنی یاریزانانی کورد لە ئاستی لاوان، بۆ ئەم مەبەستەش یانەکە بە فەرمی گرێبەستی لەگەڵ راهێنەی بەرازیلی (پاولۆ ئالڤێس) مۆرکرد، بۆ ئەوەی بۆ سی وەرز سەرپەرشتی تیپی لاوانی یانەی زاخۆ بکات، لەم بارەشەوە بڵند شەفیق سەرۆکی یانەی زاخۆ گوتی: «بەفەرمی گرێبەستمان بۆ سی وەرز لەگەڵ ڕاهێنەری پیشەگەری بەرازیلی پاولۆ ئالڤێس مۆرکردووە، بۆ ئەوەی بتوانین لاوانی زاخۆ پێگەینین، بەر لە دەستبەکاربوونیشمان ئەوەمان ئاشکرا کردبوو کە بەرنامەی ئێمە ئەوەیە یاریزانان دروست بکەین، نەك یاریزانان بکڕین، باشترین بەرنامەش بۆ ئێمە ئەوە بوو کە ئەم راهێنەرە بە ناوبانگە بهێنینە شاری زاخۆ، کە یەکێك لە راهێنەرە بەناوبانگەکان لە سەر ئاستی ناوچەکە، لای هەمووانیش ئاشکرایە تۆپی پێی بەرازیل ناوبانگێکی گەورەی هەیە لەسەر ئاستی جیهان، بەهیوای ئەوەین بتوانین سوودێکی زۆر لەم راهێنەرە و لە ئەزموونی ئەو وەربگرین»، لە بارەی ئەوەی تاچەند متمانەیان بە تتواناکانی ئەم راهێنەرە هەیە، سەرۆکی یانەی زاخۆ گوتی: «ئومێدمان زۆرە لەماوەی ئەم سێ ساڵەدا ئەم راهێنەرە چەندین لاوی زاخۆ دروست بکات، بۆ یاریکردن لە خولی یانەکانی عێراقی، بەرنامەیەکی باشمان هەیە بۆ ئەوەی بتوانین پرۆژەکەمان لەگەڵ پاولۆی راهێنەر سەرکەوتوو بێت، پاولۆ بۆ هەریەك لە یانەکانی پرتۆگێزا و گێرمیو و ساوپاولۆی بەرازیلی و پانینوسی یۆنانی یاریی کردووە، لەگەڵ چەندین یانەی بەناوبانگی بەرازیل لە ئاستەکانی تەمەن کاری کردووە و ئاست و ئەنجامی باشی هەبووە».



# کاریگەرییەکانی تیشکی خۆر لەسەر پێست



پێست سوود لە تیشکی خۆر وەردەگرێت بۆ دروستکردنی ڤیتامین D، بەڵام بەرکەوتنی زیادی پێست بە تیشکی سەرووی وەنەوشەیی UV light کە لە تیشکی خۆردایە، زیان بە پێست دەگەیەنێت، ئەم تیشکە هەموو چینەکانی پێست دەبڕێت و کاریگەریی نەرێنی دەکاتە سەر خانەکانی پێست، بەرکەوتنی پێست بە تیشکی خۆر بە تێپەربوونی کات هۆکارە بۆ: تێکدانی ریشاڵەکانی لاستیکی و کۆلاجینی پێست، کولبوونی پێش شێرپەنجەی پێست Actinic keratosis کە لەوانەیە ببێتە شێرپەنجە، دروستبوونی هێڵ و لۆچبوونی پێست، شۆڕبوونی پێست، فراوانبوونی موولوولە وردەکانی خوێن لەژێر پێستدا، پەیدابوونی پنتی تاریك لە پێستدا، خاڵخاڵبوونی پێست، زەردبوونی رەنگی پێست. توێژینەوەکان ئەمەیان روون کردووەتەوە کە بەرکەوتنی پێست بە تیشکی سەرووی وەنەوشەیی بۆ ماوەی چەند ساڵێك، ئەگەری شێرپەنجەی پێست بە رادەیەکی بەرچاو بەرزدەکاتەوە، هەروەها بەرکەوتنی راستەوخۆ بە تیشکی خۆر لە نێوان کاتژمێر دە ی بەیانی تا چواری پاش نیوەڕۆ، زیاتر زیان بە پێست دەگەیەنێت، چونکە تیشکی سەرووی وەنەوشەیی لە بەرزترین ئاستدا دەبێت لەم کاتانەدا، بەتایبەتی لە وەرزی هاویندا. هەر سێ جۆرەکەی تیشکی سەرووی وەنەوشەیی UVA، UVB، لەگەڵ UVC کاریگەریی نەرێنی دەکەنە سەر DNA ی ناوکی خانەکانی پێست، ئەمەش دەبێتە ئەگەری شێرپەنجە، جگە لە لۆچبوون و لەکەی پێست و خۆربردن، کە زیاتر بە کاریگەریی تیشکی جۆری UVB بەدی دەکرێن.




# بۆچی ڤیتامین B9 زۆر گرنگە بۆ تەندروستیی ئافرەت؟

ڤیتامین B9 کە ناسراوە بە فۆلەیت Folate کە جۆرە سرووشتیەکەیە، یان ترشی فۆلیک Folic acid کە جۆرە دەستکردەکەیە، لە ئاودا دەتوێتەوە، زۆر گرنگە بۆ گەشە و پەرەسەندن لە مرۆڤدا، هەروەها گرنگە بۆ: گەشە و پەرەسەندنی دروستی مێشک و دەمارەکان، جێگیرکردنی مەزاج، خۆپاراستن لە ئەگەری نەخۆشیی دڵ و جەڵتەی مێشک لە ڕێگەی کەمکردنەوەی ئاستی ترشە ئەمینیی هۆمۆسیستین Homocysteine کە ئەگەری نۆرەی دڵ و جەڵتەی مێشک زیاد دەکات، توێژینەوەکان ئاماژەیان بەوە کردووە کە فۆلەیت ڕۆڵی هەیە بۆ هێواشکردنەوەی کرداری بێهێزبوونی تواناکانی مێشک، کە پەیوەستن بە بەساڵاچوون، هەروەها ڤیتامین B9 زۆر گرنگە بۆ ئافرەتی دووگیان، چونکە هانی گەشەی وێڵاش و کۆرپە دەدات و لە سەقەتیی زگماکی دەیپارێزێت، بەتایبەتی سەقەتیی مێشک و بڕبڕەکان، واتە لە ڕێڕەو یان تیوبی سەرەکیی دەماردا Neural tube. سەرچاوە خۆراکییەکانی ڤیتامین B9: سپێناغ، کاهو (خاس) لەگەڵ سەوزە گەڵا تاریکەکانی دیکە، پاقلەمەنییەکان، بڕۆکۆلی، تۆوی گوڵەبەڕۆژە، مۆز، کاڵەک، لیمۆ، کوارگ، جگەر، لەگەڵ دانەوێڵەی تەواو. پێویستە لەسەر ئافرەت، بەتایبەتی ئافرەتی دووگیان کە گرنگیی زۆر بە دابینکردنی ڤیتامین B9 لە خۆراکەوە بدات، ئەگینا پێویستە کە بە شێوەی دەنکۆڵە (حب) بە ڕێنمایی دکتۆر ڕۆژانە وەربگیرێت.

# شەکرە زیادکراوەکان زیانبەخشن

شەکرە زیادکراوەکان Added sugars ئەو جۆرە شەکرانەن کە لەکاتی پرۆسێسکردنی خۆراک، یان پیشەسازیی خۆراک، یان ئامادەکردنیدا دەخرێتە ناو خۆراک، یان شلەمەنیی جیاوازەوە، بۆنموونە: شەکرەکانی سوکرۆز، گلوکۆز، فرکتۆز، لەگەڵ دێکستڕۆز Dextrose. هەروەها لە پیشەسازیی خۆراکدا ناوی دیکەیان هەیە وەك: شیرەی گەنمەشامی Corn syrup، شیرەی قامیشی شەکر، هەنگوین، شەکری قاوەیی، نێکتاری میوە Fruit nectar، دۆشاوی شەکر Molasses، شیرەی جۆ Malt syrup، شیرەی برنج Rice syrup، کەرەمێل، شەکری خاو، مالتۆز، لاکتۆز. شەکرە زیادکراوەکان زۆر جار بە کالۆری بەتاڵ Empty calories ناوزەد دەکرێن، چونکە تەنیا وزە بە لەش دەبەخشن، بێ هیچ ماددەیەکی خۆراکیی گرنگ لە ڤیتامین و کانزا و ریشاڵ و ماددە دژەئۆکسانەکان. ئەو شەکرانەی کە بە شێوەیەکی سرووشتی لە میوە و خۆراکی دیکەدا هەن، هەرگیز بە شەکری زیادکراو هەژمار ناکرێن و، وەکو شەکرە زیادکراوەکان بۆ تەندروستی زیانبەخش نین. زیانە تەندروستییەکانی زیاد خواردنی شەکرە زیادکراوەکان: زیادبوونی ئاستی چەوریی گلیسریدە سیانییەکان کە ئەگەری تووشبوون بە نەخۆشیی دڵ زیاد دەکات، کلۆربوونی ددان، زیادبوونی کێشی لەش و قەڵەوی، نەخۆشیی شەکرەی جۆری دوو، زیادبوونی ڕێژەی چەوری لە جگەردا، هەروەها چەند جۆرێکی شێرپەنجە.



# بایەخی تەندروستیی تەماتە لە هاویندا

تەماتە وزەی کەم لەخۆ دەگرێت، سەرچاوەیەکی باشە بۆ ڤیتامین C، A، K، لەگەڵ پۆتاسیۆم، مەنگەنیز هەروەها ریشاڵ و ماددەی لایکۆپێن Lycopene کە دژەئۆکسانێکی بەهێزە لە گرووپی کارۆتینۆیدەکان Carotenoids و رەنگە سوورەکەی تەماتە پێك دەهێنێت، ئەمە جگە لە لیوتین Lutein و بیتاکارۆتین کە سیفەتی دژەئۆکسانیان هەیە و سوودبەخشن بۆ تەندروستیی چاو. پسپۆڕان جەخت لەسەر خواردنی بڕی باشی تەماتە دەکەنەوە لە وەرزی هاویندا، چونکە رۆڵی هەیە بۆ پاراستنی پێست لە کاریگەرییە نەرێنییەکانی تیشکی بەهێزی خۆر و هاندانی دروستبوونی پرۆتینی کۆلاجین، کە پتەوی و لاستیکی پێست دەپارێزێت. سوودە تەندروستییەکانی دیکەی تەماتە: دابەزاندنی ئاستی کۆلیستیرۆڵی خوێن و کەمکردنەوەی ئەگەری تووشبوون بە نەخۆشیی دڵ، باشترکردنی توانای بینین و پاراستنی چاو لە تووشبوون بە ئاوی سپی و گۆڕانەکانی پەیوەست بە تەمەن، هاندانی تەندروستیی کۆئەندامی هەرس و رێگرتن لە قەبزی، خۆپاراستن لە تووشبوون بە نەخۆشیی شەکرەی جۆری دووەم، خۆپاراستن لە ئەگەری تووشبوون بە چەند جۆرێکی شێرپەنجە، بەتایبەتی شێرپەنجەی پرۆستات، گەدە، هێلکەدان، مەمك، کۆلۆن لەگەڵ شێرپەنجەی سییەکان.





# چای پەستی سووک دەکات!

چای ترشە ئەمینی ل- تیانین L-theanine لەخۆدەگرێت، بەتایبەتی چای سەوز و چای رەش، کە چێژە تایبەتەکەیان پێ دەبەخشێت، ئەم ئاوێتەیە هاندەرە بۆ خاوکردنەوە Relaxation و سووککردنی کاریگەرییە وروژێنەرەکانی ماددەی کافائین Caffeine کە لەناو چایدا هەیە. گەلێك لێکۆڵینەوە جەختیان لە چەندین سوودی تەندروستی ئەم ئاوێتەیە کردووەتەوە وەك: سووککردنی پەستی و سترێس و هاندانی خاوبوونەوەی دەمارەکان، سووککردنی نیشانەکان لە تووشبووان بە نەخۆشیی شیزۆفرینیا Schizophrenia، باشترکردنی ئاستی تەرکیز، کەمکردنەوەی ئاستی کۆلیستیرۆڵ لە خوێندا، بەهێزکردنی سیستمی بەرگریی لەش و کەمکردنەوەی ئاستی هەوکردن لە ڕێڕەوەکانی کۆئەندامی هەرسدا، خۆپارستن لە ئەگەری تووشبوون بە شێرپەنجە و هاندانی کاریگەریی چارەسەری کیمیایی Chemotherapy بۆ زاڵبوون بەسەر شێرپەنجەدا، بەتایبەتی شێرپەنجەی پەنکریاس و هێلکەدان، کۆنترۆڵکردنی پەستانی بەرزی خوێن، بەتایبەتی کە هاوکات دەبێت لەگەڵ سترێسی توندا، لەوانەشە کە هاندەر بێت بۆ باشترکردنی کوالێتیی خەو و کەمکردنەوەی ئەگەری خەوزڕان.





# چۆن رۆژە درێژەکانی هاوین کاریگەری دەکەنە سەر نووستن؟

لەوانەیە کە لە شەوانی وەرزی هاویندا بە ئاسانی نەچیتە خەوەوە، لەوکاتەی کە تا درەنگانی رۆژ هێشتا خۆر بەدەرەوەیە، ئەمەش کاریگەریی دەکاتە سەر سرووشتی نووستنمان، پەرەسەندن مرۆڤی لەسەر ئەوە راهێناوە کە لە کاتی تاریکیدا بخەوێت و لە کاتی رووناکیی رۆژدا هەڵسێت و بکەوێتە جووڵە. لە مانگەکانی وەرزی زستان لەگەڵ رۆژە کورت و شەوە درێژەکاندا، بە شێوەیەکی سرووشتی مەیلی نووستن دەکەین بۆ ماوەیەکی زیاتر، لە هاوینیشدا مەسەلەکە رێك پێچەوانەی زستانە. هەر چەندە رووناکیی رۆژ بۆ ماوەیەکی درێژتر بەردەوام بێت، لەشمان زیاتر مەیلی بەئاگابوون، یان بیداربوونی دەبێت، بەرەو ئێوارە لەگەڵ کزبوونی رووناکی خۆردا، لەش هۆرمۆنی میلاتۆنین Melatonin کە بە هۆرمۆنی خەو، یان هۆرمۆنی تاریکی ناسراوە، بەرهەم دەهێنێت، بەمەبەستی ئامادەبوون بۆ نووستن. لە سەردەمی ئێستاماندا لەگەڵ گۆڕانی دراماتیکیی ژینگە و دەروبەریشدا کە زۆربەی کاتمان لە ژوورەوە، یان ناوماڵ بەسەردەبەین، کە پڕە لە رووناکیی دەستکرد، هێشتا لەشمان هەمان کاردانەوەی هۆرمۆنی بەرانبەر بە رووناکی و تاریکی هەیە. پسپۆڕان لە وەرزی هاویندا رێنمایی زوو خەوتن دەکەن، بەمەبەستی خۆگونجاندن لەگەڵ سووڕی هۆرمۆنی میلاتۆنین و نووستنی تەواو، کە لە دەوروبەری حەوت کاتژمێر بێت.



# مۆنیتۆری پۆرتێبڵ بۆ لاپتۆپ

ئەگەر لاپتۆپێکی بەهێزت هەیە و ئەرك و کارەکەت لەسەر لاپتۆپ، کاری دیزاین و نەخشەسازی یا فیلم و گرافیك یا پرۆگرامسازییە، پێویستت بە شاشەیەك یا دوو شاشەی زیاترە بۆ ئەوەی چۆنییەتی کارەکەت بە باشی ببینی، یان بۆ ئەوەی چەند پرۆگرام پێکەوە بکەیەوە و هەرکام لە پرۆگرامەکان لەسەر شاشەیەك بێت، بۆ ئەم مەبەستە شاشەی جۆری One Trio Monitor باشترین ڕێگا چارەیە. ئەم شاشەیە بۆ لاپتۆپی ١٤ هەتا ١٧ ئینجی دەگونجێت. فوول ئیچ دییە. لە ڕێگای USB یەوە لەگەڵ مۆبایل پەیوەند دەدرێ و هەر لەو ڕێگەیەوەش وەزی پێویست بۆ بەکارهێنانی وەردەگرێ. لەگەڵ سیستەمی ویندۆز، ماك، لینۆکس و کرۆم و ئەندرۆید و نیتندۆ دەگونجێت. هەروەها دەکرێت لەگەڵ مۆبایلیش پەیوەند بدرێت. بۆ هەر چوار دەوری خۆی دەسووڕێت و کێشی کەمە و دەکرێت لەگەڵ لاپتۆپەکەت لە جانتاکەی دابنێی. بۆ هەردوو لایەنی چەپ و ڕاست دەگونجێت.




# سینەما لە چاویلکەدا

لە سەردەمی تەکنەلۆژیای نوێدا، سینەما لە هەموو بوارەکاندا پێشکەوتنێکی بەرچاوی بەخۆوە دی، بەهۆی تەکنەلۆژیای نوێوە تێچووی بەرهەمهێنانی فیلم زۆر کەم بۆوە و لەگەڵ ئەوەشدا پێشکەوتنی وای بەخۆوە دی کە لە ماوەی مێژووی خۆیدا شتی وا کەم وێنە بوو. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هۆڵەکانی سینەما لە زۆربەی وڵاتاندا چۆڵ بوون، سینەما بۆ ناو تیڤی گوازرایەوە.

چاویلکەی Rokid Air AR وایکرد، سینەما نە تەنیا هۆڵی تایبەتی نەبێت، بەڵکو هەمیشە و هەمووکات لەبەر دیدەت بێت. شاشەی بچووکی چاویلکە بەقەد سینەمایەکی ١٢٠ ئینجی فیلم نیشان دەدا، واتە وەك ئەوە وابی لە هۆڵی سینەما دانیشتبێ. شاشەی چاویلکەکە لە جۆری OLEDیە. کێشی چاویلکەکە تەنیا ٨٣ گرامە. لەگەڵ مۆبایل و گشت ئامێرەکانی دیکە پەیوەند دەدرێت. مەودای دید ٤٣ پلەیە. لە ڕێکخستنی نزیك بینی هەتا ٥٠٠ پلە بۆ هەردوو چاو ڕێکدەخرێت.

دوو سپیکەر بە کوالیتی زۆر بەرز لەم لاو ئەولای هەیە. لە ڕێگای کێبڵی HDMI وە بە ئامێرەکان پەیوەند دەدرێت.



# ئامێرێکی بچووک بۆ گەیمی ئەلکترۆنی

کۆنسۆڵی گەیمی دەستی لە جۆری AOKZOE A1 یەکێکە لە باشترین کۆنسۆلە گەیمیەکان. شاشەکەی ٨ ئینجە و لە جۆری IPSە. یەکەی لێکدانەوەی لەجۆری Ryzen 6800Uیە. کارتی گرافێکی زۆر لەسەرێیە و لە جۆری Radeon 680Mیە.

کۆنسۆلە گەیمە دەستییەکان وا دەکات بەکارهێنەر لە هەر شوێنێك بێ و هەرکاتێك بێ گەیمی ئەلکترۆنی بکات، چونکە هەڵگرتنی ئاسانە و پێویستی بە وزەی کارەبا نییە. کۆنسۆلی گەیمی ناوبراو لەگەڵ ویندۆز ١١ گونجاوە. هەموو جۆرە یارییەکی لەسەر دەکرێت. کێشی ئامێرەکە ٦٦٨ گرامە. ئامێرەکە لە شەحنی خێرا سوود وەردەگرێ و بە ماوەیەکی زۆر کەم بارگاوی دەبێتەوە. رامەکەی ١٦ هەتا ٣٢ گیگابایتە. باترییەکەی بۆ ٤٨ کاتژمێر هەتا ٦٥ کاتژمێرە.

# ئامێری دۆزینەوەی دەمارەکان

لە کاتی دەرزی لێداندا یەکێك لە گرفتە سەرەکییەکان بۆ پزیشك و پەرستاران دێتە پێش دۆزینەوەی رەگەکانە. هەندێك کەس دەمارەکانیان دەرناکەون و ئەوەش وا دەکات دەرزی بە هەڵە بڕوات.

لەسەردەمی تەکنەلۆژیای نوێدا دۆزینەوەی دەمارەکان بە ئامێری AccuVein AV500 و هاوشێوەکانی بە ئاسانترین شێوە دەمارەکان دەدۆزرێنەوە. کاتێك ئامێرەکە لە پەنای شوێنی مەبەست رادەگری، تیشکێکی سەوز رەنگ دەکەوێتەسەر شوێنی مەبەست و ئەوکات دەمارەکان بەباشی دەردەکەون.

دۆزینەوەی دەمارەکان تەنیا بۆ کاتی دەرزی لێدان نییە، بەڵکو جار هەیە یەکێك لە دەمارەکان کێشەی بۆ دێتە پێش، بەهۆی ئەو ئامێرەوە دەزاندرێت کام دەمار و لە چ شوێنێك کێشەی بۆ هاتۆتەپێش.

ئامێری AccuVein AV500 سێ دوگمەی هەیە. دەکرێت بەهۆی ئەو دوگمانەوە دەمارەکان بە رەنگی رەش لە تیشکی سەوزدا و پێچەوانەش ببیندرێ و دەکرێت رووناکی تیشکە بە گوێری شوێنەکە بگۆڕدرێ. تایم ئاوتی خۆکاری هەیە کە بۆ دە خولەك هەمیشە بە رووناکی دەمێنێتەوە. لە شاشەیەکی OLED کە بە ئامێرەکەوەیە دەکرێت بە ئاسانی دەمارەکان ببیندرێ.



## درۆنێک بـ

هەرچەند لەو هەرێمەی ئێمە کە باسی درۆن دەکەین، بیرەوەری خۆشمان لەگەڵیدا نییە، چونکە درۆنەکان لێرە مایەی خێر نەبوونە. Drone ئەو فڕۆکە بچووکە بێ فڕۆکەوانەن کە زۆر خزمەتگوزاری گرنگ ئەنجام دەدەن، وەك لە بواری تەلەڤزیۆن و سینەمادا، لە بواری هەواڵنێریدا، لە بواری پزیشکی و تەندروستیدا، لە بواری سەربازیشدا کە هەموو لایەك تەنیا ئەو لایەنەی دەبینن.
درۆنەکان هەمیشە بە هەوادا دەفڕین، بەڵام کۆمپانیای پاوەر





## هەر جارە و وەڵامی پرسیارێک

خوێنەریکی بەڕێز دەپرسێت چۆن ئەپلکەیشن و یارییەکانی مۆبایلی سیستەمی ئەندرۆید ئاپدیت نەبنەوە؟

خوێنەری بەڕێز لەسەرەتادا گوگل پلەی google ply دەکەیەوە، پاشان دەچیە سەر بەشی sitting و دواتر بەشی Net-work preferences دەکەیەوە، دوای ئەوە پەنجەرەیەك دەکرێتەوە و لەو پەنجەرەیەدا بەشی Auto-update apps هەڵبژێرە. دواتر ئەو فەرمانە لێبدە Don't auto-update apps لەسەر ئەم بەشە کلیك بکە. بۆ ئەپدیت نەکردنەوەی یاری یا پرۆگرامێك بچۆ گوگل پلای و لەسەر هێمای یاری یا پرۆگرامەکە کە سێ خاڵی لەسەریەکی تێدایە لێبدە بەشی En-able Auto Update دەستنیشان بکە.

## پرۆگرامێک بۆ گەڕاندنەوەی فایلە سڕاوەکان




زۆر جار هەیە بە هەر هۆکارێك بێت، وەك بوونی ڤایرۆس یا هەڵەیەك، یا بەکارهێنەرێکی ناشارەزای کۆمپیوتەر چەند فایلێکی گرنگت دەسڕێتەوە. بۆ گەڕاندنەوەو هێنانەوەی فایلە سڕاوەکە چەند پرۆگرامێکت بەکارهێناوە، بەڵام سوودیان نەبووە. لەکاتێکی وادا ڕەنگە یەکێك لە پرۆگرامە سەرکەوتووەکانی گەڕاندنەوەی فایلە سڕاوەکان، پرۆگرامی Wise Data Recovery بێت. بەهۆی ئەو پرۆگرامەوە هەرچی سڕاییێتەوە جارێکی دیکە دەگەڕێتەوە. جیاوازی نییە فایلەکەت وێنە بێت، یا مۆسیقی، یا فایلێکی وڕد بەگشتی هەر جۆرە فایلێك بێت دەیگەڕێنێتەوە.
پرۆگرامی ناوبراو دەتوانێت فایلی سڕاوە لە هارددیسکی پۆرتێبڵ، یا فلاش میمۆری یا میمۆری کارت بەگشتی لە هەر شتێك داتای لەسەر تۆمار بکرێ دەیگەڕێنێتەوە.
قەوارەی پرۆگرامەکە کەمە و بەکارهێنانی زۆر ئاسانە.

## ـــــــــۆ راوەماسی

ڤێـژن درۆنێکـی تایبەتـی بەرهـەم هێنـاوە کـە وەك ژێردەریایی دەچێتـە نـاو ئـاو و لەوێدا وێنـە و فیلم هەڵدەگرێتـەوە. درۆنەکە زۆرتر تایبەت بە دۆزینەوەی ئـەو تەرمانەیـە کـە لـە ئـاودا خنکـاون، هەروەهـا بـۆ راوە ماسیشـە. بەکارهێنـەر دەتوانێـت بەهـۆی ئـەوەوە بزانێـت چ شـوێنێك لـە دەریـا یـا رووبارەکـەدا ماسـی زیاتر لێکۆبۆتـەوە. درۆنەکـە تەنانـەت قوڵایـی ئـەو جێگایـەی ماسـییەکەی لێیـە دەستنیشـانی دەکا. کێشـی درۆنەکـە نزیکـەی چوارکیلۆیـە. توانـای وێنەگرتنی بـە کوالیتی 4K هەیـە. هەروەها بە فوول ئیچ دیش فیلم هەڵدەگرێتـەوە. سێ مۆتۆڕی هەیـە و هەتـا چـوار کاتژمێـر پێویسـتی بـە شـەحنکردنەوە نییـە. دوو گڵۆپـی رووناکـی بەهێـزی هەیـە.



## سکانەرێک بۆ سکانکردنی کتێب و گۆڤارەکان

سکاینەر ئامێرێکە بۆ گشت ئەوانەی شارەزای بواری کاری کۆمپیوتەرن و تەنانەت ئەوانەی کاریشیان بە کۆمپیوتەر نییە ئاشنایە. ئامێرێك کە کۆپییەکی سەرکاغەزەکە دەکاتە دیجیتاڵی. کارکرد و جۆری سکاینەرکان جیاوازن. هی وا هەیە ئەوەندە بچووکە بەقەد موبایلێك دەبێت و سکاینەری قەبارە و کێش گەورەش هەیە. ئەو سکاینەرانەی کتێب و گۆڤار واتە بابەتی زۆر پێکەوە سکان دەکەن جیاوازن، بۆ نموونە سکاینەرەکانی جۆری ScanSnap sv600 ئەم سکاینەرە ستایلەکەی جیاوازە، کتێب یا گۆڤارەکەی بە هەر قەوارەیەك بێت واتە تا قەوارەی A3 سکان دەکات. لەگەڵ هەردوو سیستەمی ماك و ویندۆز دەگونجێت، پاشان بە هۆی پرۆگرامێکی تایبەتییەوە لاپەڕە سکانکراوەکان وەسەریەك دەخرێنەوە و رێك دەخرێن و شوێن پەنجەی بەکارهێنەر دەسڕدرێتەوە کە لەکاتی سکانکردندا و لەکاتی هەڵدانەوەی لاپەڕەکاندا دەردەچێت. خێراییان باشە و وردبینیان لەسەرێیە.



### ماڵپەڕێک بۆ دروستکردنی ئیمێلی کاتی

کاتێك نیازت هەیە لە ئینتەرنێتدا بۆ مەبەستێك ناوی خۆت تۆمار بکەی، جا چ بۆ یاری بێ یا کڕین یا سەیرکردنی ماڵپەڕێك و فیلمێك داوای ئەوەت لێدەکا هەژمارێك بکەیەوە و ئیمێلەکەت بنووسی. ئەگەر حەز ناکەی ئیمێلی شەخسی خۆت بنووسی، سەر لە ماڵپەڕی 10minute-mail.com/ بدە، لەو ماڵپەڕەدا بۆ ماوەی دە خولەك ئیمێڵێکت بۆ دەکاتەوە و دوای ئەو دە خولەکە ئۆتۆماتیکی ئیمێلەکە دەسڕێتەوە، دەتوانی کاتەکە زیاتر لەوەش بکەی. بە کردنەوەی ئیمێلی کاتی لە کۆڵ ئەو کێشە ریکلامیانە دەبیەوە کە بەردەوام بۆ ئیمێڵەکەت دێن.



# کلی شل و ئای لاینەر و قەڵەم چاوەکانت

ماکیاژی چاوەکان تا جوان و ناوازە بن، دەبێتە مایەی نیشاندانی گەشیی چاوەکانت، ماکیاژی چاویش بە کەرەستەکانی جوانکاری دەکرێن، ماوەیەکە دەیان جۆرە کەرەستەی ئەو ماکیاژە دەرکەوتوون، ئەمەش وای کردووە ببێتە مایەی دوودڵی و نیگەرانی بۆ خانمان، بە تایبەتی بەکارهێنانی کلی شل و ئای لاینەر و جەلی و قەڵەمی چاو، گۆڤاری (بۆڵد سکای)، تایبەت بە خانمان جیاوازیی نێوان ئەو دوو کەرەستەیەی کردووە و تیایدا هاتووە: پسپۆڕانی ئەو گۆڤارە وایان پێ باشە کە زیاتر کلی شل بەکار بهێنرێت، هەندێکی دیکەش دەڵێن قەڵەمی چاو چاکترە لە کلی شل، بەهۆی زوو لادان و نەڕژانی بەسەر پێستی روخساردا، لایەنە چاکەکانی ئای لاینەریش ڕەنگێکی ڕەشی جوانتر بە هێڵێکی ڕاست دەبەخشێت، کە ئەوەش چاوەکان زیاتر جوانتر دەکات، هەمان کات لایەنی خراپیشی هەیە کە دەبێ ئای لاینەر بە خێرایی بەکار بهێنرێت. سەبارەت بە قەڵەمی چاو، کە لەکاتی لێداندا پێویستی بە وشکبوونەوە نییە، دەتوانیت لە هەموو کات و شوێنێکدا بەکاری بهێنیت، بەڵام خراپیی قەڵەم ئەوەیە کە هێڵی تەواوت بۆ دەستەبەر ناکات و، دەبێت ماوە ماوە بۆ تیژکردنەوەی هێڵی چاو بەکاری بهێنیت، هەروەها زوو دەسڕێتەوە.

# پاککردنەوەی جلوبەرگ بە بێ شووشتن

هەندێ جار حاڵەتی پیسبوونی پۆشاك روو دەدات، كە دەرفەت نابێت بیشۆیت، یان لە گەشت و دەرەوەیت و ناتوانیت بە ئاسانی جلەكەت بشۆیت. پسپۆڕان چەند ڕێنماییەكیان داناوە بۆ ئەو حاڵەتە لە ناكاوە، كە دەتوانیت جلەكان پاك بكەیتەوە، بەبێ ئەوەی بیانشۆیت، سەرەتا بەم هەوڵانە دەست پێ بكە: سەرەتا دەتوانی سوود وەربگریت لە سركەی سپی، كە ئەوەش بە هێنانی گڵاسێك ئاو و سركەی سپی، كە تێكەڵ دەكرێت و پاشان بەسەر ئەو شوێنە دادەكرێت كە پیس بووە، رۆنی بۆن، یان بۆنی پەیت لەگەڵ ئاو تێكەڵ بكە و پاشان بەسەر جلەكەیدا دابكە كە دەتەوێت پاكی بكەیتەوە، بەمەش بە زووترین كات پیسییەكە نامێنێت، ئەگەر لیمۆت دەست كەوت، هەندێك دڵۆپە ئاوی لیمۆ لە ناو گلاسێك بكە و پاشان بە پرژە (بخاخ)، لەو شوێنەی بدە كە پیس بووە. خوێ بۆنی ناخۆشی جلەكان هەڵدەمژێت، بۆ ئەو جلانەی كە بۆنیان بەهۆی شوێنێك،یان شتێكەوە ناخۆش دەبێت، دەتوانیت كیسێك بهێنیت و جلەكە و خوێی خواردنی لە ناو بكەیت، پاشان كیسەكە راهەژێنە و بۆ ماوەی (١٠) خولەك لێگەڕێ، بەم جۆرەش دەبینیت كە بۆنە ناخۆشەكە نامێنێت، هەروەها دەتوانیت لە ڕێگەی تێكەڵەی خوێ و كەمێك ئاو كە هەویرێكی شلەت بۆ دەردەچێت، راستەوخۆ لەو شوێنانەی بدە كە تووشی بۆنی پیس بووەتەوە، دەتوانی بە ڕێگەی فڵچەیەكی تایبەت شوێنەكە پاك بكەیتەوە تاوەكو بۆن و پیسییەكەی بڕوات.



# كایلی جێنەر و گرنگیدان بە جوانیت



وانەكانی جوانی، یان داهێنان لە جوانیدا ڕێگایەكە هەموو كەسێك پێی نازانێت، ئەمە وتەی كچە نمایشكاری ئەمریكی (كایلی جێنەر)ـە، هەروەها دەڵێ: گرنگە بتوانیت لە خۆتەوە داهێنان لە جوانیی جلوبەرگ و گرنگیدان بە جەستە و ماكیاژی تازە و نهێنیی جوانیت بزانیت»، ئەو خانمە پێی وایە لە ڕێگەی هەنگاو و وانەكانی جوانییەوە دەتوانیت ببیتە شازادەیەك، كە بریتییە لە: جوانیی قژت، پێویستە خەوی باش بكەیت و هەروەها ڤیتامینەكانی (A، C)بخۆیت، كە لە نێو رۆنی گوێزی هیندی و هێلكە و شیردا هەیە، هەروەها هەڵبژاردنی ئەو جۆرە كرێم و شامپۆیانەی كە لە ماوەی بەكارهێنانیدا بۆت دەردەكەوێت كامەی لەگەڵ پرچت دەگونجێت، شاردنەوە و ونكردنی وردە خاڵ و زیپكە بە ڕێگەی ماكیاژ هەنگاوێكی گرنگە، هاوكات لە هەڵبژاردنی جلوبەرگداپێوانەی خۆت بە هەند وەربگرە، پێویستە جلەكانت بەپێی قەبارە و جەستەی خۆت بێت، پێچەوانەش دەبێتە هۆی نەشیاوی و تێكدانی جوانیت، لە كۆتاییدا بیرت نەچێت كە خۆپاراستن لە تیشكی خۆر و هەوای وشك و گەرمای بەتین، هەنگاوێكی دیكەیە بۆ جوانیت و زیاتر گەشانەوەت.








# پیاو و ئافرەتێک خولیای شوێنی بەرزن

زۆر کەس لە بەرزایی دەترسن و دەشڵەژێن و ناتوانن بە تەواوی جووڵە بکەن، بەڵام وادیارە ئەو دوو هاوسەرە ئیتاڵییە، تا ئێستا سەردانی زۆرترین شوێنە بەرزەکانی جیهانیان کردووە، نیمیس میرۆی و هاوسەرەکەی رۆ(مانۆ بێنیت)، کە هەردووانیان حەز بە سەرکێشیی سەرکەوتنی شوێنە بەرزەکان دەکەن، نزمترین ئەو شوێنانەی گەشتیان بۆ کردووە بەرزتر بووە لە (٨) هەزار مەتر، گەشتی ئەو دوو هاوسەرە بۆ شوێنە بەرزەکان لە ساڵی (١٩٩٨) دەستی پێ کردووە، تا ئێستا سەردانی (١٤) بەرزترین شوێنیان لە جیهاندا کردووە، دوا گەشتیان بۆ لووتکەچیای (نانجا باربات) بوو، (٨١٢٦) مەتر بەرزە، ئەو زنجیرە وڵاتی پاکستان.



# پەپوولە دیزاین پرۆژەیەکی بچووک و بەسوود







کوڕان و کچانی دەسترەنگین و بەهرەدار زۆرن، کە هەندێکیان پرۆژەی تایبەت بە خۆیان هەیە، یەکێك لەوانە پرۆژەی دیزاینی پەپوولە کە لەلایەن (ئەحمەد حوسێن) هاوسەری دامەزرێنەری پرۆژەکەوە دانراوە، ئەو دوو کەسە وەك دیزاینەرێك کاری ڕێکخستنی باکگراوەندی پشت بووك و زاوا و یادی لەدایکبوون و بۆنە تایبەتی و بچووکەکان ڕێك دەخەن، بیرۆکەکەیان لە دەرەوە و لە کولتووری وڵاتانەوە وەرگرتووە، ئێستا خۆیان ئەو کارە بە کولفەیەکی کەم بۆ خەڵك دەکەن، دیکۆرەکان بە پێی خواستی کەسەکان، یان دیکۆری ئامادەکراو بۆ پشت و شوێنی دانیشتنی بووك و زاوا و ئەوانەی بۆنەکەیان هەیە،ئامادە دەکرێت، خاوەنی پرۆژەی پەپوولەدیزاین دەڵێت: « دەمێك بوو ئەو بیرۆکەیەم هەبوو، ئیتر بڕیارماندا دەست پێ کەین، ئێستا تەنیا خۆم و هاوسەرم کار دەکەین، ئەو دیکۆرەی کە گوڵەکەی ڕەنگی تێکەڵە داوای زۆری لەسەرە و زۆربەی دیکۆرەکان هی خۆمانە، هەروەها دیکۆری بیانیش هەیە، دەربارەی شوێنی دیکۆرەکانیش دەتوانین لە هەم ماڵ هەم دەرەوەش دروستی بکەین، لە داهاتوودا بە پشتیوانی خودای گەورە بیرۆکەم هەیە بۆ کە پرۆژەی گەورەتر لەم جۆرە دیزاینانە».





# جلە سەیرەکانی بووکی هیندستانی

هیندییەکان جگە لەو دونیا سەیر و سەمەرەی هەیانە، هەروەها بەم دواییە کاری تازە و سەیرتریش دەهێننە کایەوە، گرنگترینیان جلە سەیرەکانی بووکە، کە لە دوا نمایشی جلوبەرگی بووکدا چەند جلێکیان نمایش کردووە کە جێگەی سەمەرەیە. نمایشی جلە پایەبەرزەکانی هیندستان لە ژێر ناوی india couture week لە شاری نیودەلهی بەڕێوە چوو، کە زیاتر لە (١٢) دیزاینەری بەناوبانگی ئەو وڵاتەوە بەشدارییان تێدا کردبوو، جلە سەیرەکانی بووکی هیندی، کراوە و ناوك بەدەرەوەن، کە ساڵانە بڕی زیاتر لە ٥٠ ملیار دۆلار بۆ کراسی بووك و دروستکردن و بەکرێدانی سەرف دەکرێت، کراسە سەیرەکانی بووکی هیندی جۆراوجۆرن، یەکێك لە جلە سەیرەکان ئەوەیە کە دیزاینەرێك کراسێکی دروست کردووە کە بە چەندین ڕەنگی جۆراوجۆر ڕازاوەتەوە، لەلایەن نمایشکاری هیندستانی ئانامیکا خانا پۆشراوە.



## کاریکاتێر

باس لە ڕۆڵی دایك دەكات لە پێناو خزمەتکردن و بەخێوکردنی منداڵەکانی، کە ئامادەیە جەستەی خۆی لێبکاتەوە و پێشکەشی منداڵەکانی بکات.



## میوزیک

**کوڕە خۆشەویست — Boyfriend**
یەکێکە لە تراکە تازەکانی کچە گۆرانیبێژی ئەمریکی (دۆڤ ئۆلیڤیا کامیرۆن) کە بە دۆڤ کامیرۆن ناسراوە، لەدایکبووی ساڵی ١٩٩٦ لە ئیسلاندا لەدایکبووە، لە ئەلبوومی Boyfriend بڵاوی کردووەتەوە، لە جۆری پۆپ میوزیکی خێرایە.

# نەخشەی جیهان لەسەر شانەی هەنگ



نەخشەی جیهان ئەو شێوەیە کە هەموومان چاومان پێی کەوتووە، دواجار هونەرمەند و وێنەکێشێکی چینی بە ناوی (ڕین لی)، پرۆژەیەکی بچووکی ئەنجام داوە، کە ئەویش نەخشەی جیهانە بە شانەی هەنگ. ئەو هونەرمەندە دوای ئەوەی پارچەیەکی گەورەی شانەی هەنگی دەست دەکەوێت، کار لەسەر جیاکردنەوە و نەخشەکردنی هێڵ و سنووری وڵاتان دەکات، دواجار سەراپای نەخشەی وڵاتانی جیهانی نەخشاندووە، لە بەشێکی دیکەی کارەکانیدا نەخشەی هەر وڵاتێکی بە جیا نەخشاندووە، وەك ئەوەی هەر وڵاتێك داوای بکات پێی بفرۆشێت، یان پێشکەشی بکات.

## فیلم

## سێزدە ژیان - Thirteen Lives




فیلمێکی دراما و سەرکێشییە، باس لە ئەرکێك دەکات کە لە وڵاتی تایلەند جێبەجێ دەکرێت، ئەوەش دەربارەی گرووپێکە لەگەڵ ڕاهێنەرەکەیان تاوەکو خۆیان لە سیستمی ناوەوەی ئەشکەوتێك دەرباز بکەن، فیلمەکە لە بەریتانیا وێنەی گیراوە لە دەرهێنانی ڕۆن هاوارد، ماوەی فیلمەکە دوو کاتژمێر و ٢٧ خولەکە، لە نواندنی (ڤیگۆ مۆرتینسین، جۆی ئیبگێرتۆن، تۆم باتمان، سوکولاوێت کانارۆت، تیرردۆن سیپاپینجینی، پاوڵ گلیسن)ە.

### کاوڕ ٣/٢١ - ٤/١٩

لە ڕووی پیشەییەوە ئەو کەسانەی ئەمڕۆ دەیانبینیت کاردانەوەی ئەرێنییان بۆ هەر چالاکییەك هەیە کە ئەنجامی دەدەیت، وا هەست دەکەیت کە زیاتر پەیوەندییەکی هاوڕێیەتیتان لەگەڵتدا هەیە، لە ڕووی سۆزدارییەوە متمانەی هاوسۆزەکەت لەدەست مەدە، هێندەش لەخۆڕازی مەبە کە پێت وابێت تەنیا بیرکردنەوەکانی خۆت ڕاستن.

### گا ٤/٢٠ - ٥/٢٠

لەڕوی پیشەییەوە گۆڕانکاری لە شێوازی ڕەفتارتدا بکە، لە پاڵ کارکەشتدا دروستکردنی پەیوەندییەکی پتەو لەگەڵ هاوپیشەکانت گرنگە، لە ڕوی سۆزدارییەوە ئەگەر کێشەیەکت هەیە، کاربکە بۆ گەڕانەوەی خۆشەویستەکەت، ڕێگە مەدە کێشە بچوکەکان لە یەکترتان دوور بخاتەوە.

### جمک ٥/٢١ - ٦/٢٠

لە ڕووی پیشەییەوە هاوکاریی کەسانی دیکە بکە و تەنیا بیر لە خۆت مەکەرەوە، لە ڕووی سۆزدارییەوە خۆت مەخەرە ژێر کاریگەریی قسەی کەسانی دیکە، تەنیا خۆت دەزانیت چی بۆ ژیانی خۆت باشترینە، لە ڕووی تەندروستییەوە خواردنەوەی ئاو پشتگوێ مەخە و زیاتر گرنگی بە وەرزش بدە.

### قرژاڵ ٦/٢١ - ٧/٢٢

ئەگەرچی کارکردن مایەی ئاسوودەیی ژیانە، بەڵام خێزانەکەت و هاوڕێکانت پشتگوێ مەخە، هەوڵ بدە هاوسەنگی لە نێوان پیشەکەت و ژیانی تایبەتیتدا ڕابگرە، لە ڕووی سۆزدارییەوە خۆشەویستەکەت پێویستی بە گرنگیپێدانی زیاتر هەیە، پشتگوێی مەخە.

### شێر ٧/٢٣ - ٨/٢٢

لەلایەنی پیشەییەوە باشترینی خۆت پێشکەش دەکەیت، ئەم ماوەیە باشترە چاوت لەسەر ئەو کەسانە بێت کە لە چواردەورت کاردەکەن، وریابە، هەمو کەسێك بە ڕاستی دڵسۆزی تۆ نییە، بۆ ئارامیی دەروونت کاتێکی خۆش لەگەڵ خێزانەکەت بەسەر ببە و چێژ لە کاتەکان وەربگرە.

### گوڵەگەنم ٨/٢٣ - ٩/٢٢

تەنیا گرنگی بە تەندروستی جەستەت مەدە، بەڵکو دەروونیشت پشتگوێ مەخە، وریا بە، ڕەنگە باری دەروونیت کاریگەریی ڕاستەخۆی لەسەر جەستەت هەبێت، لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە بە ڕێزەوە مامەڵە لەگەڵ کەسانی دیکە بکە، دووەپەرێز مەبە و بازنەی هاوڕێیەتیت فراوان بکە، باشترە زیاتر پێزانینت بۆ ڕێزی دەوروبەرەکت هبێت.

## بۆ زانیاریت

### دەست لەسەری منداڵ مەدە




لەوانەیە زۆربەمان کاتێك لە منداڵێکی تازە لەدایکبوو نزیك بووبینەوە، پێمان گوتراوە دەست لەسەری مەدە، خراپە، یان ئاگاداری سەری بە، کەللە سەری هەموو مرۆڤێکی پێگەیشتووی تەندروست لە چەند بەشێکی پێکەوەبەستراو پێك دێت و مێشك دەپارێزێت، بەڵام منداڵی تازە لەدایکبوو هێشتا ئێسکەکانی سەری پێکەوە نەبستراون و، دەکرێت بە ئاسانی زەبر بەر مێشکی بکەوێت، بەڵام دواتر بەتێپەڕبوونی کات و تا تەمەنی نزیك ساڵ و نیوێك، بە تەواوی پێکەوە دەبەسترێن و پتەو دەبێت.

## یاسا




### مافی دایکایەتی

نەبوونی توانای بەخێوکردن و پەروەردە و چاودێریی منداڵ لە لایەن دایکەوە لە کاتێکدا کە دایکەکە عەقڵی تەواو نەبێت و تەمەنی گونجاوی نەبێت، تووشبوونی دایك بە نەخۆشیی دەروونی، یان گوازراوە، کە مەترسییە بۆ سەر منداڵ، بڕیاردان لە سەر دایکەکە بە ئەنجامدانی تاوانێك کە شەرەف بگرێتەوە و ببێتە مایەی زەرەر بۆ منداڵەکە، دووبارە هاوسەرگیریی دایك لەگەڵ کەسێکی بێگانە کە کەسەکە ڕەتی بکاتەوە منداڵەکە بەخێو بکات و بەڵێن نەدات، کاتێك دایکەکە سەفەر بە منداڵەکە بکات بۆ دەرەوەی عێراق بە بێ وەرگرتنی ڕەزامەندی، بۆ ئەم بارودۆخانە بڕیارێکی تەمیزیە دەڵێت : «چونکە نەسەلمێنراوە کە دایکەکە مەرجێك لە مەرجەکانی دایەنیی لەدەست داوە، بۆیە مافی دایەنیی دەمێنێت، هەرچەندە بە نووسراویش تەنازولی لە مافەکەی خۆی کردبێت پێشتر، چونکە بابەتی دایەنی پەیوەندیی بە بەرژەوندیی منداڵەوە هەیە».



## پەند و وتە

جان پۆل سارتەر، فەیلەسووف و ڕۆماننووس و نووسەری شانۆیی فەرەنسی، لە ساڵی ١٩٠٥ لە پاریس لە فەرەنسا لەدایکبووە، لە ساڵی ١٩٨٠ لە پاریس کۆچی دوایی کردووە، دەربارەی ژیان دەڵێت: «هەموو زانیاری و بەڵگەیەکمان لەسەر ژیان کۆ کردەوە و زانیمان، تەنیا ئەوە نەبێت کە نازانین چۆن و بۆچی بژین».



## یاری وێنە

لەم وێنەیەدا کە زۆر ڕوون نییە، ئۆتۆمبێلێك هەیە، هەوڵ بدە لە ماوەی کەمتر لە خولەکێکدا ئۆتۆمبێلەکە بدۆزیتەوە.

### گۆزە ١/٢٠ - ٢/١٨

لە ڕووی پیشەییەوە کارەکانت ڕێك بخەرەوە، لە یەك کاتدا سەرقاڵی چەند پرۆژەیەك مەبە، باشترە کار لەسەر یەك پرۆژەی گەورە بکەیت، بۆئەوەی سەرکەوتنی تێدا بەدەست بهێنیت، لە ڕووی تەندروستییەوە خواردنەوەی ئاو پشتگوێ مەخە، دڵسۆزیی کەسانی دەوروبەرت بە هەند وەربگرە و لە دڵسۆزییان دڵنیا بە.

### نەهەنگ ٢/١٩ - ٣/٢٠

لە ڕووی پیشەییەوە کارەکانت بۆ ئاسانتر دەبن، لە بیری مەکە کە سەرنجت لەسەر ئامانجەکەت بێت، لە ئیستادا پەیوەندیی سۆزداریت جێگیرە، لە ڕووی تەندروستییەوە بەرەو باشی دەڕۆیت ئەگەر سیستمی خۆراکیت ڕێك بخەیت، بەر لەوەی کێشەت بۆ دروست ببێت، خۆت لە چەوری و خواردنەوە گازییەکان بەدوور بگرە.

### شایان ٩/٢٣ - ١٠/٢٢

لە ڕووی پیشەییەوە لە ناوەڕاستی گرفتەکاندایت و پێویستت بە چارەسەر هەیە، باشترە هەنگاوەکانت بە بێ ڕاوێژکردن نەنێیت، لە ڕووی سۆزدارییەوە خۆت مەخەرە ژێر فشارێکی زۆرەوە کە توانای بەرگەگرتنیت نەبێت، لە ئێستادا تەندروستیت جێگیرە، زیاتر گرنگی بە وەرزش بدە و ژەمەکانی خواردنت ڕێك بخەرەوە.

### دووپشک ١٠/٢٣ - ١١/٢١


هەرشتێك کە تۆ بەشێك بیت لێی بە باشی کۆتایی دێت، بەتایبەتی لە ڕووی پیشەییەوە، هەربۆیە مەترسە لەو بەربەستانەی کە لە سەرەتای کارەکانەوە دێنە پێشت، کەسانی چواردەورت خۆشیان دەوێیت و گرنگیت پێ دەدەن،باشترە ئەم متمانەیە لەدەست نەدەیت، لە ڕووی تەندروستییەوە لە خواردنی چەور دوربکەوەرەوە.


### کەوان ١١/٢٢ - ١٢/٢١

چاوەڕێ مەکە هەموو کاتێك لەلایەن خاوەن کارەکەتەوە ستایش بکرێیت، باشترە کەمێك زیاتر واقیع بین بیت، بەشێکی زۆر لە پلانەکان بەو شێوەیە ناڕۆن بەڕێوە کە خۆت پلانت بۆی داناوە، با بڕوات بە خۆت هەبێت ئەم دۆخە نیگەرانت نەکات، چونکە بە زویی شتەکان ڕێڕەوی خۆیان وەردەگرن و نەهامەتییەکان کۆتاییان دێت.

### گیسک ١٢/٢٢ - ١/١٩


هەمو پەیوەندییەك ڕەت مەکەرەوە کە دێتە ژیانتەوە، باشترە چاوکراوە بیت و ژیرانەتر بڕیار بدەیت، لە ڕووی تەندروستییەوە ڕەنگە بکەویتە دۆخێکی سەختەوە، باشترە وریای خۆت بیت و خواردنی تەندروست بخۆیت، بۆ تەندروستییەکی باشتر وەرزش پشتگوێ مەخە و، ڕێنماییەکانی دکتۆر وەك خۆیان جێبەجێ بکە.




بۆ دابەزاندنی ئەپلیکەیشنی گوڵان میدیا بۆ پلاتفۆری (ئای ئۆ ئێس) لەسەر ئەم لینکەی خوارەوە کلیک بکە:
https://apps.apple.com/us/app/gulan-media/id1586050534#?platform=iphone

## ئێستا دەتوانی ئەپلیکەیشنی گوڵان میدیا
## بۆ هەریەکە لە پلاتفۆری (ئای ئۆ ئێس) و
## (ئەندرۆید) دابەزێنی بۆ ئەوەی سوودمەند بی لە
## دواین هەواڵ و زانیارییەکان




بۆ دابەزاندنی ئەپلیکەیشنی گوڵان میدیا بۆ پلاتفۆری (ئەندرۆید) لەسەر ئەم لینکەی خوارەوە کلیک بکە:
https://play.google.com/store/apps/details?id=com.gulan.media




www.gulanmedia.com

Gulan Weekly August 22, 2022 Issue,No.1329


# TimeNet Company.Ltd

time net
Network expertise

TimeNet Company specialises in IT, ICT, Croporation Computerizing and Implementation of Networking across Kurdistan and Iraq

Our Company provides:

Dedicated Internet Services
VSAT
..........Copper Wired Networking
.............Wireless Networking
.............Fiber Optic Networking
VoIP Video Streamnig
VPNs
CCTV Cameras
Electronic Door

کۆمپانیای تایم نێت شارەزاین لە تەکنەلۆژیای زانیاری و
بە کۆمپیوتەر کردنی کۆمپانیا و ڕێکخراوەکان بە گوێرەی ئیش و کارەکانیان.

خزمەتگوزاریەکانمان:

گەیاندنی ئینتەرنێت بە ڕێگای... Dedicated و VSAT
دامەزراندنی تۆڕ بە
..... تەلی مس
..... بێ تەل
..... فایبر ئۆپتیک

دامەزراندنی دەنگ و ڤیدیۆ بەڕێی ئینتەرنێت
دامەزراندنی تۆڕی راستەقینە تایبەت
دامەزراندنی سیستەمی چاودێری کامێرا
دامەزراندنی سیستەمی دەرگای ئەلیکترۆنی

Tel : +964 750 380 7676
: +964 750 710 0782

sales@time-net.net
www.time-net.net

Erbil, Ankawa, Iraq
Khabat Street - Karez Districit 240/1/626